PDF4Kurd

## ناسنامەی کتێب

---

**ناوی کتێب:** رومێئو و ژوولیت

**بابەت:** شانۆنامە

**نڤیسکار:** ڤیلیام شێکسپیر

**وەرگێڕ:** زانیار عۆمرانی

وێڕای سپاس و پێزانینێکی تایبەتی بۆ:

هەڤاڵی یاریدەرم کاک **مەسعوود بینەندە** و **بنەماڵەی ڕێزدارم**،

وەرگێڕانی ئەم دەقە پێشکەش دەکەم بە

**گشت ئەڤیندارانی قوربانی سنوورگەلی بیرۆکەکان**

بەهاری ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی

باژێڕی یەزد

## ناوەرۆک                                    لاپەڕە


پێشەکی وەرگێڕ ........................................................................................ 5

بەرایی ........................................................................................................ 8

چۆنیەتی خوێندنەوە و بەڕێوبردنی شانۆکە .................................................... 10

پاڵەوانانی بەشداربووی شانۆکە ........................................................................ 11

پەردەی یەکەم (کەپیولیتەکان و مۆنتاگیوکان) ............................................... 13

پەردەی دووهەم ( پلانەکانی سەرگرتنی زەماوند) ........................................... 27

پەردەی سێهەم (کۆشتن و شاربەدەرکردن) ................................................... 42

پەردەی چوارەم ( خۆشبۆنترین گوڵ) ............................................................ 60

پەردەی پێنجەم ( مەرگ لە گومبەت) ............................................................ 70

وشەدان ....................................................................................................... 82

# پێشەکی وەرگێڕ:

**ئەڤین** دەرد و ژان و مەینەتە، بەڵام لێبێبەشبوون مەرگە! **ڤیلیام شێکسپیر**

کاتێک خەریکی خوێندنەوەی دەقی کۆرتکراوی **"رومێئو و ژوولیت"**؛ بەرهەمی هەڵبەستڤان و شانۆنووسی گەورەی وێژەیی زمانی ئینگلیزی بووم، ئەوە هاتەبیرم بۆ وەرگێڕانێکی بەسەر زمانی کوردی بەئەنجام نەگات؟ لێ، بۆ خۆم ئاگاداریم لەوە نیە ئایا تا ئێستە ئاوەها کارێک کراوێ یان نا! و بەداخەوە، ئەمەش یەکلە هێیاگەلی نارێکوپێکیتی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان رێکخراوەگەلی چاپەمەنی و روشنبیری کوردیە.

بەر لەهەموو تشتێک، باشترواپە هەندێک لەسەر مێژوو و پێناسەی شانۆدا بدوین؛ شانۆ لەزمانی بنەڕەتی خۆیدا **"تە-ئاتر"** ناویەتی و وشەیەکی یونانییە کوو **"جێدیتن"** مانا ئەدا. سەردەمی سەرهەڵهێنانی شانۆ بۆ پێنج سەدەی پێشزایینی دەگەڕێتەوە و مەڵبەندەکەشی ئاتەن و ڕووم بووە کە پاشان لەبەرهەمگەلی سەدەکانی ووستا، رنێسانس و دواییش لە-دەڤەری نوێ ئەوروپادا، درێژەی بەکاری خۆیدا. مەبەست لەشانۆ، کۆڕێک یان سیستمێکی پلانڕێژاوی هونەرییە کوو پێشهەموو تشتێک پێداویستی بە**تێکست** یان **سناریۆ** و **کارگێڕ** و **بەرهەمهێنەرە** و هەروەها ئەکتەری، پەیکە-رتراشی، موسیقا، بێژەری، دەنگ و نوور، وێنەگری، ئارشیتێکت و هتد بەخۆوە دەگرێت.

دەڵێن لەمێژە، مرۆڤ بەهەڵپەرین و جووڵانەوە خۆی سەرقاڵ دەکرد تاکوو هێزە نەناسراوەکانی سرووشت بدۆڕێنێ و ئەمەش بۆخۆی ئاسایی‌ترین شێوەی شانۆ بووە. لەشروڤەدانی ئەم باسەدا، **بێرنارد بکێرمەن** دەبێژێ: شانۆ وەختاێک دێتە ڕوودان یەک یان چەند کەس لەشوێنکاتێکی دیاریکراودا، خۆیان بۆ دیتران بخەنە ڕوو. ئەگەر ئەم پێناسەیەمان بەم پانوپۆڕییەوە پەسەند ببێت، ئەوە بەسەرمان دەسەلمێنێ کە شانۆ لەسەردەمی ئادەم‌وحەوادا و لەئاکامی حەزکردنی مرۆڤ بۆ چیرۆکگێڕانەوە، بوونی بووە و ناوەناوە پەرەی پێدراوە و گەشەی سەندووە. بەڵگە نەویستە ئەوەیکە دە-نێوان شانۆ و ئایین‌دا، لەمێژە پەیوەندییەکی گرێەسراوی قووڵ هەبووە و بۆ بەڕاس‌هێنانی ئەم پەیڤەمان، ئاماژاندن بە شانۆی **"ئۆستوورەی ئۆساریس و ئیسەسی"** کۆن کە لە سەروبەندی 2500 ساڵ پێش‌لەزایین بەڕێوە چووبوو، هۆیەکی بیانووبڕە.

یونانیگەل بەخۆماندووکردن لەسەر جۆرەکانی شانۆ وەکوو تراژێدی و کۆمێدی، توانیویانە پێنگاڤ بەرەو ڕەخنەیی دراماتیک بهاوێژن و بەبۆچوونی گەلێک پسپۆڕ و لێزانی ئەم‌بوارە، شانۆنامەی **"پرۆمتە لە بەند"** نووسراوەی ئاشیل، لەو تاقمە تراژێدیانە دێتە ئەژمار کە گشت خاڵگەلی شانۆنامەیەکی تیکسڕماوی تێدا بەدی‌دەکرێ. ئەم شانۆنامەیە، پێنج-سەدەی پێش لەزایین نووسراوە و چیرۆکی کەڵەپیاوێک بەناوی پرۆمتە دەگێڕێنێتەوە کە ناکۆکی و تەنگژەی لەتەک زێئوس؛ خودای‌خودایان، دەیکێشێتە بەند و یەخسیر دەبێ، بەڵام قەدقەد سەری شۆڕبوون و دابەزین داناخات...

هەروەها ''**سۆفۆكل**'' ناوێک لە یونان ژیاوە کە بیرمەندانی ئەدەبیات و شانۆ، دوای شێکسپیر بەمەزنترین درامانووسی دەزانن و بەخستنەڕووی تراژێدیە نەمرەکەی، واتە ''**ئانتیگۆنە**'' بەساڵی 420ی پێش‌زایینی و لەتەمەنی 75ساڵاندا، بە داهێنەری ستایل و شێوازێکی نوێ دەناسرێت. ''**ئۆریپید**''ش یەک لەو دەرکەوتەگەلی هێشوی پڕبەری شانۆنووسی وڵاتی یونانە کە خولقێنەری شین‌نامەی ''**میدیا**''یە. هەڵبەت دەبێ ڕۆڵی بەرچاوی هیندمان لەم بوارە وەبیر نەچێ؛ بۆ -وێنە ''**شاکۆنتالا**'' بەرهەمی زێڕینی ''**کالی‌داسا**'' کە نێوان سەدەگەلی سێهەم تا شەشەمی پاش‌زایینی‌دا نووسراوە.

بۆ ئەوانەی کاری شانۆ دەکەن، ''**بن جانسۆن**'' ناوێکی ناسیاوە و بێ‌درەنگ شانۆنامە کۆمێدی-ڕەخنەگەرانەکەی دە-هێنێنە پێشچاویان؛ **''هەر مرۆڤێک دیلی مەزاجی خۆیەتی''** کە هاوکاتی ژیان بەسەربردنی شێکسپیر، هۆنراوەتەوە. لە ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتینیشدا، دەتوانین ئاماژە بە **''حەقیقەتی گۆمان‌لێکراو''** هەوێنی هزر و ڕامانی **''خوان-ڕوئیز-دۆئالارکۆن''** بکەین کە بەرهەمێکی ئێسپانیایی-مێکزیکییە و بەساڵی 1628ی زایینی‌یەوە خرایە سەر نووکی پێنووس.

**''پیێر کۆرنی**''ی فرەنسەوی بۆ یەکەم‌جار شانۆیەکی شین‌نامە-ئەویندارانەی لەژێر ناوی ''**ئێل‌سید**'' بەساڵی 1636وە بەسەر پەردە برد و لەمێژووی شانۆی ئەم وڵاتەدا ''**قرچۆک**'' بەرهەمی ''**مولیر**'' ڕەنگدانەوەیەکی ناوێنەی بە-جێهێشتووە.

**''مرۆڤگەلی عالەمگیری ڕوسوم''** شانۆنامەیەکی ڕەخنەیی-جڤاکی، نووسراوەی **''کارل چاپک''** کە ئەدەبیاتی چک شانازی پێ‌دەکا، بۆ یەکەم‌جار لەساڵی 1920دا پیشان درا و پاش ساڵێکیش وەک دەقێکی نووسراو کەوتە بەر دیدەی خوێنەران.

ئیرلەند لەگشت بوارێکی پەیوەست بە ئەدەبەوە زلهێزێکی ناوداری ئاراستە کردووە و لەشانۆشدا باس لەسەر شانۆنامەیلی فەلسەفەیی **''گەڕانەوە بۆ متوشلَخ''** و **''چاوەنواڕی بۆ گودو''** هەریەک بەرهەمی **''جۆرج بێرنارد شاو''** و **''سامۆئێل بێکت''** دێتە گوڕێ.

دەسپێکەری شۆڕشی پیشەیی لە ئۆروپادا، ڕۆڵێکی شازی لە گەشەپێدانی شانۆدا گێڕاندووە، چوونکە هەروا دەزانین گەر بیری ڕەخنەگەرانە لەهەر کۆمەڵگایەکدا بپشکوێ، لەوێدا دەرکەوتەگەلێکی بایەخدار دێتە بەرهەم و شۆڕشی پیشەیی دنیای خۆرئاوا ئەم هەلەی ڕەخساندبوو. لەدنیای ڕۆژهەڵاتیشدا دەتوانین هێما بەرین بۆ درامای **سەنسکریتی** کۆن لە هیندستان(هەزار ساڵ پێش زایینی مەسیح)، شێوازی **کابوکی** لە ژاپۆن و هەروها **تەعزیەی** شیعەکان لە دنیای ئیسلامیشدا لەوانەیە. بۆ دەستنیشان کردنی شانۆیەک پێویستە ئەم بۆچوونەی خوارەوەی ئەرەستوو سەبارەت بە دۆزینەوەی شەش خاڵی پێویست لە پێکهاتنی شانۆیەک ڕچاو بکەین:

1- **کارگێڕ یان دەرهێنەر**
2- **ئەکتەرگەل یان کەسایەتیەکان**

3- **ئایدە یان بیرۆکە**

4- **زمان**

5- **موسیقا**

6- **تەماشاڤان یان بینەر**

شایانی باسە ئێستەکانێ رێکخراوەگەلێکی زۆر لەجیهاندا سەرقاڵی جێبەجێکردنی کاری پەیوەندیدار بە شانۆوەن؛ لەوانەیە **"کەمیۆنێتی تەئاتر"**، **"برۆدوەی تەئاتر"** وهتد. لەفستیڤاڵەکانیش دەتوانین ئەمانەی خوارەوە ریز بکەین:

**بلایت فستیڤاڵ(کەنەدا)**

**گالوەی(ئیرلەند)**

**گۆلدن ماسک(روسیا)**

و ئەو خەڵاتە زێڕینانەی بە ئەکتەر و دەرهێنەری لێزان و گەشبیر دەبەخشێندرێت، بریتین لە:

**بەکستەیج**

**تۆنیئاوارد** و...

بەبیروڕای ئەز، یەکلە هۆگەلی هەرەگرنگ ژ بۆ پەرەدان و بووژاندنەوەی هەر زمانێک وەرگێڕانی شاکارەکانی ئەدەبیاتی جیهانە؛ واتە ئەو پەرتوکانەی لەدنیادا بەناوبانگن،تاکوو ئەدەبیاتی ئەو زمانە بتوانێت هەنگاوی هاوشان و هەژیان لەپێناو پێشڤەچوونی خۆیەوە بنێت. **"رومێئو و ژوولیت"** لەو چیرۆکە دیار و تێبینکراوانەی زمانی ئینگلیزیە کە پتر لە 400 ساڵ پێش ئێستە هاتیەڤیسن و رۆژ بە دوای رۆژ مەزنانەتر پێدا دەڕوانن و وێڕای راڤەکردنی، شانۆنامە و فیلمی لێ ساز دەکەن. ئەم چیرۆکە کە لێکچوونێکی ناوەرۆکی لەگەڵ **"مەم و زینی"** ئەحمەدی خانی هۆزانڤانی کوردەوە هەیە، بەساڵی 1594ی زایینی دەوچەلەیدا ڤیلیام شێکسپیر تەمەنی ژێر سیساڵان بوو، خرایە سەر نووکی خامە.

زمانی زگماکی ئێمەش کە ژێرلقی زمانە هیندی-ئۆروپایەکاندایە، ئاخاڤتنکەرێکی بەرچاوی هەیە و بە وەرگێران و گۆڤار و پەرتوک دانانە کە لە پرۆسەی تایبەت بە گەشەونەشەیدا بە دیتران دەناسێندرێنێت.

جێئاماژە پێدانە ئەم دەقە بە دووبارەنووسین و ساغکردنەوەی **"ئانتی کولینس"**، **"ئەندی هۆپکینز"** و **"جۆزێلین پۆتێتر"** لە ئینگلیزیەوە بۆ کوردی وەرگێڕاندراوەتەوە و تێکڕای فۆتۆکانیش راستەوخۆ لەم دەقەی سەرچاوەوە وەرگیراون. لە کۆتاییدا تکایە بە هەناردنی رەخنە و گازندەکانتان، رێنوێنیم بکەن.

**زانیار عۆمرانی**

بەهاری 1388ی هەتاوی

## بەرایی:

**هەتاوێک سەرچاوەی پەژارە و تفتوتاڵی بێت، دەسەرانسەری ڕۆژدا نادرەوشێتەوە. بەدرێژایی مێژوو و تابەئێستە، چیرۆکێک خەمبارتر لە "رومێئو و ژوولیت" نەخوڵقێندراوە...**

**"رومێئو و ژوولیت"**، یەکێک لە بەناوبانگ و دیارترین چیرۆکەیلی ئەڤیندارانە بەدرێژایی مێژوو دایە. ئەڤڕۆکانێ و دوای پتر لە 400ساڵ لەئەفراندنی، هێشتاکە وەک سەردەمی خۆی، بەجەماوەر و گشتییە. ڕەنگە هۆکاری ئەم هێشتازیندووبوونە، ئەوەبێ کە شانۆکە لە ئاستی چیرۆکێکی ئەڤیندارانەی تاق، سەرووترە و شرۆڤەکەری دەستەواژە-گەلی کۆشتن، ژیان و مەرگ، خۆشکەیفی و ناکۆکی، کێشەکانی نێوان دایکوباڤ دەهەڤبەر منداڵەکانیان و ڕقلێ-هاتنی نائاسایی دوو بنەماڵەی زلهێز دایە. لەم چیرۆکەدا، شەش مەرگ دێتە ئەنجام!

هەندێک لە بەشەکانی ئەم شانۆیە هێورانە و تەژی لە هەست و بڕێکیانیش لێوانلێو لە جووڵانەوە و مۆتیڤن، تاقمێکیان پڕلە گاڵتە و پێکەنیناوین و تاقمێکیتریشیان خەمباری و دڵپڕی لەخۆوە دەگرن.

شوێنکاتی زۆربەی شانۆنامەگەلی شێکسپیر لەوڵاتانی دەرەوەی بریتانیا دێتە ڕوودان؛ وەک ئیتالی، یونان و دانیمارک. لێرەدا کەسایەتیەکان لەباژێڕە بەناوبانگەکەی ڤێرۆنادا دەژین کوو لەباکووری ئیتالیا دایە.

چیرۆکەکە سەبارەت بە دوو بنەماڵەی ناوداری شارەکەیە؛ **کەپیولیتەکان** و **مۆنتاگیوکان**. ئەم بنەماڵانە بەتوندی دژی یەکدی ڕاوەستاون. ژ بۆ ئێمە هۆی ئەم دوژمنایەتییە ڕوون نییە، جگە لەوەی دەزانین شتێکی نوێ نییە! ئەوان دەناو شەقام و گەڕەکەکانی ڤێرۆنادا لەهەموو ساتوکاتێکدا مژۆڵی پێکدادان و دەنگوقاڵەن کە ئەمە بۆ شازادە و خەڵکی دانیشتووی باژێڕەکە بە ئاستەنگێکی گەورە دێتە ئەژمار.

رومێئو؛ تاقانە کوڕی مۆنتاگیوکان دڵی لەژوولیت؛ تاقانە کیژی کەپیولیتەکان دەچێ. ئەڤینیان ڕقی سەدانساڵەی بنەماڵە-کانیان کۆتایی دەهێنێت، لێ خەرجی ئەم دوایهاتنە، ماڵئاوایی لەژیانیانە.

شێکسپیر لەم شانۆنامەیەدا وێڕای کەڵکوەرگرتن لەچەند زمان، کەسایەتیگەلێکی هەرە سەیرمان پیشان دەداتێ؛ **فرییێر لاڤرێنس**؛ مرۆڤێکی زانا و ژیر و دڵۆڤان بۆ ئەوەی یارمەتی دوو دڵدارەی چیرۆکەکەمان بداتێ، بێوچان تێدە-کۆشێ. **میرشیتیۆ**؛ هەڤاڵی رومێئو، هەمیشە دەمبەپێکەنینە و گۆڵمەزی بەئەڤیندا دێتەوە. **میریکەپیولیت**؛ باوکی ژوولیت لەسکاڵای دڵی کچەکەی تێناگات. **سەرپەرشتیارەکە** هەر خەریکی قەرەچیبازی و ڕاوێژاندنە. **تاییالتی** قیناوی و ڕکێ هەمیشە ئامادەی سازکردنی هەلومەرجی نەشیاوە و **بینولیۆ**؛ خاڵوزای رومێئو تەنیابەدووی پێکەوەهەڵکردن و ئاشتیدا دەگەڕێت.

ڤیلیام شێکسپیر بەناوبانگترین نڤیسکاری شانۆ لەزمانی ئینگلیزیدایە. ڕۆژی 26ی ئاپریلی 1564ی زایینی لەشاری ستراتفۆرد چاوی بەدنیا هەڵێنا و لەڕۆژی 23ی ئاپریلی 1616ی زایینیدا کۆچی دوایی کرد. بەدرێژایی تەمەنیدا توانی 37شانۆنامە بەرهەم بهێنێت و هۆنراوەگەلێکی بەپێز و شازی لێبەجێماوەتەوە. شانۆنامەکانی، باسگەلی جۆراوجۆر لە-

خۆوه دەگرن؛ تاقمێکیان سەبارەت بە کەڵەپیاوەیلی مێژوویە و ئەوانی‌دیش بەچیرۆکگەلی ویژەیی سەردەمی خۆی تە-
رخانکراوە.

ڤیلیام بەتەنیا ڤیسکاری شانۆنامەکانی نەبوو، بەڵکوو خۆیشی وێڕای بەشداری‌کردن لەبەرێوبردنیان، ئەکتەرێکی کارزان
بوو. شانۆنامەکانی هەم سەرکەوتنیان بەدەستئەهێنا و هەمیش خاوەنی هۆگریی جەماوەری بوون.

شێکسپیر بەساڵی 1528ی زایینی‌دا لەتەک **"ئانی هاتاوەی"**، ژیانی هاوبەشی دەسپێکرد و سێ‌منداڵ(کوڕێک و دوو
کچ) هەوێنی ئەم پەیوەندییە هاوبەشە بوون. لەسەروبەندی ساڵی 1597دا، ڤیلیام گەیشتبووە ئاستێک بتوانێ ماڵێکی
نوێ بکڕێت کە بەمەزن‌ترین کۆشکی ستراتفۆرد ناوزەد دەکرا.

ئایدیا و بیرۆکەی داڕشتنی بناغەی ئەم چیرۆکە هی شێکسپیر نەبوو و وەرگیراو لەچیرۆکێک بوو کە بەساڵی
1562دا، **"ئارتۆر برووک"** لەبارەی دوو لاوی ئەڤیندار کوو ئاکامیان دەگاتە خۆکوژی، نووسیبوویەتی. ڤیلیام چیرۆکە-
کەی برووکی وەرگرت و شانۆنامەکەی بەهەمان شێوازدا و بەهەندێک دەستکاری و دانانی کەسایەتیگەلێکی نوێ‌وە،
وەبەرچاوی بینەرانی خست. لەسەردەمی شێکسپیردا گشت‌ئەکتەرەکان پیاو بوون؛ کەوابوو ڕۆڵی ژوولیێتیش درا بە-
کوڕێک کە ئێستە وەبەرچاوخستنەوەی ژ بۆ مە، گەلێک دژوارە!

زۆربەی ئەکتەرە ناودارەکان چ‌پیاو و چ‌ژن، پێیان خۆش‌بووگە لەسەر سێنی ئەم شانۆیەدا دەور ببینن. جگەلەمەش فیلم-
وحەڵقەی تەلەڤیزیۆنیش لەم بارەوە هاتیە چێ‌کرن. بەساڵی 1968، **"فرانسوا زیففرلی"** هەر لەم بارەوە فیلمێکی کارامەونە-
خشینی لەئیتالی بەبەشداری دوو ئەکتەری گەنج و پێشترنەناسراو(**لێئوناردۆ وایتینگ** و **ئۆلیڤیا هۆسەی**)ساز کرد.
جارجارێکیش "رومێئو و ژوولیت" بەفۆرم‌وشێوازی چیرۆکێکی نوێ و هەماهەنگ لەگەڵ ڕووداوگەلی ئەمڕۆیی
پیشان دراوە، ئەوەبوو کە بەساڵی 1996دا، ئەستێرەی درەوشاوی ئاسمانی سینەما؛ " **لێئوناردۆ دیکاپریۆ**"، ڕۆڵی
رومێئوی شێکسپیری، نمایش‌دا. لەم فیلمە چیرۆک و ئەکتەرەکان لەشاری کۆن‌ومێژوویی ڤێرۆنای ئیتالی بۆ باژێڕی
مۆدێڕنی نیۆیۆرک گوازرابوونەوە!

# چۆنیەتی خوێندنەوە و بەڕێوبردنی شانۆکە:

هاولف لەتەک گشتچیرۆکەیلی دیکە کوو لەکتێب و گۆڤار و بڵاڤۆکەکاندایە، دەتوانن بەئەسپایی و بێقرە **"رومێئو و ژوولیت"** بخوێننەوە، لێ ڕاستیەکەی ئەوەیە شێکسپیر ئەم چیرۆکەی وەک بەرهەمێکی وێژەیی تایبەت بەخوێندنەوەی ڕەها دانەناوە. ڤیلیام ئەم چیرۆکەی بۆ ئەکتەرگەلی بەڕێوبەری شانۆ نووسی؛ کەوایە ئێوەش دەبێ شوێنکاتی ڕووداوەکان، جلوبەرگی ئەکتەرگەل، جۆری دەنگوبێژەکردنیان کە لە وشەوپیتگەلی لاپەڕەکاندا هەڵدەگیردرێت، بخەنە بەرچاو و تێڕابمێنن. لەبەر ئەوەی تەوفیری زۆری لەتەک خوێندنەوەی تاکەکەسیدا دەبێت، تەنانەت دەتوانن شانۆکە لەگەڵ گرۆپێک و بەشێوەیەکی هەرەوەزی بەڕێوەببەن. ئەکتەرەکان یارای شادکردن یان دڵپڕکردنمانیان هەیە، کەوابوو هەوڵ بدەن وشەکان بچڕن و کەسایەتیەکان ڕاپێچی ژیان بکەن. دەتوانن دەنگ هەڵبڕن و ئاپۆرە ڕێکبخەن، بێفزە و کپومات بن و تێکڕای ئەو دژایەتیگەلە پێکەوە بلکێنن. هەروەها دەتوانن شانۆکە بپچڕێنن، ڕابوەستن و ئینجا لێکیبدەنەوە. لەخۆتان پرسیار بکەن ئاخۆ مەبەستی ئەم کەسایەتیگەلە چیبێ؟ بۆچ ئەوان وا دەبێژن؟ بەڵام فرەتر ئەرخەیان لە دەرکی شانۆکە دەبن کە خۆتان بەڕێوەیببەن! **"رومێئو و ژوولیت"** بزێو و جوولە، ڕەنگودەنگی زۆری تێدایە.

ڕوانگەی جۆراوجۆر و بەرهەڵستی یەکتر وەک دیتنی ئەڤینێکی سەرسووڕهێنەر و لە بارتەقایشیدا شەڕگەلێکی گەورەی تێدا دەبیندرێت. هەڵپەڕکێ و سترانچڕین، شین و گریان لەخۆ دەگرێ. لەهەندێک شوێندا قیڕوواڕ و قەرەباڵغە و لەبڕێک لۆکەیشنی دیکەدا بەزەحمەت دوو کەس دیار دەکەون! کەسایەتیەکان داڵغە و هەستوسۆزی خۆیان بەدرکاندنی پەیڤگەلی سەرزار یان موتیڤ و جووڵانەوەیان پیشان دەدەنێ. هەروا **رومێئو** دەتوانێ پزیسکی ئەڤینەکەی بۆ ژوولیت دەربڕێ، **تاییالت**یش توانای نیشاندانی ڕقی خۆی دەهەڤبەر بە رومێئوی هەیە و **میریکەپیولیتیش** دەتوانێ گۆڕانی هەستی خۆی لەبەرامبەر بە کچەکەشی بنوێنێت!

ئەگەریش هوون لە **"رومێئو و ژوولیت"**دا ڕۆڵ بگرنە ئەستۆ، دەشێ هەستوبیرتان لەشوێنە جۆراوجۆرەکاندا لێکجیاواز بێت؛ گورەپانی باژێڕی ڤێرۆنا، ژووری نووستنی ژوولیت، باخەکەی فرییێر لاڤرێنس و تاقی کەپیولیتەکان. هەروەها دەبێ لە تەیارکردنی کەرەستەی تایبەت بەشانۆکە واتە گۆریس، جامیژەحر و تاد کەمتەرخەم نەبن و بەسەر پیتولاپەڕەکانیشدا تێبفکرن. **"رومێئو و ژوولیت"** چڕوتەژی لەئەکتەر و کەسایەتییە؛ هەندێکیان وەکوو رومێئو، ژوولیت و فرییێر لاڤرێنس بەشێکی ئێگجار زۆری شانۆکەیان پێتەرخانکراوە و بڕێکیانیش وەک پزیشکەکەی شاری مانتیوا تەنیا لەخۆلەکێکی کۆرتخایەندا وەبەرچاو دەکەون. تاقمێکلەم ئەکتەرگەلە قەدقەد نادوێن، لێ بزێو و جووڵانەوەیان لەسەر سێن گرنگە! پرسیارگەلێکی زۆر لەئارادان؛ هوون بەچەندە لەخەڵکی باژێڕەکە پێداویستیتان هەیە؟ ئاخۆ بەشداربووانی مێوانیی میریکەپیولیت چەندە دەبن؟ و تاد...

**"رومێئو و ژوولیت"** شانۆنامەیەکی زەق و بەپێزە، دەتوانن ئەم دەقە بخوێننەوە و یان بەڕێوەیببەن، بەڵام بەهەر چەشنێک ببێت، لێ شاد و کەیفخۆش بن!

## پاڵەوانانی بەشداربووی شانۆکە:

**شازادە ئیسکالیوس:** شازادەی باژێڕی ڤێرۆنا

**میرشیتیۆ:** خزمی شازادە و هەڤاڵی رومێئو

**پاریس:** خزمی شازادە و داواکاری ژوولیت

**ڕاژەوان:** ڕاژەوان و کارەکەری پاریس

---

**میریمۆنتاگیو:** سەرۆکی بنەماڵەی مۆنتاگیو

**خاتوونیمۆنتاگیو:** ژنی میریمۆنتاگیو

**رومێئو:** کوڕی میریمۆنتاگیو

**بینولیۆ:** خاڵوزای رومێئو، هەڤاڵی میرشیتیۆ و رومێئو

**ئابرام:** ڕاژەوانی بنەماڵەی مۆنتاگیو

**بالتاسەر:** خزمەتکاری رومێئو

---

**میریکەپیولیت:** سەرۆکی بنەماڵەی کەپیولیت

**خاتوونیکەپیولیت:** ژنی میریکەپیولیت

**ژوولیت:** کچی میریکەپیولیت

**تایبالت:** خاڵوزای ژوولیت

**سەرپەرشتیار:** ژنەسەرپەرشتیارەکەی ژوولیت

**خاڵوزای کەپیولیت:** خاڵوزای تەمەنبەسەرچووی میریکەپیولیت

**پیتێر:** خزمەتکاری میریکەپیولیت

**سەمپسۆن و گریگۆری:** ڕاژەوانەیلی بنەماڵەی کەپیولیت

---

**فرییێر لاڤرێنس:** قەشەی ئایینی

**فرییێر جان:** بەردەست و کارەکەری فرییێر لاڤرێنس

**پزیشکەکە:** خەڵکی باژێڕی مانتیوا

**شەش پاسەوانەکان:** پارێزەرانی باژێڕی ڤێرۆنا بەشەواندا

**جەماوەری باژێڕی ڤێرۆنا**

**ڕاژەوان:** خزمەتکارەیلی شازادەی ڤێرۆنا

**گەنجولاوەکانی پەچە بەڕوخسار:** هەڤاڵانی میرشیتیۆ و رومێئو

**هەڤاڵانی تایبالت**

**مێوانانی بەشداربووی زیافەتی میریکەپیولیت**

# پەردەی یەکەم

# کەپیولیتەکان و مۆنتاگیوکان

## پشووی یەکەم؛ گورەپانی باژێری ڤێرۆنا

{سەمپسۆن و گریگۆری خەنجەربەقەد لەڕێی دەگەن}

**سەمپسۆن:** ئەگەر ئەمڕۆ بەروبەچکی هەریەک لەو گەماڵانەی مۆنتاگیوم چاوپێ‌کەوێ، بێ‌یەک‌ودوو هێرش دەبەمە سەریان.

**گریگۆری:** زۆرباشە! کەوابوو خەنجەرەکەت دەربهێنە. ئەوە دووکەس لەڕاژەوانگەلی مۆنتاگیو، خەریکن بەرەو ئێرە دێن.

{ئابرام و بالتاسەر لەڕێی دەگەن}

**سەمپسۆن:** ئاوا بە ڕق‌وچاوترشیاگی سەیریان دەکەم هەتا ڕقیان هەڵسێنم.

**ئابرام:** پێت وانیە بەقینەوە پێمانا دەڕوانن، جەناب؟

**سەمپسۆن**{ڕوو لەگریگۆری}: لەبەرژەوەندی‌ماندایە پێیان بێژین "بەڵێ"؟

**گریگۆری:** نا، ئەمان وا نەکەی! بەکەڵک نایێ.

**سەمپسۆن**{ڕوو لە ئابرام}: نا، بە قین‌وچاوترشیاگیەوە نیگاتان ناکەم، جەناب! لێ، لێ... پێم‌خۆشە ئاوا سەیرتان بکەم!

**گریگۆری:** هەوڵ دەدەن بەگژماندا بچن و بناغەدارێژی شەڕ و ئاژاولێ ببن؟

**ئابرام:** دەسپێکردنی شەڕێک و بەگژ ئێوەداچوون، جەناب؟ نا، قوربان.

**سەمپسۆن:** زۆرچاکە! ئەگەر دەتانەوێ تەنگژە و هەل‌ومەرجی نالەبار چێ‌بکەن و بەگژماندا بچن، منیش ئامادەم. خۆدانی من پیاوچاک‌وبلیمەتە- هەروەک خۆدانی خۆتان کەچلۆن بۆتان خۆشەویستە!

{بینولیۆ و تایبالت هەریەک لە لایەکەوە دێن}

**ئابرام:** نا، خۆدانی ئێوه پیاوێکی چا و بێوەی نیه.

**گریگۆری**{به سەمپسۆن}**:** بێژه چاتره. ئەوه، یەکێک لەخزمەکانی خۆدانەکەمان لەڕێیەوه و خەریکه دێت.

**سەمپسۆن:** خەنجەرەکانتان دەربهێنن! بڵای لێیان هێرش بەرین، گریگۆری!

{سەمپسۆن و گریگۆری خەنجەرەکانیان دەردەهێنن و پێکدادان سازدەکەن}

**بینولیۆ:** ئەو شەڕە دامەگرسێنه چەوره و شەلاتیەی ناپیاگ! خەنجەرەکانتان فرێ بدەن، وەرن کێشەکانمان دابمرکێنین. هوون نازانن چ دەکەن!

**تایبالیت**{مژۆڵی دەرهێنانی خەنجەرەکەی}**:** کەوابوو ئەتویش لەم شەڕەدا بەشداری، بینولیۆ؟ بەدەورخۆتدا خۆڵبخۆ و بۆمردن ئاماده ببه!

**بینولیۆ:** ئەز بەتەنیا وەشون پاراستنی ئاشتی، هاوتەبایی و دامرکاندنی کێشەکانم. خەنجەرەکەت وەلابنێ یان ژ بۆ بەرگریکردن لەدرێژەخایاندنی ئەم ئاژاوەیه کەڵکی لێوەربگره.

**تایبالت:** شمشێرەکەت لەدەرەوەیه و باس لەئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەکانیش دەکەی؟ هەروا لەهەرچی مۆنتاگیویه ڕقم لەدڵایه، بێزیشم لەو وشەگەله دێتەوه،{لەو کەینوبەینەدا هێرش دەباته سەریان} بیگرن!

{تایبالت و بینولیۆ بەگژیەکدا چووگن. سێ یان چوار کەس له دانیشتووانی بازێڕەکەی ڤێرۆنا دێن و شەڕەکه بەگوڕوتینتر بەردەوام دەبێ}

**خەڵکی بازێڕەکه:** مەرگ بۆ کەپیولیتەکان! مەرگ بۆ مۆنتاگیوکان!

{میریکەپیولیت و خێزانەکەی له هاتنداِن}

**میریکەپیولیت:** ئەم زرموکوت و هەراوهۆریایه، هی چییه؟ {ڕوو له سەمپسۆن} بڕۆ و خەنجەره درێژەکەم بۆ بێنه!

**خاتوونیکەپیولیت:** بۆچ بانگهێشتی هێنانی خەنجەرت کرد؟ چ قەوماوه؟

{میریمۆنتاگیو و خێزانەکەشی دەگەنه ئەوێ}

**میریکەپیولیت:** ئەو شمشێرەیەم بۆ بێنن! سەرۆکی مۆنتاگیوکان لێرەیه. بنوارن! خەنجەرەکەی ها لەدەرێ و ئامادەی شەڕئەنگێزیه!

**میری مۆنتاگیو{**بەرەولای ژنەکەی**}:** نەکۆشی ڕێگرم بیت!

**خاتوونی مۆنتاگیو{**دەوچەلەیدا بەرگری لەڕویشتنی دەکا**}:** نابێ لەگەڵیدا خەنیموڕکەبەری بکەی.

{شازادە ئیسکالیوس بەهاوڕێتی ڕاژەوانەیلی دەگەنە ئەوێ}

**شازادە:** ئەی دوژمنانی ئاشتی و پێکەوەهەڵکردن، خەنجەرەکانتان بخەنە زەوی! ئەمە بۆ سێهەم جارە ناکۆکی وشەڕی نێوانتان سەقامگیری شەقامەکانمانی تێکشکاندووە. دە بڕونە ماڵانتان، هەر هەمووتان! کەپیولیت وەرە لەگەڵمدا بێ. پاشانیش تو وەرە مۆنتاگیو.

{میرو خاتوونی مۆنتاگیو و بینولیۆی لێبەدەربێ، گشتیان شوێنەکە بەجێ دێڵن}

**میری مۆنتاگیو:** دەسپێشخەری ئەم شەڕە کێ بوو؟ دە بێژە بینولیۆ. ئەوساتەی ئاگری شەڕەکە هەڵگیرسا، تو بۆخۆت لە-وێ بووی.

**بینولیۆ:** ڕاژەوانەیلی هەردوولا مژۆڵی پێکدادان بوون. بێوچان هەوڵمدەدا شاتەشاتەکە دابمرکێنم، بەڵام تایبالتی ڕکێ بڵێسەی ئاگری شەڕەکەی تیژتر کرد. خەڵکێکی یەکجار زۆر هاتن و تاویان پێدا. پاشان شازادە گەیشت و دۆخەکە ڕاوەستێندرا.

**خاتوونی مۆنتاگیو:** ئەمڕۆ رومێئوتان نەبینیوە؟ فرە خۆشحاڵ بووم دەناو هەلومەرجەکەدا بەشداری نەبوو.

**بینولیۆ:** خاتوون گیان، کاتژمێرێک پێش هەڵاتنی تیرۆژ چووبوومە پیاسە. چاوم بەرومێئو کەوت نزیکی رۆژئاوای شار، خەریکی هاتوچوو بوو، بەڵام کەزانیپێم دەرچوو و خۆی دەنێو داروچێودا حەشاردەوە.

**میری مۆنتاگیو:** ئەم کازیوەیە خەڵکێکی زۆر، بەقەڵافەتێکی ئاڵوزەوە لەوێ بینیویانە. لێ کەتیرۆژ هەڵدێ، دەگەڕێتەوە ماڵ. لەژوورەکەیدا تێربەمل خۆیدا ئەقیرێنێ.

**بینولیۆ:** خاڵوی هێژام، دەزانی هۆکەی لەچیبیدایە؟

**میری مۆنتاگیو:** خۆموزۆربەی هەڤاڵانم لێیان پرسیار کردووە، لێ پێوایە باشترە بەشێوەی نهێنی لای خۆی بمێنێتەوە و نەیدرکێنێ. تاکوو هۆی پەشێوی کوڕەکەمان نەزانین، لەچارەسەرکردن و یارمەتیدانی بێوزە دەبین.

{رومێئویش دەگاتە ئەوێ}

**بینولیۆ:** ئەوە هات. دەبێ لەکێشە و گرفتی تێبگەم.

**میری‌مۆنتاگیو:** بەو هیوایەم رومێئو ڕاستیەکەتی پێ‌بێژێ. {بەرامبەر بەژنەکەی} بچین خاتوون.

{میروخاتوونی‌مۆنتاگیو دەڕون}

**بینولیۆ:** بەیانیت باش خاڵوزا.

**رومێئو:** ئێسـتە جا بەیانییە؟

**بینولیۆ:** هێشتا کاتژمێر نۆ نەبووگە.

**رومێئو:** ئای کەکاتی ناحەز و حەزین بەئەسپایی ڕادەبوێردرێت. ئەوە بەپەلە لێرە چوو، باوکم بوو؟

**بینولیۆ:** پێم‌بڵێ ئەوە چ جۆر دڵتەزێنییەکە وا گۆزەری خۆلەکەکانت بۆ دژوار دەکا، رومێئو؟ ئەڤیندار بووگیت؟

**رومێئو:** ئەرێ، لێ دڵم لەکێژێک چووگە خۆشمی ناوێ. {سەیری ئەملا و ئەولای دەکا} بەڵام بۆم‌بێژە ئەرێ لێرە چ شەڕێکی خۆفدار ڕووی‌داوە؟! نا، بۆمی مەڵێ، شتێکی نوێ نییە. ڤین لەیەک هاتن، تەنیا هۆی تووشبوون بەم شڵە-ژان و ئاژاوەیە. کەچی لەم کەین‌وبەینەدا من فرەتر ئازار دەچێژم و ئەویش ئازاری ئەڤینە!

**بینولیۆ:** ئەز گەلێک داخدارم وا بێ‌دەماخ و دڵ‌بەگریان دیاری. دەپێم‌بڵێ کێیە ئاوەها شێتانە دڵت پێ‌داوە؟

**رومێئو:** ئەڤینداری کیژێکی دەلال و شەپالم کە **"رۆزالاینی"** پێ‌دەبێژن. لێ ئەو بەرامبەر بەمن بێ‌هەستە.

**بینولیۆ:** بەگوێم دەکەی ناوی لەمێشکت بسرێنەوە.

**رومێئو:** ئاخۆ پێم‌بێژە چۆن‌چۆنی دەتوانم لەبیری بەمەوە؟

**بینولیۆ:** هانا بۆ چاوانت بەرە. ورد ببە و سەرنجت بۆئەو گشت‌کێژە جوانانەی دەوروبەرت ڕابکێشە.

**رومێئو:** ئەگەر بمەوێ زراڤی و بەژن‌وباڵای رۆزالاین دەهەڤبەر کچانی دیکە وەیەک بخەم، تاقانە ئاکامی ئەوەتە فرەتر دڵم پێ‌دەبەسترێت.

**بینولیۆ:** ئەز دەتوانم فێرت بکەم چۆن‌چۆنی لەبیر ببەیتەوە.

{رومێئو و بینولیۆش دەچن}

## پشووی دووهەم؛ شەقامی چەسپاو بەکۆشکی کەپیولیتەکان

{میریکەپیولیت و پاریس لەگەڵ پیتێری ڕاژەوانیان دەگەن}

**میریکەپیولیت:** دەی خۆ مۆنتاگیو بەڵێنیداوە ئاشتی بپارێزێ و ئەمەیش بۆ پیرەپیاوانێکی وەک ئێمە سەغڵەت نییە.

**پاریس:** ئێوە هەردووکتان دەنێو بنەماڵەگەلێکی ناسراو و بەرێزەوە هەڵکەوتوون. جێ لۆمە و شەرمەزارییە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، نێوانتان دەمقاڵ و ناکۆکی ببێت... لێ گەورەم، ئێستە بیروڕات سەبارەت بەو ئامانجەم واتە مارەبڕیکچەکە-ت چییە؟

**میریکەپیولیت:** هەر ئەو وتانەی پێشتریش لە سەریان جەختم کردووە. کیژی من زۆر منداڵە، هێشتا چواردەساڵانی تێنەپەڕاندووە. ژوولیت ئامادەگی نییە هەتا دووساڵیتریش شوو بکات.

**پاریس:** دایکگەلێک بەختەوەر هەن لەو گچکەتریشن.

**میریکەپیولیت:** با، بەڵام ئەوە کە نەریتێکی گونجاو نییە. گشتمناڵەیلم لەدنیا چووگن و بەس ژوولیت؛ تەنیا ئاوات و هیوای ژیانم بۆ ماوەتەوە. دڵی وەدەس بێنە، پاریس! ئەگەر بۆخۆی ڕازی بوو شووت پێبکا، ئەزیش بەوە شاد دەبم. ئەمشەو مێوانیێک ژ بۆ هەڤاڵە خۆشەویستەکانم ڕێکدەخەم. لەبەشداربوونت گەشاوە دەبم. لەوێ کچگەلێکت چاو پێدەکەون کە هاولفی ئەستێرە بەئاسمانی لیلاویدا، خنجە و باودڵن و ئەدرەوشنەوە. هەموویان ببینە، بۆ گشتیشیان سەرنجڕابکێشە و گوێیان بدەیێ. پاشان بۆئەوەی کامیان هەڵبژێریت دەستئاڤەلایت. ئینجا بزانم نهۆ لەسەر ژوولیت سوور دەبی؟{ لاپەڕەیەک دەداتە پیتێر} بچو و کەسگەلی بانگهێشتکراوی نێو ئەم لیستەم بۆ بدۆزەوە. بۆ ئێوارە گشتیان بانگهێشت بکە.

{میریکەپیولیت و پاریس دەچن}

**پیتێر:** کەسگەلی بانگهێشتکراوی نێو ئەم لیستەم بۆ بدۆزەوە؟ دەی چون دەتوانم؟ ئاخۆ ئەز کە ئاستی خوێندەواریم نییە! دەشێ لە شارەزایێک پرسیار بکەم.

{رومێئو و بینولیۆ دەگەن}

**بینولیۆ:** پێموایە بەدووی ئەڤینێکی نوێدا بە، ئەوەی پێشوو لەبیر ببەوە. ژانودەردێکی نوێ، ژانودەردی پێشوو سارێژ دەکات.

**رومێئو**: ژانی ئەڤینی من، فرە لەم قسەگەلە قووڵترە. {بەرەو لای پیتێر} ئێوارەت باش.

**پیتێر**: ئێوارەی وی باش. {قاقەزەکەی پیشان دەداتێ} دەتوانی بیانخوێنیتەوە جەناب؟

**رومێئو**: بۆچ نا؟ {مژۆڵی خوێندنەوەی قاقەزەکە} **سیگنۆر*** مارتینو، خێزان و کچەکانی، سیگنۆر ئەنسلیم و خۆشکە دڵڕفێنەکانی، سیگنۆر پلاسێنتیۆ و کیژە شیرینەکانی، میرشیتیۆ و براکەی ڤالنتاین، خاڵوم، خێزان و کچەکانی، رۆزالاینی دەلال، سیگنۆر ڤالنتیۆ و تایبالتی خاڵوزای؛ تاقمێک لە کەسایەتیە ناسراوەکان! بۆ کوێ بانگ کراون؟

**پیتێر**: بۆ کۆشکی ئاغام. خۆدانی مە، دەوڵەمەندە و دەسەڵاتداری کەپیولیتەکانە. ئەگەر لەبنەماڵەی مۆنتاگیوکان نەبیت، ئەتویش دەتوانی بەشداری بکەی. پێکێکمان لەگەڵدا بنۆشە! ماڵئاوا! {دەڕوات}

**بینولیۆ**: رۆزالاینی ئەڤینت دەیهەوێ لەم مێوانییەدا بەشداری بکات. تویش بڕو و لەگەڵ دیکەی کچگەلی خشکۆکی ڤێرۆنادا بەراوردی بکە. ئینجا تێدەگەی تەنانەت فرەیش جەبوون و بەدفۆرمە!

**رومێئو**: کیژێکی جوانتر لە رۆزالاینی من؟ هەتاکوو ئێستە لەسەر گۆی ئەم جیهانەدا ڕازاوەتر و دڵڕفێنتر لەو نەبووگە و هەتاهەتایەیش نابێتەوە. تەنیا بۆ دیتنی رۆزالاین و لەبەر خاتری وی دەڕوم!

{رومێئو و بینولیۆ دەچن}

---

* وشەیەکی ئیتالیە ژ بۆ گۆتنی ئاغا، جەناب

## پشووی سێهەم؛ ژووری نووستنی ژوولیت دەناو کۆشکی کەپیولیتەکان

{خاتوونیکەپیولیت وسەرپەرشتیارەکەی ژوولیت دێنە ناوەوە}

**خاتوونیکەپیولیت:** سەرپەرشتیار کوانێ کیژەکەم؟ دە بانگی بکە بۆم.

**سەرپەرشتیار:** پێشتریش پێم گۆتووە کە بێت. کچێ لە کوێیت؟ ژوولیت!

{ژوولیت دێتە ژووری}

**ژوولیت:** چییە؟ کێیە بانگم دەکا؟

**سەرپەرشتیار:** دالگتە.

**ژوولیت:** ئا لێرەم دایکە. چت دەوێ؟

**خاتوونیکەپیولیت:** سەرپەرشتیار دووانی جێمان‌بهێڵە، قسەی خۆمانمان هەیە! {سەرپەرشتیارەکە ناشاد دیارە و پەیتاپەیتا دەچێتە دەرێ} سەرپەرشتیار، بگەڕێوە- قەی‌ناکا دەتوانی وت و وێرەکەمان ببیسی. {سەرپەرشتیارەکە بەڕوومەتێکی لێوبەخەندەوە دێتەوە} خۆتو تەمەنی ژوولیت دەزانی؟!

**سەرپەرشتیار:** ئەرێ کە دەیزانم. مانگی ژوولای، سێنزەساڵان تێپەڕدەکا و دەکەوێتە نێو چاردە. سۆزانی کچم و ژوولیت تاڕادەیەک هاوتەمەن بوون. سۆزان لەبەهەشتی بەریندا ئۆقرەی گرتووە... هەروا وتم ژوولای دەبێتە چاردەساڵان. {بەژوولیت} ئەتو خاوەنی جوانترین بەژن‌وباڵای لەباری کە تا ئێستە بەخێوم کردبێت. ئەگەریش زەماوندەکەت بەچاوی خۆم ببینم، گەلێک کەیف‌خۆش دەبم.

**خاتوونیکەپیولیت:** شووکردنت ئەو بابەتەیە دەمهەوێ لەگەڵتدا بئاخڤم. {بەرەولای ژوولیت} پێم‌بڵێ ژوولیت گیان هەست و بۆچوونت سەبارەت بە مارەیی‌دەرهێنانت چییە؟

**ژوولیت**{سەرسام و پەشۆکاو}: لەبارەی ئەم بابەتەوە تائێستە بیرم نەکردووتەوە.

**خاتوونیکەپیولیت:** دەی باشە، هەر ئێستەکانێ بیری لێ بکەوە! کیژگەلێکی کەم‌تەمەن‌تر لەتویش کە لەبنەماڵە ناسراوەکانی ڤێرۆناش بوون، بەرلە خۆت بووگن بەدایک! ئەز بۆخۆم هاوتەمەنی وی بووم، بوومە دایکت. گوێ‌ڕادێرە- نەجیبزادەیەک پاریس‌ناو پێ‌خۆشە ببیتە دەزگیرانی.

**سەرپەرشتیار:** پاریس وێنەیەکی ڕاستەقینەی پیاوێکی کەم‌وێنەی چاکە، کیژەدڵتەڕ!

**خاتوونی کەپیولیت:** گشت وەرزەیلی ڤێرۆنا گوڵێکی ئاوا سەرمەستی تێدا نییە.

**سەرپەرشتیار:** بەڕاس وایە، کتومت لەگوڵ دەچێ؛ گوڵێکی خۆشبۆن و دڵبزوێن.

**خاتوونی کەپیولیت**{بەژوولیت}: لەگەڵئەوەشدا خۆت چ دەبێژی؟ دەتوانی لەم ڕەسەنزادەیە خۆشت بێ؟ ئەمشەو لە-مێوانیەکەماندا دەیبینی. بەوردی سەیری سەروڕووی دڵڕفێنی بکە. بەڕوانینێکی قووڵی نێوچاوەیلی، هەستوسۆزی ئەڤینی بخوێنەوە و بەئەڤینەکەی خۆشهاتن بڵێ.

**ژوولیت:** تماشای دەکەم، هەوڵدەدەم خۆشم لێبێت!

{کتوپڕ پیتێر دێتە نێوەوە}

**پیتێر**{بەسەرسووڕماگی و هەژقینەوە}: خاتوون، مێوانەکان گەیشتن و چێشتی ئێوارەیش ئامادەیە. بانگیان لێکردووی و هەواڵی کیژەگەنجەکەیشت دەپرسن! لەچێشتخانەیش پێویستیان بەسەرپەرشتیارەکە هەیە.

**خاتوونی کەپیولیت:** ئەوە هاتین. {پیتێر دەڕوات} ژوولیت، پاریس چاوەنوارتە بچیتە کنی.

**سەرپەرشتیار:** دە خێراکە، بڕو کچێ. سەیری ئاسۆی ڕۆژوشەوگەلێکی ڕووناک بکە.

{ژوولیت و سەرپەرشتیارەکە دەڕونە دێشت}

## پشووی چوارەم؛ شەقامە نزیکەکەی لای کۆشکی کەپیولیتەکان

{رومێئو، میرشیتیۆ و بینولیۆ لەتەک دوو یان سێ لاوی‌تر دەگەنە ئەوێ. پەچە و چرایشیان پێیە}

**رومێئو:** دەبێ بە ئاخاڤتن خۆمانمان بۆیان دەرنەخەین و قەد قسەیان لەگەڵدا نەکەین!

**بینولیۆ:** تکایە وەرن لەگەڵیان نەدوین. وان بەپێی ڕوانگەی خۆیان داوەریمان لەسەر دەکەن. دەبێ تۆزقاڵێک هەڵپەڕین و ئینجا بینە دەرێ.

**رومێئو:** ئەو چرامە پێ بدە. ئەز نامەوێ سەماکەم. گەلێک ورووژاوم. پێم‌خۆشە من چراکە هەڵبگرم.

**میرشیتیۆ:** واناکرێ رومێئوی بەڕێز، دەشێ هەڵپەڕی!

**رومێئو:** بڕوام پێ‌بکە نابێ! بۆخۆت پێڵاوی تایبەت بەسەماکردنت لەپێدایە. بەڵام پێڵاوگەلی من بە زەوی‌یەوە دەلکن. ئینجا ناتوانم بەش بەویستی خۆم بجووڵێمەوە.

**میرشیتیۆ:** لێ مەگەر تو ئەڤیندار نیت؟! ئەڤین دەتوانێت کارگەلێکی نائاسایی بخۆلقێنێت.

**رومێئو**{بە دڵپڕییەوە}: نا، ئێوە بە هەڵەدا چووگن. ئەڤین کێش و سەنگێکی قورسە کە دەمخاتە گوشارەوە!

**میرشیتیۆ:** کەوابێ تروپکی ئەڤین دەپێکی! {دەیهەوێ پەچە بەڕوو بگرێ} ئەو ڕووبەندەم بدەیێ. ڕوومەتێکی قۆڕ و ناشیرینم هەیە و ئەم پەچەیە دەیشارێتەوە!

**بینولیۆ:** وەرن تەقە لێ‌بدەین و سەربەژوورەوە بکەین. هەرکە چووینە نێو، هەموومان هەڵپەڕکێ دادەمەزرێنین!

**رومێئو:** چراکەم بەرێ. خەڵکی بە دڵخۆشییەوە هەڵدەپەڕن! تەنیا چراکە دەگرم و سەیریان دەکەم.

**میرشیتیۆ:** دە ڕا بکە، وەرە، چراکانمان کوژرانەوە.

**رومێئو:** هەرچەند لەم مێوانییەدا ئێمە بەدووی گاڵتە و خۆش‌کەیفییەوەین، بەڵام لەگەڵ‌ئەوەشدا پێم‌وایە ناماقوڵانەیە بچینە ژوورێ!

**میرشیتیۆ:** بۆچ؟ مەبەستت چییە؟

**رومێئو:** دوێنێ‌شەو خەونێکی ئاڵوزم بینی.

**میرشیتیۆ:** منیش هەروا!

**رومێئو:** سەبارەت بە چی؟

**میرشیتیۆ:** لەو چەشنە خەونگەلە زۆربەی جاران نایەنە دی!

**بینولیۆ:** وەرن، چێشتی ئێوارەیان خوارد. زۆر درەنگ گەییشتین.

**رومێئو:** هێشتاکە زووە، ئەز تۆقاوم. هەستێکی نامۆ دامیگرتووە. پێدەچێ ئەم مێوانییەی ئەمشەوە ببێتە خاڵی دەسپێکی سەرەتای سڵێکی مەزن! ڕەنگە بشبێتە هۆی مردنم. بەڵام وەرن کە بچین!

{گشتیان پەچەکانیان داپۆشی و ڕویشتن}

## پشووی پێنجەم؛ هەیوانێکی درێژ دەنێو کۆشکی کەپیولیت

{میر و خاتوونی کەپیولیت، ژوولیت، سەرپەرشتیارەکە و تێکرای میوانەکان لەوێن. رومێئو و هەڤاڵگەلی دەگەنە ئەوێ و پەچەیان بەڕوودایە}

**میری‌کەپیولیت**{ڕوو لەمێوانەکان}: بەخێرهاتنی هەموو لایەک دەکەم! {بەرەو ڕووی ڕومێو و هەڤاڵانی} خۆش هاتن، کەڵەپیاوەیل! ئەم کیژە خنجیلانە لەگەڵتان سەما دەکەن! ماوەیەکی بەسەر چووگە ئەو کاتەی منیش پەچەم دادەپۆشی! {پێ‌دەکەنێ} دەتوانم وەبیری بێنمەوە؛ ئەو ساتانەی پەیڤ‌گەلێکمان بەنەرمونیانی بەگوێ کیژەدڵتەڕەکان‌دا دەچرپاند... زۆر بەخێر بێن، لاوە بەڕێزەکان! وەرن گوێ بۆ موسیقا ڕادێرین. {گۆرانی دەست‌پێ‌دەکا و مێوانەکانیش بەکاری سەماکردن هەڵدەستن} گەش و بەوزەتر! {بەخاڵۆزاکەی} دابنیشە خاڵوزا! ڕۆژگاری سەماکردنی ئێمەگەل بەسەر چووگە! لەو وختانەی خۆم‌وخۆت پەچەکانمان دادەپۆشی، چەندە زەمەنی بەسەردا چووگە؟

**خاڵوزای کەپیولیت:** سی‌ساڵ.

**میری‌کەپیولیت:** چی؟ ئەوەندەی نەخایاندووە. لەڕەشبەڵەکی زەماوندەکەی لوسێنتیوس بوو؛ سەرووبەندی 25ساڵ لەمەو پێش.

**خاڵوزای کەپیولیت**: فرەترە، فرەترە! کوڕەکەی لەوە بەتەمەن‌ترە و سی‌ساڵانی تێ‌پەڕاندووە.

**میری‌کەپیولیت**{شڵەژاو و سەرسووڕماو}: توخودا؟ باوەڕ دەکەی؟

{رومێئو لەناکاو چاوی بە ژوولیت کەخەریکی سەماکردنە دەکەوێت}

**رومێئو**{سرتە لەگەڵ خۆی}: ئەو کیژە نازدار و دەلالە کێیە وەها بەگوڕ و تاو، بەم‌شەوە تارماییەدا دەدرەوشێتەوە؟ بۆ ژیانێکی ئاسایی بەسەربردن، فرە ڕێک‌وپێک لەچاو دەدا. زۆریش تایبەتییە! وی، دەنێو ئەم ڕوومەت‌ڕەش و جەبوون‌گەلە، لەباڵندەیەکی دڵتەڕی چەرموو دەچێ! پاش سەماکردنەکەی و کاتی پشوودانی، دەچمە تەنیشتی. هەوڵ‌دەدەم بەم دەستە زبرەی خۆمە، دەستە نەرم‌ونوڵەکانی بگووژم. ئەرێ پێش‌لەمە، من هیچ ئەڤیندار بووگم؟ نا، تاپێش ئەمشەو، قەد ئەڤیندار نەبووگم!

**تایبالت**{ لەکن رومێئودا، دانیشتووە و گوێ‌لێیە}: ئەم پیاوە دەنگی مۆنتاگیویەکی پێوەیە. بەم پەچە قوڕەیەوە، هاتووە ئێرە گاڵتە بە مێوانیەکەمان بکات و بیشێوێنێ؟ خەنجەرەکەم دەردەهێنم!

**میری‌کەپیولیت**{دێ بۆلای تایبالت}: چ قەوماوە، تایبالت؟ بۆچ ئاوەها ئاڵوز و پڕقین دیاری؟

**تاییالت**{قامکی هێنا بەرەو ڕووی رومێئو دەهاوێژێ}: خاڵو، ئەو کوڕە لە مۆنتاگیوکانە، واتە یەکێک لە نەیارەکانمان! هاتووە قەشمەڕمان بکاتێ!

**میریکەپیولیت**: رومێئوی لاوە، وایە؟

**تاییالت**: خۆیەتی.

**میریکەپیولیت**: وس‌بە تاوێ، خاڵوزای ئازیز، لێ‌گەڕێ! ڕەوشت و ئاکاری وی، لە هی پیاوچاکان دەچێ. خەڵکی ڤێرۆنا دەبێژن گەنجیکی هەرە ئاکاربەرز و خۆش‌قەڵافەتە. نامەوێ لەم کۆشکەمدا، ترۆی بکەم. کەوابوو، بزەبە لێو ببە و ئەو گرژ و مۆنییەی ڕوومەتەت لابە!

**تاییالت**: ڕقمە لێ کوڕەی زلحۆرت!

**میریکەپیولیت**: بە خۆشە، لەگەڵی بدوە! لێرە من سەرۆکم یان تو؟ دەتهەوێ ناکۆکی و ئاژاوە سازبکەی؟

**تاییالت**: ئەوان چا نین، خاڵو...

**میریکەپیولیت**: ئیدی بەسیەتی! تو کوڕێکی گەلحۆ و ناشارەزایت! خۆم دەزانم چ دەکەم. {بەرەو لای خزمەتکارەکانی} گەش و بەوزەتر! {بە تاییالت} ئێستە برو. بێ‌دەنگ دەبی یان بێ‌دەنگت کەم؟

**تاییالت**: دەڕوم. بەڵام بەهۆی هاتنی ئەم مێوانگەلە بەخت‌کوێرانە، کارەساتێکی دڵتەزێن دێتە ڕوودان. {دەچێ}

**رومێئو**{ڕوو لە ژوولیت، دەستیشی گرتووە و دەیگووشێ و نۆقمی نیگای چاوانیەتی}: ئەگەر پەنجەگەلی نەرم‌ونوڵت بەم دەستە ڕووشەم گرتووە، داوای لێبوردنت لێ‌دەکەم. ئەگەریش گووشینی پەنجەگەلت بەم دەستانەم، ڕووش و زبرانە-یە، دەتوانم بەماچێکی لێوت، بۆتی نەرمونیان بکەم!

**ژوولیت**{دەستی دەداتێ و لەنیگای چاوی رومێئودا بزر دەبێ}: بەڵام جەناب، دەستەکانت زبر نین. وەرە دەستمان دە-نێو دەستی یەکدی بئاڵنین. ئاواها! {ژوولیت دەستی دەخاتە نێو دەستی رومێئووە}

**رومێئو**: ئێزنم دەدەیتێ لەو لێوانەت ڕامووسانێک بگرم؟

**ژوولیت**: بۆچ نا؟

**رومێئو**: تکایە مەجووڵێیەوە. {رومێئو ماچی دەکا}

**ژوولیت**: ئەتو زۆر خۆش ماچ دەکەی!

**سەرپەرشتیارەکە**{بەخێرا دێتە لای ژوولیت}: خاتوونم، دایکت دەیهەوێ لەگەڵتدا قسان بکات.

{ژوولیت، رومێئو بەجێدەهێڵێ و دەڕواتە تەنیشت دایکی}

**رومێئو:** دایکی کێیە؟

**سەرپەرشتیار:** دایکی خاتوونی ئەم کۆشکەیە و زۆریش وریایە. ئەزیش کچەکەیم بەخێوم کردووە؛ ئەوە وا هەرئێستە لەگەڵ یەکدا دەتانپەیڤاند! پێتدەبێژم... مێردەکەی، پیاوێکی بەختەوەرە!

{خۆی دوور دەخاتەوە}

**رومێئو:** ئایا لە کەپیولیتەکانە؟ هەواڵێکی هەژێنەرە!

**بینولیۆ**{دێ بەرەولای رومێئو}: وەرە بڕوین!

**میریکەپیولیت:** شەوتان باش، کەڵەپیاوەیل. سپاسی هەرهەمووتان دەکەم ژ بۆ هاتنتان، سەری کڕنشونەوازش دائەنەوێنم. {بەخزمەتکارەکانی} بەرەو ڕووگەی ژووری نووستن، ئیدی درەنگە.

{بێجگە لەژوولیت و سەرپەرشتیارەکە، گشتکەسێ ئەوێ چوڵ دەکەن}

**ژوولیت:** دا وەرە ئێرە، سەرپەرشتیار. ئەو کوڕە لەو ژوورە کێیە؟

**سەرپەرشتیار:** کوڕی تایبریۆی بەساڵاچووە.

**ژوولیت:** ئەی ئەو پیاوە لە دەرگاکە دەڕواتە دەری، کێیە؟

**سەرپەرشتیار:** پێموایە میرشیتیۆی لاوە.

**ژوولیت:** ئەی ئەو گەنجە وا نەیدەویست هەڵپەڕێ، کێیە؟

**سەرپەرشتیار:** نازانم.

**ژوولیت:** بڕو ناوەکەی لێ پرسیار بکە {سرتە لەگەڵ خۆی}، ئەگەر هاوسەری بێ، بۆ هەمیشە هاوئامێزی شەوانەم جگە لە گۆڕ نابێ!

{سەرپەرشتیارەکە دەچێ لە رومێئو ناوەکەی بپرسێ، پاشان دەگەڕێتەوە}

**سەرپەرشتیار:** ناوی رومێئویە و لەمۆنتاگیوکانە، تاقانە کوڕی گەورەترین دوژمنی بنەماڵەییتان!

**ژوولیت:** تاقانە ئەڤینی من، کوڕی مەزنترین دوژمنی منە؟! مخابن دەوچەلەیدا چاوم پێکەوت ئەمەم نەدەزانی. لێ ئێستە زۆر درەنگە!

**سەرپەرشتیار:** چی، چی؟

**ژوولیت:** هیچ- گچکە گوڵمەزەیەک بوو!

**سەرپەرشتیار:** مێوانەکان، گشتیان ڕویشتنە ماڵی خۆیان. ئیدی بڕوین.

{ژوولیت و سەرپەرشتیارەکەیش دەڕون}

# پەردەی دووهەم

# پلانەکانی سەرگرتنی زەماوند

## پشووی یەکەم؛ باخی کەپیولیتەکان و دیمەنێک لەژووری نووستنی ژوولیت لەدالانەکەیان

{رومێئو بەتەنێ دێتە نێو}

**رومێئو:** ئاخۆ چلون دەتوانم ئێرە بەجێبهێڵم، کاتێ نێوئاخنی ژیانم لێرەدایە؟

{بینولیۆ و میرشیتیۆیش دێن. رومێئو هەڵدێ و خۆی دەشارێتەوە}

**بینولیۆ:** رومێئو! خاڵوزا گیان! رومێئو! رومێئو!

**میرشیتیۆ:** گەلێک گورجوگوڵ و ئازایە! دڵنیام کە بۆ نووستن، چوویێتەوە ماڵەو.

**بینولیۆ:** بەم ڕێگایەدا ڕویشت و لەپی بەرەو ئەو شوورەیە وەشاند و لەسەر پەرژینی باخەکە پەڕییەوە. میرشیتیۆ، قاوی لێ بکە.

**میرشیتیۆ:** ناوی رۆزالاین بەکار دەهێنم و سەبارەت بە چاوەبەڵەکەکانی و بریقانەوەیان، ڕانوپێ لووسوتەرچکەکەی و ئەو باسکومەچەکەکانی بۆی دەدوێم...

**بینولیۆ:** ئەگەر دەنگت ببیسێ، لێت تووڕە و زیز دەبێ.

**میرشیتیۆ:** نا، ئەوە ڕقی هەڵناستێنێ. ناوی رۆزالاین دەهێنمە سەر زارم تا رومێئو بدۆزمەوە.

**بینولیۆ:** رومێئو خۆی دەنێو تارمایی ئەم شەوە و لەنێو ئەو داروچیلکانە شاردووتەوە.

**میرشیتیۆ**{لەو دەمەیدا هاواری لێ دەکات}: رومێئو، شەو باش! {بەرەو ڕووی بینولیۆ} ئەم چیمەنتووی زەوینە ژ بۆ خەوتن، زۆر ڕچیاگ و ساردە. با بگەرینەوە بەرەو ماڵ؟!

**بینولیۆ:** وایە، دەسا بڕۆین. خۆی حەزناکا بیدۆزینەوە.

{بینولیۆ و میرشیتیۆ واز دەهێنن}

**رومێئو**{بەمەودای چاوترووکاندنێک، بەرەو ئەملا دەبێتەوە}: میرشیتێو بەو شتانەی لێیان تێناگات، گاڵتەی دێتەوە. هیچکاتیش ئەو شتگەلەی هەست پێنەکردووە. {ژوولیت دەلاقەی دیوەکەی ئاڤەڵا دەکا و بەملا و بەولایدا دەڕوانێ} ڕاوەستن! ئەو تیشکەلی هەتاوە وا لەودەلاقەیە ڕەنگ دەدەنەوە، چیین؟ ئەوێ ڕۆژهەڵاتە و ژوولیتیش خۆرەکەیە! لەمانگی ڕەنگپەڕیاگ خۆشنموون‌ترە. دەزگیرانمە! ئاخ کە ئەڤینی منە، هەرچەندە بۆخۆی نازانێ! خۆشمدەوێ و عەوداڵوشێتیەتیم! {ژوولیت لەتەک خۆی سرتە دەکات} مژۆڵی پەیڤینە، هەرچەندە هیچیش ناڵێت! بەرسڤی دەدەمەوە. لێ نا، گەر وابکەم تووشی هەڵە بووگم و ژوولیتیش لێم قیت دەبێتەوە. چاوگەلی کتومت لەدوو ئەستێرەی بەتینودرەوشانی بەهەشتی دەچن. تەنانەت ڕووناهی ڕوومەتی لەهەمبەربە چاوانی بەتینوگڕتر دیارە!

**ژوولیت**: ئاخ و سەد داخ!

**رومێئو**{سرتە لەگەڵ خۆی}: خەریکی پەیڤینە! هەمدیسان قسان بکە، ئەی نەشمیلی چاوجوان!

**ژوولیت**{سرتە لەگەڵ خۆی}: ئای رومێئو، رومێئو- بۆچ پێتدەبێژن رومێئو؟ بڵێ کوڕی ئەو باوکەت نیت! بڵێ لەخێڵ و هۆزی مۆنتاگیوکان نیت. یان ئەگەر واناکەی، بەڵێنم بدەیێ ببیتە دڵدارم، ئینجا من بڕایبڕ خۆم لەهۆزی کەپیولیتەکان نازانم!

**رومێئو**{سرتە لەتەک خۆی}: نازانم گوێ بدەمێ یان بۆی بدوم؟

**ژوولیت**: تەنیا ناوەکەتە کە دژیەتیم! ئەتو خۆتیت نە مۆنتاگیویەک. مۆنتاگیو چییە؟ ئاخۆ نە دەستتە، یان قاچ و ئەژنۆ و مەچەک یان ڕوومەتت! ئەگەر گوڵەسوورێک دەیان ناوی جۆراوجۆری بێ، نەهۆ بۆنی هەروا سەرمەستکەر و دڵکەشە! کەوایە، هەتاهەتایە رومێئو بەبێ ئەو ناوە، هەر بەوچەشنە شەپال و دڵنەرمە. رومێئو، ئەو ناوەت فڕێ بدە و بەجێگەشی هەمووی من بگرە بۆخۆت!

**رومێئو**: گەر تەنیا پێمبڵێی خۆشمدەوێ، ئیتر بڕایبڕ رومێئو نیم و نابم!

**ژوولیت**{ترساو و سەرسووڕماگ}: ئەتو کێیت؟

**رومێئو**{خۆی بۆی دەردەخات}: نازانم چون ناومت پێبێژم. دژ بەناوەکەمم. ئاخۆ چونکوو تو ڕقت لێیە.

**ژوولیت**: ئەگەرچی چەندوشەیەکم لێ بیستووی، بەڵام دەنگتم ناسی. ئایا ئەتو رومێئو لەمۆنتاگیوکان نیت؟

**رومێئو**: ئەی کیژیدڵتەڕ و دەلال، هیچ لەوانە نابم، گەر تو خۆشت ناون.

**ژوولیت**: چلون هاتوویتە ئێرە؟ بۆچ هاتی؟ پەرژینی باخەکە بەرزە و لێهاتنەسەر گەلێک دژوارە، ئەگەریش یەک لەخزمەکانم پێتبزانێ، ئێرە لێتدەبێ بە گۆڕ!

**رومێئو:** ئەڤین یاریدەرم بوو ئەو پەرژین و شوورەیە دابەزێنم. هیچ بەردێکی دیواریش ناتوانێ لەگەڵ ئەڤیندا ڕکەبەری بکا. ئەڤین دەتوانێ هەرشتێ بیەوێ، بەئەنجامی گەیێنێت. کەوابوو خزمەکانیشیت ناتوانن بەرامبەرم ڕابوەستن!

**ژوولیت{دڵپەرۆش}:** بەڵام ئەگەر چاویان پێت‌بکەوی، تەفروتوونات دەکەن!

**رومێئو:** ژ بۆ من ئاڵوزی و ڕەنگ‌زەردی چاوەیلت لەپێکانی خەنجەری بیست‌کەس لەوان گرنگ‌وگرانترە!

**ژوولیت:** بەڵام نامەوێ لێرە پێت‌بزانن!

**رومێئو:** بووڵێڵی و تارمایی شەو لەچاوانی وان دەمشارێتەوە، ئەگەریش ئەڤینی تۆم هەبێ دەست‌بلاو و گەردن‌ئازادن بمکۆژن! پێم‌خۆشترە تەفروتوونا بم هەتا ژیانێکی بەبێ ئەڤینی توم هەبێت!

**ژوولیت:** ئەمشەو تێکڕای قسەکانمت ژنەفت. باش دەزانی هەستم بەرامبەر بەتو چییە؟! تویش منت خۆش دەوێ؟ دەزانم دەبێژیت ''بەڵێ''. لێ ئەگەر خۆشمت گەرەک، تکایە گاڵتە بەهەستم نەکەی. بۆخۆت دلگەشم دەکەی، لێ ئەز بۆخۆم لەبارەی ئەم چاوپێ‌کەوتنی ئەمشەوەمان دڵەڕاوکێم هەیە! زۆر لەناکاو ڕووی‌دا. خۆشەویستەکەم، شەوت باش. ئاواتەخوازم لەچاوپێ‌کەوتنی ئەم‌جارەمان، ئەڤینمان وەک گوڵێکی لهەڤ بپشکوێ!

**رومێئو:** ئەرێ شادم ناکەی و دەڕویت؟

**ژوولیت:** دەی ئەمشەو چلون دەتوانم شادت بکەم؟

**رومێئو:** بەوەی کە ئاراستەمی بکەی! و ئەو هەست‌وسۆزی ئەڤینەتم بۆ دەربڕی.

**ژوولیت:** بەرلەوەی لێمی بخوازی، بۆم دەربڕیوی. ئەڤینی من وەکوو زەریا دەمێنێتەوە؛ قووڵ و لەبڕاننەهاتوو! {گوێ قولاغ دەکا} غەڵبەغەڵبێک دێتە گوێم. ماڵئاوا خۆشەویستم! {سەرپەرشتیارەکە دەنێو ژووری کۆشکەکەدا بانگی دەکا} ئەوە هاتم! { بەرەو ڕووی رومێئو} مۆنتاگیوی هێژا، بۆ هیچ کوێ نەچیت. نەختێک ڕاوەستە، دەگەڕێمەوە! {ژوولیت دەچێتە ناوەوەی کۆشک}

**رومێئو:** ئای کە چ شەوێکی دانسقە و دڵبزوێنە! ئەترسم گشتی بەقەدەر خەونێک بێت- خەون دەبینم؟!



"... ئەڤینی من وەکوو زەریا دەمێنێتەوە؛ قووڵ و لەبڕاننەهاتوو!"

{ژوولیت هەمدیسان دەگەڕێتەوە لای دەلاقەکە}

**ژوولیت**: تەنیا چەند وشەیەکی‌تر رومێئو گیان، ئای کە بەڕاستی شەوێکی تایبەت و ئاوارتەیە! گەر ئەو هەست-وسۆزەت دەهەڤبەرم خاوێن بێ، سبەی تەتەرێکت بۆلا دەنێرم. پەیامگەلت بەو تەتەرە بگەینە دەستم. شوێنکاتی مارەبڕینمانی بۆ بێژە! ئینجا ژیانم لەڕێگاتدا تەرخان دەکەم! لەهەر کوێ ئەم گویەدا بتەوێ ژیان بەسەر ببەی، لەگە-ڵتدا دێم و هاوڕێ و هاوشانت دەبم!

**سەرپەرشتیار**{لە ناوەوەی کۆشکەکەدا}: خاتوون!

**ژوولیت**{بەرسڤی سەرپەرشتیارەکە دەداتەوە}: ئەوە هاتم! {بەرومێئو} بەڵام ئەگەر سەبارەت بەم ئەڤینەمان ئەستوور نیت، لێت دەپاڕێمەوە...

**سەرپەرشتیار**{لە ناوەوەی کۆشکەکەدا}: خاتوون!

**ژوولیت**{بە سەرپەرشتیارەکە}: ئەوە هاتم! {بە رومێئو}... لێم دوور بکەوە تا بەزامی خۆمدا بتلێم و دەنێو گۆمی‌خوێندا بخزێم! بەیانی پەیامێکت بۆ دەنێرم. شەوت باش! {دەچێتە نێوەوەی کۆشک}

**رومێئو**{سرتە لەتەک خۆی}: بەبێ تیشکی ئەو ڕوومەتەت، شەوان هەزارجار بووڵێڵ‌تر و تەژی لەتارماییە! تاکی ئە-ڤیندار بەتەوژم و بەلەسەوە بۆلای ئەڤینەکەی هەڵدێ؛ ڕێک وەکوو منداڵێکی قۆتابی کوو لەوانەگەلی مەکتەب ڕا دەکا! لەگەڵ‌ئەوەشدا ئەڤیندار لەدڵبەرەکەی نالەبارانە وەدووری ئەخەن؛ هەر وەکوو کوڕگەلێک کە لەڕێی مەکتەبدان!

{ژوولیت دیسان بۆلای دەلاقەکە دەگەڕێتەوە}

**ژوولیت**: رومێئو! کەنگێ تەتەرەکەت بۆلا بنێرم؟

**رومێئو**: کاتژمێر نۆ!

**ژوولیت**: زۆر باشە. ئەمە وەک بیست‌ساڵ پێش وایە، هەتا... لەیادم چوو بۆچ بانگم کردوویت؟!

**رومێئو**: لەم حەننایە ڕادەوەستم تا بێتەوە بیرت.

**ژوولیت**: و هەتا بەردەوام لێرە بوەستی، دووبارە وەبیرم ئەچێ. دەمەو بەیانە، دەیتر شەو باش! گەلیک خەفەت‌هێنەرە ئاواها بەجێت‌بهێڵم. {دەچێتە نێوەوە}

**رومێئو:** گوڵەکەم بێکوسپ و لەشساغ بنووی! ئیدی شەویش کۆتایی هاتووە. ئەم سروەی بەربەیانە کە خۆڵە-
مێشاویش دیارە، بەسەرووی هەورەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕووناهی دەهێنێ. دەچمە ماڵی فریێر لاورێنس. لەبەختەوەری
خۆم بۆی دەدوێم و هانای بۆ دەبەم!

## پشووی دووهەم؛ باخەکەی بەرماڵی فرییێر لاڤرێنس

{فرییێر لاڤرێنس تاقوتەنیا دێتە ناوەوە و جانتاکەشی بەشانەوەیە}

**فرییێر**: پێش لەئەنگاوتنی تیرۆژ بەئاسمانەوە، دەبێ ئەم جانتایەم تەژی لەنەمام و ڕووەک بکەم. لەسەر ئەم گویەدا گیا و نەمامی جیاواز لەیەک زۆرن و گشتیشیان بەرهەمیان هەیە. تەنانەت زۆربەی‌جار، شتی خراپیش دەتوانێ بەهرە و کەڵکی بایەخداری لێ‌بکەوێتەوە. {گوڵێک دەچنێ} ئا ئەم گوڵەگچکەیە، هەم ژەحری تێدایە و هەمیش هەتوانە! ساتێ بۆنی گوڵێک هەڵدەمژی، وا هەست دەکەی وزەبەخش و لەش‌ساغ‌کەرە. لێ ئەگەر بیچێژی، دڵت ڕادەوەستێ و قیزت لێ‌دێتەوە.

{رومێئو بەڕێگاوە دێت}

**رومێئو**: بەیانی‌باش **باوکە**[*].

**فرییێر**{وروو‌ژاو}: داخۆم کێیە ئا لەم بەربەیانە، ئاوەها بەتین‌وگوڕ خۆشی‌ودۆشیم لەگەڵدا دەکا؟ هەرزەکاری لاوک، بۆچ لەژووری نووستنەکەتدا نیت؟ پیرەپیاوان بەساکاری ناخەون، لێ گەنجان کە دەتوانن! رومێئو دوێنێ‌شەو نەخەوتگی، وایە؟

**رومێئو**{بزە بە لێو}: وایە. زەمەنم بە ڕێگایەکی باشتر لەنووستن ڕابوارد!

**فرییێر**{وەڕەس و زۆر تووڕە}: چی؟ لە کن رۆزالاین بووی؟

**رومێئو**{شڵەژاو و سەرسووڕماگ}: لە کن رۆزالاین، باوکە گیان؟! نا، ناویم لەبیر سڕیوەتەوە. وی تەنیا قەرقەشە و قەشقەی زێدە دەکردم.

**فرییێر**: ئافەرەم شێرەکوڕی زاتار! دەی بەڵام لەکوێ بووی؟

**رومێئو**: بەرلەوەی دیسان لێمی پرسیار کەی، بەرسڤت دەدەمەوە. لە هەرەتی مێوانی نەیارەکەمدا بۆخۆم خۆشم‌ڕادە-بوارد. لەناکاو، ئیش‌ودەردێکی کاریم تووش‌بوو و یەکێکی‌تریش پێ‌تلیا. لێ ئەتو دەتوانی هاریکاری هەردووکمان بدەی و هەمووتشتێک ڕێک‌وپێک بکەی؛ ئاخۆ کە هانام بۆ هێناوی!

---

[*] باوکە (FATHER): چوێتی بانگهێشتکردنی فرییێر ژ بۆ ڕێزگرتنی

**فرییێر**: هیچت لێ‌تێناگەم. خۆیاتر بیڵێ و بۆمی تاوتوێ‌کە.

**رومێئو**: ڕاستیەکەی ئەوەیە کوو... دڵم داوە بە کیژێکی بێ‌وێنەی کەپیولیتی و ئەویش هەربەو جۆرە! دەمانهەوێ بۆ یەک ببین. تکایە هەر ئەمڕۆ بۆمی مارە بکە!

**فرییێر**{حەپەساو}: ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوە! ئاوەها بەساکار و خێرایی، ڕۆزالاین؛ ئەڤینی شکۆدار و مەزنت لەبیر کرد؟ باش فام دەکەم و دەبینم هەرزەکاران بڕایبڕ لەکانگا و ناخی دڵیانەوە ئەڤیندار نابن، بەڵکوو تەنیا بەچاوانیان! چەندە ڕندۆکت بۆ ڕۆزالاین ڕژاندووە؟ نەۆ دەتوانم هات‌وهاواری ناشادت بژنەفم و ڕوومەتی خەم‌گرتووت وەبەرچاو بێنمەوە. بەڕاس بیروڕات سەبارەت بە ڕۆزالاین گۆڕدراوە؟

**رومێئو**: گەلێک‌جار لەبەر خاتری ئەو هەستەم دەهەمبەر ڕۆزالاین لۆمەم دەکردی!

**فرییێر**: بەڵێ وایە، چونکوو ئەڤینێکی بێگەرد نەبوو. بۆیە نەمدەویست پەیوەندیت لەگەڵ ژنێکدا بپچڕێت و لەتەک ژنێکی دیکەدا پێ‌بگرێت!

**رومێئو**: لێم مەتۆرە. ئەم ئەڤینەم لەچاو ڕابردوودا، گەلێک جیاوازی هەیە؛ ئەویش هاوڕادە و هاوشێوەی خۆم، حەزی لێمیەتی!

**فرییێر**: هەی، هەی! ڕۆزالاین باش دەیزانی لەکانگای دڵتەوە بۆی نامری. زۆر چاکە، وەرە لەگەڵمدا بێ. هۆیەکی گرنگ لەئارا دایە کوو ژ بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدەم، دنەم دەداتێ؛ ڕەنگە ئەم پەیوەندییە هاوبەشە، ڕقی سەدان‌ساڵەی نێوان هۆزەکانتان کۆتایی بهێنێت و دڵگەرمم لەوەی ئەم دەمەقرێ و ناکۆکیەی نێوانتان بەتەبایی و ئاشتی بگۆڕنێت.

**رومێئو**: دەسا بڕوین، فرە پەلەمە!

**فرییێر**: ژیرانەتر وایە کاوەخۆ و بەهێمنی پێش بچی. دەوچەلەیدا مرۆڤ یپەوێ پەلە بکا، دەکەوێ و بەئامانج ناگات.

{رومێئو و فرییێر دەچن}

## پشووی سێهەم؛ گۆڕەپانی باژێڕی ڤێرۆنا

{بینولیۆ و میرشیتیۆ دەگەنە ئەوێ}

**میرشیتیۆ:** رومێئو لە کوێیە؟ دوێنێ‌شەو بەرەو ماڵ چووبووو؟

**بینولیۆ:** نە بۆ ماڵی باوکی. دەگەڵ خزمەتکارەیلی قسە کردم.

**میرشیتیۆ:** هێشتاکە رۆزالاینی ڕەنگ‌زەرد و دڵسارد ئازاوەی بۆ دەگێڕێ؟ ئەڤین، رومێئو لێوە و شەیدا دەکا.

**بینولیۆ:** تاییالت خزمی دێرینی کەپیولیت نامەیەکی ئاراستەی ماڵی باوکی رومێئو کردووە.

**میرشیتیۆ:** گۆمانی تێدا نییە بانگهێشتێکە ژ بۆ شەڕ!

**بینولیۆ:** رومێئو بەرسڤی دەداتەوە.

**میرشیتیۆ:** بەڵام رومێئوی کەیل و داماو، ماوەیەکە سووتاو دەنێو ئەڤینە و دەقرچێ، چون دەتوانێ لەتەک تاییالت بەریەک کەوێ و سەرکەوتووش بێ؟

**بینولیۆ:** بیروڕات لەهەمبەر تاییالتم بۆ شی‌بکەرەوە.

**میرشیتیۆ:** رومێئو شوڕەسوارێکی بەئەزموون و شارەزایە، لەخەباتگێڕێکی جوامێر و بوێریش دەچێ!! {رومێئو لێو بە-خەندە لەڕێ‌وەیە}

**رومێئو:** بەیانیتان باش.

**میرشیتیۆ:** ڕۆژ باش، سیگنۆر رومێئو. دوێشەو کڕژ و فرز لەژێر دەستمان هەڵاتی.

**رومێئو:** لێم‌ببوورە میرشیتیۆی ئازیز، ئیشێکی گرنگم بۆ پێش‌هاتبوو. بەبەخشە کارەکەم گەلێک سەغڵەت بوو!

**میرشیتیۆ:** فرە ڕووگەش بووگی! لەرومێئوی جاران دەچی؛ هەرئەو هەڤاڵە نازدارەمە کە پێشتریش دەمناسی. ئەم رومێئویە باشتر نییە لەچاو ئەو رومێئوی وشکەسەر و ملکزەی ئەڤینە؟

**رومێئو**{بزە بە لێو}: تاکێکی سەیروسەمەرە بەڕوانینێکی نامۆوە بەرەو ئێرە بەڕێگایەوە!

{سەرپەرشتیارەکە بەکراسێکی سپی و بریقەدارەوە لەگەڵ پیتێر هاتنە ئەوێ}

**میرشیتیۆ**{بزە لەسەر لێو بەدەوری سەرپەرشتیارەکەوە خۆل دەخوات}: دوو کەس! پیاو و ئافرەتێک!

**سەرپەرشتیار**{هەوڵدەدا لە میرشیتیۆ دوورەپەرێزی بگرێ}: ڕۆژتان باش. دەتوانن پێم‌بێژن لەکوێ رومێئوی لاو بدۆزمەوە؟

**رومێئو**: ئەی بۆچ نا؟ ئەزم!

**سەرپەرشتیار**: پێم‌خۆشە بەتەنێ لەگەڵتدا بئاخڤم.

**بینولیۆ**{بە میرشیتیۆ}: ڕەنگە دەیەوێ بۆ چێشتی ئێوارە داوەتی بکا!

{میرشیتیۆ قاقایەکی بەرز سەرئەدا}

**میرشیتیۆ**: رومێئو ناتەوێ لەتەکمان بەرەو ماڵی خۆتان بەڕێ‌کەوین؟

**رومێئو**: دوایی لەوێ دەتانبینمەوە.

**میرشیتیۆ**{دەستی سەرپەرشتیارەکە ماچ دەکا}: ماڵئاوا، خاتوونە ترشیاگ!

{میرشیتیۆ و بینولیۆ دەڕون}

**سەرپەرشتیار**: ئەو گەنجە ڕەزاقورس و جەبوونە کێیە؟

**رومێئو**: لاوکێکە حەز دەکا گوێ بۆ پەیڤگەلی شل بکەی! بەماوەی خۆلەکێک فرەشت دەبێژێ کوو لەمانگێکدا بەئە-نجامیان ناگەیەنێت!

**سەرپەرشتیار**: لێوەی گۆشت‌تاڵ! {ڕوو وەردەگێڕێت بەرەولای پیتێر} بۆ وشک و قنج ڕاوەستابووی؟ ئەڕا بەرت‌نە-گرت گوڵمەزم پێ‌نەکا؟

**پیتێر**{حریتەحریت پێ‌دەکەنێ}: سەرنجم ڕانەگرتبوو مژۆڵی سووکایەتی کردنتە!

**سەرپەرشتیار**: شووشەی سەبرم پڕ بووگە! شێتەی خوێن‌تاڵ! {رومێئو دەباتە قەراخەوە} جەناب، خاتوونی مە داخوازی لێم کردگە بەدووتدا بگەڕێم. لێ پێش‌هەمووتشتێک دەمەوێ پێت‌بێژم گەر تاک‌وتەراوانە بتەوێ لەگەڵ هە-ست‌وسۆزی گەمە بکەیت، بەلارێدا چووگی. خاتوونی مە، زۆر لاوتر لەم قسەگەلەیە!

**رومێئو:** سەرپەرشتیار، ئەمن زۆر ئەستوورم. تکایە بەتین‌ترین سڵاوی ئاراستە بکە. بەڵێنی دەدەمێ...

**سەرپەرشتیار:** باشە، پێ‌ڕادەگەیەنم. ژنێکی کامران و بەختەوەری لێ‌هەڵدەنجنرێت!

**رومێئو:** بەڵام چی پێ‌ئێژی، سەرپەرشتیار؟ تو کە گوێم لێ‌ناگری!

**سەرپەرشتیار:** جەناب، بۆی دەڵێم وەک پیاوێکی ڕاسوێژ و پێگەییو بەڵێنی مارەیی‌کردنتی داوە.

**رومێئو:** چاکە، پێ‌بڵێ شوێنکاتی جێژوانمان، پاش‌نیوەڕۆ ماڵی فریێر لاڤرێنس دەبێ و لەوێ پێکەوە بەفەرمی ژیانی هاوبەش پێک‌ئەهێنین. {هەندێک پارەدەدا بە سەرپەرشتیارەکە} بیگرە!

**سەرپەرشتیار:** ئوە جەناب. پارەم نەگەرەک!

**رومێئو:** بڕو و خۆشی ڕابوێرە، دە بیگرە!

**سەرپەرشتیار{پارەکە وەردەگرێ}:** ئەم دوانیوەڕۆیە، جەناب؟! لەوێ ئامادە دەبێ.

**رومێئو:** بوەستە سەرپەرشتیاری هێژا، لەودیوی شوورەی کەنیسەکەوە، نیوکاتژمێری‌دی، لێزوگزیرەیلم دێنە کنت و گۆریسێکت دەدەنێ. ئەمشەو بەنهێنی لەبۆهاتنەسەر بۆ ژووری نووستنی خاتوونەکەم، بەکاری‌دەهێنم! ماڵ‌ئاوا. سڵاوی پڕهەستمی بۆ ڕاگوێزێنە.

**سەرپەرشتیار:** گەلێک سپاس، جەناب! گوێ‌ڕادێرە...

**رومێئو:** سەرپەرشتیاری ئازیز، دەتەوێ چی بڵێی؟

**سەرپەرشتیار:** جەناب، خاتوونی مە خڕومڕ و ئێسک‌سووکترین کیژە. لەبیرمدێ وەختائێک چکۆلە بوو... ئۆی، میرزادەیەک پاریس‌ناو لەم شارەدایە. فرەی پێ‌خۆشە بیخوازێ، لێ ئەو ڕقی لێیەتی. جاروبار تەنگی پێ‌هەڵدەچنم و ئەێژم پاریس کوڕەچاکە و لهەڤە.

**رومێئو:** بەپێزترین سڵاوی گەرمی ناخمی پێشکەش بکە. {دەڕوات}

**سەرپەرشتیار:** هەزارجار بە سەر چاوانم. هەو پیتێر!

**پیتێر:** ئەوە هاتم دەی!

**سەرپەرشتیار:** بەرم بکەوە و بەلەسە ڕێی کەوە!

{سەرپەرشتیار و پیتێر ئەویَ چوڵدەکەن}

## پشووی چوارەم؛ ژووری نووستنی ژوولیت

{ژوولیت دێتە نێوەوە}

**ژوولیت:** لەکاتژمێر نۆوەوە سەرپەرشتیارەکەم بۆلای رومێئو ناردووە. بەڵێنی‌داوە تا سی‌خۆلەکی‌تر بگەرێتەوە. ئای کە هەڵتەک‌هەڵتەک دێتە رێ! تەتەرگەلی ئەڤین دەبێ بەهەڵپەوە رێ‌بپێون! ئەمێستا نیوەڕۆیە و سێ‌کاتژمێری تێ‌پەڕاندووە و هێشتایش نەگەڕاوەتەوە. تەمەن بەسەر چووگە! هەست و خوێنی هەڵقوڵیاوی گەرمی لاوێکی لێ‌نابێتەوە. بەباشی هیچ ئیشێک بەرێوەنابا، کە چی گۆلەگۆلیش دەچێتە رێ. {سەرپەرشتیار و پیتێر هاتنە ژوورەوە} ئای شیرینەکەم، نازدار، شەدەلار، هەواڵ چییە؟! رومێئوت چاوپێ‌کەوت؟ پیتێر بخەرە دێشت.

**سەرپەرشتیار:** پیتێر برِو و لەبەر دەرگاکە ڕاوەستە.

{پیتێر دەچێ}

**ژوولیت:** دەی سەرپەرشتیاری خۆشەویست... ئەرێ بۆچ وا پەرۆش دیاری؟ ئەگەر نووچەیەکی دڵتەزێنت هێناوە توخوا پێم‌بڵێ. ئەگەریش هەواڵێکی دڵبزوێنە، کەوابوو ئاوەها پەرێشان مەنوێنە.

**سەرپەرشتیار{چۆک دەدات}:** ماندووم. بۆ چرکەیەک تەنیا جێم‌بهێڵە. لاشەم ژان ئەکا! رێگایەکی دوورم پێواوە!
**ژوولیت:** وەرە تەنیشت خۆم، دە بدوە لەگەڵما هێژا، خۆشەویستم تکایە قسان بکە!

**سەرپەرشتیار:** پەلەی چیتە؟ ناتوانی چەند خۆلەکێک ئۆقرە بگری؟ نابینی پێویستم بە شەکەت‌دەرکردنە؟!

**ژوولیت:** هەواڵەکەت چاکە یان خراپ؟ تەنیا ئەوەمە وەڵام بدەوە. خاسە یان خراپ؟

**سەرپەرشتیار:** باش... رواڵەتی رومێئو لەدیتران دڵڕفێنترە. ئەتو قەد ناتوانی ئەو لاشە و مەچەکەی رومێئو لەچاو پیاوانی دیکە، بەراورد بکەی. سەیر و ناوێنەیە! کوڕێکی شەپال و ئاکاربەرزە. چێشتی ئێوارەت خواردووە؟

**ژوولیت:** نا، نا، نا! ئاخۆ گشت ئەمانەم لەپێش‌دا دەزانی! سەبارەت بە مارەبڕی‌کردنمان چی گۆت؟

**سەرپەرشتیار:** سەرژانێکی قورسم گرتووە! وەختە مێشکم بتەقێتەوە و ببێتە بیس‌لەت! پشتیشم ژان ئەکا- ئاخ پشتم، پشتم! بۆچ ناردمتە دەرێ؟ وەختە بەهۆی ئەو گشت پیاسە و هەڵاتنە بمرم!

**ژوولیت**{دەکۆشێ ئارام و کاوەخۆ بنوێنێ}: گەلێک جێ‌داخە لەبەسۆبارینی هەستم تێ‌ناگەی. ئازیز، هێژا... لێت‌دە-پاڕێمەوە، ئەو عەشقەم چی پێ گۆتی؟

**سەرپەرشتیار**: وەک پیاوێکی ڕاسوێژ و لاوێکی بەئاکار، ئەو عەشقەت دەڵێ... دایکت کوانێ؟

**سەرپەرشتیار**: کچێ گیان، بۆچ ئاواها وروژاوی؟ ئەمەبوو وەڵامی ئەو هەموو چاکیەی لەگەڵتدا کردم؟ دەتهەوێ ئێشی لاشەکەم بکۆلنیتەوە؟ بەم زووانە بەرسڤی خۆت وەردەگریت!

**ژوولیت**{کاوەخۆ و بەرواڵەتێکی قینخۆڕانە}: رومێئو چی وت؟

**سەرپەرشتیار**: بۆ ئەمڕۆ، دەرفەتی ڕویشتن بۆ کەنیسەت وەرگرتووە؟

**ژوولیت**: بەڵێ، دەرفەتیان دامێ.

**سەرپەرشتیار**: کەوابوو بێ‌یەک‌ودوو بەرەو ماڵی فریێر لاڤرێنس هەڵبێ! لەوێ دلدارەکەت چاوەنواڕت وێساگە. ڕوومەتت سوور هەڵگەڕاوە؟! ئەزیش دەبێ بەشۆن ئێشێکی‌تردا خۆم خجڵ بکەم؛ گۆریس وەگیر خەم. خۆشەویستە-کەت دەیهەوێ دوابەدوای لێڵی کەژوهەوا بۆ هاتنەسەرەوەی بناری دیوەکەت، بەکاری بهێنێ. هەمووی ئەم ئێشە گرانانەم ژ بۆ گەشاوەکردنی تو کردووە! ئێستەکانێ دەڕوم چێشتی ئێوارە بخۆم. دە زوو بچو بۆ ماڵی فریێر لاڤرێنس.

**ژوولیت**: باشە، ئەوا دەڕوم. چ بەختێکی سەیرم هەیە! سەرپەرشتیاری ئازیز ماڵئاوا.

{ژوولیت و سەرپەرشتیارەکە دەڕونە دەرێ}

## پشووی پێنجەم؛ دیوێکی ماڵی فریێر لاڤرێنس

{فریێر لاڤرێنس و رومێئو دێنە نێوەوە}

**فریێر**{پەشێوانە}: بەوئاواتەم ئاکامی ئەم پەیوەندییە، هیچ کەندوکۆسپێک نەخاتە بەر ڕێگاتان!

**رومێئو**: منیش بەو هیوایەم. تەنانەت ئەگەریش ناکۆکی بێتە پێشێ و لەگەڵ ژوولیتدابم، بۆ چرکەیەکیش ئاسوودەیی و بەختەوەری لێم‌جوێ نابێتەوە و دەحەسێمەوە. گەر دەستمان دەنێو دەستی یەکتر بخەیت، تەنانەت مەرگیش ناتوانێ لێکمان بکاتەوە. ئەگەر بزانم ژوولیت هی منە، ئەوە بۆ من بەسە!

**فریێر**: ئەم سۆزوهەستە هەڵقوڵیاگ و پڕهێزە، شادی ناهێنێت. ئەڤیندار و دڵبەرەکەی دەسووتێن و پاشانیش دەمرن. ئاوەها بە تیکسرماوی دڵداری مەکە، لەبەر ئەوەی دڵبەرەکەت گەورە و کەتە دێتە بەرچاوت. {سەرنجی بۆ دەوروبەر ڕادەکێشێ و ژوولیت دەبینێ} خاتوو ژوولیت هات. بڕوا چون ڕا ئەکا!

{ژوولیت بەپەلەیی دێتەڕێ و رومێئو دەگرێتە باوەش و ماچی ئەکا}

**ژوولیت**: ئێوارەت باش، باوکە.

**فریێر**: ئێوارەی خۆیشت باش.

**رومێئو**: وەی ژوولیت گیان، ئەتویش خۆتت وەک من لێوانلێو لە شادی هەست دەکەی؟ بدوە لەگەڵما شیرین‌پەیڤ؛ بەو چرپە و موسیقایەت کە گۆرانی ئەڤین دەچرپێت!

**ژوولیت**: ناتوانم ئەو کەیف‌خۆشیمە دەربڕم!

**فریێر**: لەگەڵمدا وەرن. زۆر درێژە ناخایەنێ. هەتا دەستتان نەنێمە نێو دەستی یەکدی و مارەتان نەکەم، وازتان لێ‌ناهێنم و جێتان‌ناهێڵم.

{رومێئو، ژوولیت و فریێر دەچنە دەرێ}

# پەردەی سێهەم

# کۆشتن و شاربەدەرکردن

## پشووی یەکەم؛ گورەپانی باژێری ڤێرۆنا

{میرشیتیۆ و بینولیۆ دەگەنە پێش. ئابرام و بالتاسەریش بە ڕدوویانەوەن}

**بینولیۆ:** تکایە میرشیتیۆی ڕێزدار، وەرە بچینەوە ماڵ. خۆرەتاو بەتینە و کەپیولیتەکانیش لەشاردان. ئەگەر چاومان پێ- بکەون، تووشی گێچەڵ دەبین. ئەم تاو و گەرمایە گشت کەسێ شێت ئەکا.

**میرشیتیۆ:** تو لە ڕیزی ئەوانەی حەز بەئاژاوەگێڕان دەکەن!

**بینولیۆ{هەترەی دەچێ}:** ئەز؟ بەڕاس مەبەستت منە؟

**میرشیتیۆ:** بەڵێ! هەمووکاتێک چاوەنواڕی ڕەخسانی هەلومەرجێکی ئاڵوزمەند دەکەی و ئێستەیش پیمئێژی ئاژاوە سازکەر نیت؟!

{تاییالیت لەلایەکیترەوە دێ. سەمپسۆن و گریگۆریش بە دوویەوەن}

**بینولیۆ:** ئاخ، نا! کەپیولیتەکان هاتن.

**میرشیتیۆ:** دەی زۆر چاکە و تۆکمەیە!

**تاییالت{ڕوو بە سەمپسۆن و گریگۆری}:** بەئەستووری پاڵپشتیم بکەن- دەمهەوێ لەگەڵ ئەم مۆنتاگیووانە بدوم. کاکە ئێوارەتان باش. دەتوانم لەگەڵتاندا بپەیڤم؟

**میرشیتیۆ:** دڵنیایت تەنیا دەتەوێ لەتەکمان‌دا بپەیڤی؟ ناتەوێ شەڕیشمان لەگەڵدا بکەی؟

**تاییالت:** کاکە، ئەگەر هەربەو ڕێچکەیە قینم‌هەڵسێنی، هێدی‌هێدی بۆ غەڵبەغەڵب و مشت‌ومڕکردن ئامادەم دەکەی. میرشیتیۆ ئەتو هەڤاڵی نزیکی رومێئویت.

**میرشیتیۆ**: وایە، کە چی بێ، گرفتی تێدایە؟ {خەنجەرەکەی دەرئەهێنی} ئەمە خەنجەرەکەمە! پێت‌خۆشە تیژێتی چەشکە بکەیت؟

**بینولیۆ**{ژ بۆ پاراستنی ئاشتی و تەبایی، هەوڵی بێ‌وچان دەدا}: لەشوێنێکی ئاڤەڵادا مژۆڵین دەپەیڤین. وەرن بچینە شوێنێکی نهێنی یان بەئەسپایی و بەبێ‌خوێن‌ڕشتن بپەیڤین. گشت‌کەسێ چاوەدێریمان دەکەن.

**میرشیتیۆ**: دەی قسەی چی ئەکەن؟ ئەوان ئازادن بنوورن، لێ ئەز ئێرە چوڵ ناکەم!

{رومێئو دێ}

**تایبالت**{بە میرشیتیۆ}: کاکە، پێم‌خۆش‌نییە دەمەتەقەت لەتەکدا بکەم! ئەوەها پیاوێک بەرێگەوەیە کە رێزی بۆ دەگرم! {لەسەر رێ رومێئو دەوەستێ} رومێئو هەرکە دەتبینم، ئەم‌دڵەم تەژی لە قین دەبێ!

**رومێئو**{بەهێمنی}: تایبالت، هۆیەکی رازی‌کەرم هەیە ئەتوم خۆش‌بوێ. کەوایە رکی ئەو چەشنە هەواڵپرسینەت بەدڵ ناگرم. ئەتو نازانی ئەز کێم! ماڵ‌ئاوا. {رومێئو رێگە دەگرێتەبەر کوو ئەوێ چوڵ بکا}

**تایبالت**{بە شوێنیدا}: کوڕە، خراپەت لەگەڵدا کردووم. ئێستە دەرمەچو، ناتەوێ کە هەڵبێی. بگەڕێوە و خەنجەرەکەت دەربهێنە.

**رومێئو**{دەگەڕێتەوە}: بڕوای‌بڕ هەڵەیەکم بەرامبەر بەتو نەکردووە. لەوە زێدەتر لەسەری مەچو، خۆشم دەوی! ئەو ناوە-ت بەقەد ئەم ناوەی خۆمە، خۆشم لێ‌دێ! تکایە کەپیولیتی بەڕێز، بەوەی کە رقم ئاورین بکەی، درێژە مەدە. {هەم دیسان رێ‌دەکەوێ کە بڕوات}

**میرشیتیۆ**{بەقینەوە بە رومێئو دەڵێ}: بۆچ ئاواها کوڵکن و لاواز بووگیت؟ حەز دەکەی تایبالت بەملتدا سەرکەوێ؟ {خەنجەرەکەی دەرئەهێنێ} تایبالت وەرە ئێرە!

**تایبالت**{بەرەو ڕووی میرشیتیۆ قەڵەمباز دەنێ}: دەتەوێ چیم لێ‌بکەی؟

**میرشیتیۆ**: شەرت لەگەڵدا دەکەم. خەنجەرەکەت بکێشە دەر، پێش‌ئەوەی تەفروتوونات بکەم!

**تایبالت**: ئەزیش ئامادەم. {خەنجەرەکەی دەرئەهێنی}

**رومێئو**: میرشیتیۆ گیان، ئەو خەنجەرەت وەلابنێ.

**میرشیتیۆ**{بە تایبالت}: دەنوورم بزانم چلون خەنجەرەکەت بەکارئەهێنی!

{میرشیتیۆ و تایبالت پێکدادان دەستپێدەکەن}

**رومێئو**: بینولیۆ ئەو خەنجەرەت پەراوێز بخە، هاریکاریم بدەیێ لەم ئاژاوەیە بەرگری بکەم! تکایە کاکەگیان، خەنجەرە-کانتان وەلابنێن. شازادە ئەمری کردووە لەشەقام و گەڕەکەکانی ڤێرۆنادا، ئاوری شەڕ دامەگرسێنن. ئیدی بەسیەتی! دەس هەڵگرن، تایبالت، میرشیتیۆ!

{رومێئو بەملا و ئەولایان خولدەخواتەوە و دەستی دەخاتە بەر هەردووکیان تا لەمپەری هەڵکردنی ئاگری شەڕەکە بێ. تایبالت خەنجەرەکەی دەچەقێنێتە زگی میرشیتیۆوە}

**سەمپسۆن**: باوکەڕۆ، زوو ڕاکە تایبالت، دەی پەلە بکە!

{تایبالت لەگەڵ سەمپسۆن و گریگۆری، بەخێرایی ئەوێ بەجێئەهێڵن}

**میرشیتیۆ**{چوکی داوە}: خەسارم پێگەیشت! لەحنەت لەبنەماڵەی هەردووکتان! وەختە بمرم. تایبالت هەڵات؟ بریندار بەبووگە؟

**بینولیۆ**{دەستگەلی ئاڵاندووە بەدەور میرشیتیۆوە}: بەڕاس بریندار بووگی؟!

**میرشیتیۆ**: وایە، وایە. گچکەزامێکە، بەڵام بەس دەبێ! {بە ئابرام} بچو بانگ لەپزیشکەکە بکە.

{ئابرام بەخێرایی دەڕوات}

**رومێئو**: کوڵنەدەر بە، شێرەکوڕ! لەوەناچێ برینێکی کاری بێ.

**میرشیتیۆ**: نا، برینێکی قووڵ نییە و نەپژراوەتەوە. لێ ژ بۆ کوشتنی من بەسە! ئەگەر بەیانی بۆم بپرسی، لەگۆڕەکەمدا دەمدۆزیتەوە. لەحنەت لەبنەماڵەی هەردووکتان! {بە رومێئو} بۆخۆت هەڵقورتاند و بوویتە نێوەنجیکەرمان؟ ئەوساتەی دەستت بەرزکردەوە، زامدارمی کرد.

**رومێئو**{چاو بە ڕندۆک}: تەنیا هەوڵمدەدا یارمەتیت بدەمێ.

**میرشیتیۆ**: بینولیۆ بەهاوارم بگە، ببەرەوە ماڵ. لەحنەت لەبنەماڵەی هەردووکتان! تەفروتووناتان کردم!

{بینولیۆ، میرشیتیۆ دەگرێتە ئامێز و دەبیات}

**رومێئو**: میرشیتیۆ؛ خزمی نزیکی شازادە و هەڤاڵی دڵوڤانم بەبۆنەی منەوە بەسەختی بریندار بووگە. ئاخ ژوولیتی نازدار، ڕوومەتی شەپالتم هاتەپێش‌چاو...



"... تکایە کاکەگیان، خەنجەرەکانتان وەلابنێن!"

{بینولیۆ دەگەڕێتەوە}

**بینولیۆ:** ئاخ‌وداد و ڕۆ، رومێئو، رومێئو! میرشیتیۆی پاڵەوان تیاچووگە!

**رومێئو:** ئەمڕۆ کارەساتگەلێکی سەرنجڕاکێش قەوماون، لێ هەرهەموویان هێشتا جا سەرەتای دەسپێکردنێکی مەزنترن. گەلێک کەندوکۆسپ لەپێش دایە.

{تاییالت دەگەڕێتەوە}

**بینولیۆ:** ئەوا هەم‌دیسان تاییالتی ڕکن و تامەزرۆی ململانێ‌وئاژاوە، گەڕایەوە.

**رومێئو:** تاییالت زیندوو بێت و میرشیتیۆیش مردوو؟! دەفری سەبرم تەژی بووگە و ئیدی نامەوێ پاشەکشە بکەم. ئەی تاییالت! میرشیتیۆ بۆ ئەوەی بڕویتە تەنیشتی، چاوەڕوانیت دەکا. یەکێک لەئێمە یان هەردووکمان دەبێ بچینە کنی!

**تاییالت:** ئەی کوڕە گەمژە و خۆل و گێجە، ئەتو هەڤاڵی بووی و دەشێ تو بڕۆی!

**رومێئو:** وەرە، زۆران بگرین! ئەوکات دەبینین چ دەقەومێ!

{بەگژیەکدا دەچن. رومێئو تاییالت دەکوژێ. تاییالت دەکەوێتە سەر زەوی و چۆکی مەرگ دەدات}

**بینولیۆ:** تاییالت مردووە! خەڵکی شاریش خەریکن دێنە ئێرە! رومێئو، دە هەڵێ! لێرە ڕامەوەستە و سەرلێشێواو لێ‌مە-ڕوانە. ئەگەر دەست‌بەسەرت بکەن، شازادە سزای مەرگت دەداتێ. بچو، دە ڕاکە!

**رومێئو:** ئاخ کە چیم کرد؟

**بینولیۆ:** بۆچ ڕاوەستاوی؟ دە خۆت ون‌بکە! دەرچو!

{رومێئو دەرئەچێ و خەڵکی شار دەگەنە ئەوێ}

**خەڵکی‌باژێرەکە:** داخۆم بەچەشێوازێکەوە کوژەری میرشیتیۆ، ئەوی تەفروتوونا کردبێت؟ ئەی چلون تاییالتیشیان بردووە؟

**بینولیۆ**{ئاماژە بەلاشەی تاییالت دەکا}: ئەوە های تاییالت لەوێ داکەوتووە.

{شازادە، میری‌مۆنتاگیو، میری‌کەپیولیت لەگەڵ خێزانەکانیان دەگەن}

**شازادە:** داخۆم کێ ئەم‌شەڕە نامرۆڤانەی ساز کردبێ؟

**بینولیۆ:** ئای شازادەی مەزن، دەتوانم هەمووشتێکت بۆ بگێڕمەوە. تایبالت بوو کە میرشیتیۆ؛ ئەو خزمە پاڵەوانەتی لە-ناوبرد، ئەوەها لاشەکەشی هەڵاژیاوە و پاش ئەو کارەساتە لەلایەن رومێئوی گەنجەوە کوژرا.

**خاتوونی‌کەپیولیت**{خۆی دەخاتە سەرلاشە مردووەکەی تایبالت و دەداتە پرمەی گریانەوە}: تایبالت، ئاخ برازاکەم! ئاخ رۆ، شازادە، هاوسەرەکەم! تایبالت سەری دانەواندووە! شازادە، مۆنتاگیوکان تایبالتیان خزاندە ناو گۆمی خوێنەوە. ژیانی مۆنتاگیویەک‌گرتن، سزای ئەوانە و تکایە تۆڵەیان لێ‌بستێنەوە. ئاخ تایبالت، تایبالت!

**شازادە:** بینولیۆ، کێ ئەم شەڕە قورسەی دەسپێکرد؟

**بینولیۆ:** تایبالت! رومێئو، زۆر بەئەسپایی لەتەکیدا دەپەیڤی و داواشی لێ‌کرد گێرەشێوێنی نەکات. لێ تایبالت بلێسەی قینی گڕاوی بوو و نەیدەویست گوێ بۆ ڕاگرێ و شاڵاوی بەسەر میرشیتیۆ هێنا. رومێئو دەستەیلی بۆ بەرگری‌کردن لەشەڕەکە فراژوو کرد و بوو بە قەڵغان. تایبالتیش لەژێر دەستی رومێئووە خەنجەرەکەی ئاخنیە زگ میرشیتیۆوە. تایبالت هەڵات، لێ دووبارە گەڕایەوە. رومێئویش کە لەمەرگی میرشیتیۆ حەپەسا بوو، لەگەڵ تایبالت‌دا بەریەک‌کەوتن. پێش لەوەی بتوانم بەریان پێ‌بگرم، رومێئو تایبالتی لەناوبرد و پاشانیش هەڵات.

**خاتوونی‌کەپیولیت:** بینولیۆ لەکەس‌وکاری مۆنتاگیوکانە. فشە ئەکا. رومێئو تاوانبارە بە کوشتنی تایبالت و دەبێ بەمەرگ، تۆڵەی لی بستێندرێتەوە.

**شازادە**{خەمبار و ژاکاوانە}: تایبالت، میرشیتیۆی کوشت. رومێئویش تایبالت! ئێستە بۆ کێ سزای سێدارەدان دە-سەپێندرێت؟!

**میری‌مۆنتاگیو:** رومێئو؟! نا، شازادە. وی هاوڕێ میرشیتیۆ بوو. تایبالتیش میرشیتیۆی نوقمی خوێن کرد. بەپێی یاسا سزای مەرگە؛ کە رومێئو جێ‌بەجێ کرد!

**شازادە:** و بەبۆنەی ئەم کردەوە دژەمرۆیانەیە دەمەوێ لەڤێرۆنا شاربەدەری بکەم. میرشیتیۆ خزمی من بوو. ئەوم لەدەس دا؛ تەنیا بەهۆی مشتومڕ و ئاژاوەی خۆخوازی و نامرۆیانەی ئێوە. {بەرەو ڕووی میروخاتوونی‌مۆنتاگیو} کرووزانە-وەی ناوێ. نامەوێ گوێ بۆ پاڕانەوەی لێبوردن بۆ رومێئو، شل بکەم و ناشمەوێ ئەو بۆچوونەم بگۆڕێنم. دەبێ هە-رئێستە رومێئو ئێرە بەجێ‌بهێڵێ. لەمەو بەدوا، ئەگەر لەڤێرۆنادا کەسێ چاوی‌پێ‌بکەوێ. دەبێ بەکوژراوی بێت. {ڕوو بەرەولای خەڵکی‌باژێڕەکە وەردەگێڕێ و قامکی‌هێنا بۆ ڕووفاتی تایبالت دەکێشێ} ئەم لاشەیە وەپەراوێز بخەن.

{بڕێک لەخەڵکەکە، لاشەی تایبالت هەڵدەگرن، دەیخەنە سەرشان و دەڕون. هەمووشیان بەڕدوویانەوە دەچن}

## پشووی دووهەم؛ ژووری نووستنی ژوولیت

{ژوولیت تاقوتەنیا دێتە ناوەوە}

**ژوولیت:** پەلە بکە دەی! ئەی تیرۆژ، خۆت بشارەوە! کە شەو دەرفەت و جێژوانێکە ژ بۆ ئەڤینداران. ئەی شەو، وەرە! رومێئو، وەرە. تو بۆ من وەیتە ڕۆژێکی ڕوون! ئەمرۆ زۆر بەشێنەیی و ئارام دەگوزەرێ. بەڕادەی زارۆکێک، تازە کراسی نوێمێوانییان بۆ کڕیێ، سەرسووڕماگم. {سەرپەرشتیارەکە دێ، بەچاوگێڕانێکی دڵەڕاوکێیانە و چڕ لەمەترسی، گۆریس بەدەستەوە سەیری ئەملا و ئەولای دەکا} وەی کە ئەوە سەرپەرشتیارەکەم بە نووچەگەلێکی نوێوە هاتووە. یە چەس؟ گۆریست هێناوە، سەرپەرشتیار؟

**سەرپەرشتیار**{ورووژاو و ترساو}: وایە، وایە، ئەمە گۆریسەکەیە. {دەیهاویشتە خوارێ}

**ژوولیت**{ورووژاو و نیگەران}: چ قەوماوە؟ تەگەرە و گرفت لە چیدایە؟

**سەرپەرشتیار**{چاو بە فرمێسک و هەنێسک}: مردووە، مردووە، مردووە! گشتشتێ بۆمان کۆتایی هاتووە، خاتوون! ئاخ کە چ ڕۆژێکی حەزین و پڕلە چەرمەسەریە! مردووە، مردووە! ئاخ رومێئو! کێ دەتوانێ کردەوەیەکی ئاوەها تۆقینەر و پڕمەترسی وەپێش چاو بێنێ!

**ژوولیت:** رومێئو، خۆکوژی کردووە؟ دە زوو بەرسقمبدەوە. گەر مردووە تەنیا بڵێ "ئەرێ"، ئەگەریش نە "نا"!

**سەرپەرشتیار:** لاشە مردوەکەیم هەر بەم دووچاوەی خۆمە بینی. ڕەنگپەڕیاگ، ئیشک و خەڵتانی خوێن داپۆشرابوو.

**ژوولیت:** ئێستە شووشەی دڵم دەشکێ! ئەگەر رومێئو تیاچووبێت، ئەزیش ئاواتەخوازی مەرگم!

**سەرپەرشتیار:** ئەو، تاییالت، تاییالت، ئەمەکدارترین هەڤاڵم! تاییالتی خوێنشیرین و ئێسکسووکم ڕۆ! ئەمن هێشتا ماوم و ئەتو مردووی!

**ژوولیت:** چی؟ رومێئو و تاییالت، هەردووکیان مردوون؟ خاڵوزای هێژا و هاوسەری خۆشەویستم؟!

**سەرپەرشتیار:** تاییالت کوژراوە و شازادەیش بۆماوەیەک رومێئوی لەڤێرۆنا شاربەدەر کردووە.

**ژوولیت:** رومێئو دەستی بەخوێن تاییالتەوە تلیا؟

سەرپەرشتیار: بەڵێ، بەڵێ! ئاخ کە چ ڕۆژێکی خەمبار و تەژی لەنەهامەتییە، ئەرێ! لەحنەت لە رومێئو!

**ژوولیت:** بە رومێئو ناتۆرە و جنێو مەدە!

**سەرپەرشتیار:** خەریکی لەکۆژەری خاڵوزاکەت پشتگیری دەکەی؟

**ژوولیت:** دەتەوێ ناووناتۆرە ئاراستەی مێردەکەم بکەی؟ {سرتە لەگەڵ خۆی} ئای رومێئوی قەشقەی من! داخۆم ئەوە کێ دەبێ بێجگە لەمن بەمچەشنە سەبارەت بەتووە بئاخڤێ؛ هەر ئەم ژنەمارەکراوەی سێ‌کاتژمێرەت! ئاخۆ بۆچ خاڵوزاکەمت کۆشت؟ یان ئەو خاڵوزامە دەیویست تو بکۆژێ؟! {لەگێژی زەریای بیرکردنەوەدا نوقم بووگە} رومێئو زیندووە؛ ئەمە هۆیەکی دڵخۆشکەرە، کەوابوو بۆچ دەگریم؟ {بەرەو رووی سەرپەرشتیارەکە هەڵدەسوورێتەوە} کە-گۆتت رومێئو شاربەدەر دەکرێ؟ ئەو وشەی شاربەدەرکردنە لەمەرگی دەهەزارکەسی وەک تایبالت، قورس و ئەستەم-ترە! دایک‌وباوکم لەکوێن؟

**سەرپەرشتیار:** لەسەر رووفاتەکەی تایبالتدا مژۆڵی شیوەنن. دەتەوێ بچیتە تەنیشتیان؟ ئەز ڕاپێچی ئەوێت دەکەم.

**ژوولیت:** نا، ئەوان دەتوانن بەئەسرینی چاوانیان لاشەکەی بشۆرن! وەختانێک کانی فرمێسکیان وشک بوو، ئینجا دە-روم؛ سەبارەت بە لەشاربەدەرکردنەکەی رومێئووە کزوماتم! گۆریسەکە کۆبکەرەوە. رومێئو وا پلانی داڕشتبوو بۆ ئە-مشەو لەبۆهاتنەسەرەوەی دیوەکەم بەکاری بهێنێ، بەڵام لەوەناچێ...

**سەرپەرشتیار:** دە ڕاکە بەرەو ژوورەکەت. دەچم و رومێئو دەدۆزمەوە. ئەزانم لەکوێیە! ماڵی فرییێر لاڤرێنس.

**ژوولیت:** ئای کە لێت‌دەپاڕێمەوە بیدۆزیتەوە! {ئەنگوستیلەیەک دەداتە سەرپەرشتیارەکە} ئەم ئەنگوستیلەیە بگەیەنە لای ئەو ئەڤینە بێگەردەمە. پێ‌بێژە بۆ دوایین‌جار بیت و ماڵئاواییم لێ‌بکا.

{ژوولیت و سەرپەرشتیارەکە، سێنەکە چوڵ دەکەن}

## پشووی سێهەم؛ ژوورێکی ماڵی فریێر لاڤرێنس

{فریێر لاڤرێنس دێتە نێوەوە}

**فریێر**{دەچرێ}: وەرە دەرێ رومێئو! جێ‌مەترسی لەئارادا نییە.

{رومێئو دێتە دەرێ}

**رومێئو:** بارودۆخ چونە؟ ئەو سزایەی شازادە بۆی دەربڕیوم، چییە؟ چ سزایەکی تاقەتپڕووکێن‌یان بەسەرمدا سە-پاندووە؟

**فریێر:** هەمیشە لەبیر تەنگ‌وچەڵەمەکان دای.

**رومێئو:** ئایا شازادە سزای سێدارەدانی بەسەرمدا سەپاندووە؟

**فریێر:** نا، سزایەکی ئەوەندە قورسیش نییە. فەرمانی شاربەدەرکردنی ڕاگەیاندووە.

**رومێئو:** شاربەدەرکردن؟ تۆزێک دڵ بەبەزەیی ببە، بێژە ''مەرگ''! شاربەدەرکردن فرە لەمەرگ دژوارترە.

**فریێر:** شازادە لەڤێرۆنا، شاربەدەرتی کردووە. لێ ببڕای‌ببڕ نائومێد مەبە، ئەم جیهانە هەوارگەیەکی پان‌وبەرینە.

**رومێئو:** جیهانێک لەوپەڕی دیوارەکانی ڤێرۆنادا، بوونی نییە!

**فریێر:** ئەتو زۆر بەخۆتدا شکاویتەوە! سزای ئاسایی بۆئەو کردەوە دزێوەت مەرگە. بەڵام شازادەی دڵ بەبەزەیی، ئەو وشەڕەشەی ''مەرگە''ی بە ''شاربەدەرکردن''گۆڕاندووە! ئەوە داشکان و بووراندنێکی مەزنە و ئەتو لێ‌تێناگەی.

**رومێئو:** ئەوە بووراندن نییە. گشت خۆشکەیفی دنیای من لێرەدایە. هەر پشیلە و گەماڵێکی بوونەوەر، دەتوانێ لێرەدا بەشادی بژیت؛ گەر چاویشی بەژوولیت بکەوێ! لێ ئەز ناتوانم، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی شازادە شاربەدەرمی کردووە. بپشکنە بزان هیچ‌ژەحرێکت نییە خۆمی پێ گۆڕبەگۆڕ بکەم؟ مامۆستای ئایینی و هەڤاڵ، چلون دەتوانی ئاواها تیری-ژانم تێ‌بچەقێنی؟

**فریێر:** ئەتو ئەی کوڕە گەمژە و نەزانکارە، باش گوێم بۆشل بکە.

**رومێئو:** سەبارەت بەو شتانەی هەستیانت نەکردووە، ڕاوێژم بۆ مەکە. ئەتو لێم‌نائاگایت حاڵ‌وبارودۆخم چونە. ئەز ئە-ڤینداری ژوولیت؛ چەند کاتژمێرێک لەمەوبەر مارەم کردووە، تایبالت مردووە، شازادە شاربەدەرمی کردووە...

{رومێئو چوک دادەنێ و دەداتە پرمەی گریانەوە}

{تەقەی دەرگا دێ}

**فریێر**{شڵەژاو و ترساو}: دە هەستە. کەسێک لەپشت دەرگاوەیە. خۆت حەشار بدەوە، رومێئو.

**رومێئو:** نا، بۆچ؟

{تەقەتەقی دەرگاکە بەرزتر دەبێتەوە}

**فریێر**{بەو کەسەی لەپشت دەرگاوەیە}: کێیە؟ {رومێئو هەڵدەخرێنێت کە هەڵسێتەوە} رومێئو، دە هەستە. ئەوان بەناو بەندکراوەوە دەتبەن و دیل دەبی. {بەو کەسەی لەپشت دەرگاوەیە} دە بوەستە! {بە رومێئو} دە هەستە! {تەقەتەقەکە دەگاتە تەشقی خۆی} بچو لەو ژووری منە خۆت بشارەوە. {بەو کەسەی لەپشت دەرگاوەیە} ئەوە هاتم، دەی! {بە رومێئو} گەوج مەبە و خولبازی دەرمەیێرە! {بەو کەسەی لەپشت دەرگاوەیە} دەی ئەوە هاتم! چت دەوی؟

**سەرپەرشتیار:** ڕێگام بدە بێمە ژووری، ئینجا پێت‌دەڵێم. لەلایەن خاتوو ژوولیتەوە نێردراوم.

**فریێر:** کەرەم کە سەرچاوێ مە، وەرە.

{فریێر دەرگاکە ئاڤەڵا دەکا و سەرپەرشتیارەکە دێتە نێو}

**سەرپەرشتیار:** فریێر دە پێم‌بڵێ دەزگیرانی خاتوونەکەم کوانێ؟ رومێئو لە کوێیە؟

**فریێر**{ئاماژە دەکا بە رومێئو لەژوورەکەی}: لەوێیە، چوکی داوە و هون‌هون فرمێسک دەرێژێ.

**سەرپەرشتیار:** ئای کە ژوولیتیش لف ئەمە.!کارەساتێکی سامناک بوو. {بەرەو رووی رومێئو} دە هەستە ئەگەر خۆت بەپیاو دەزانی! بیرت لای ژوولیت بێ، دە هەستە! بۆچ ئاوەها گەوج‌بازی دەردەهێنی؟

{رومێئو هەڵدەستێ}

**رومێئو:** سەرپەرشتیار...

**سەرپەرشتیار:** ئاخ جەناب، ئاخ جەناب! مەرگ کۆتایی هەموو شتێکە!

**رومێئو:** لەبارەی ژوولیتەوە شتێکت گوت؟ لەچلون دۆخێکدا دەژی؟ خاڵوزاکەیم نوقمی خوێن کرد و شادکەیفی هەردووکمانم لێک‌شێواند. ژوولیت لە کوێیە؟ چلونە؟ سەبارەت بەو گرێیەستەی ئەڤینەمان چ دەبێژێت؟

**سەرپەرشتیار:** هیچ نالیت، جەناب. وەک لافاوی بەهاران ئەسرین دەباریێ. لەسەر چەرپاکەی، بێوچان هەڵئەژیێت و هەڵدەستێتەوە. ناوی تایبالت دەچڕێ و ئینجا دەقیڕێنێ رومێئو، و هەمدیسان پاڵدەکەوێ. هاتوهاوار و هەنسک و پرمەی بێبڕانەوەی گریانە.

**رومێئو:** بۆخۆم ئەمناوەم بەجێ سەرشۆڕی و تووڕەکەر دەزانم. دەمەوێ بچم و خۆم لەناو بەرم. {چەقویێک هەڵدەگرێ. دوابەدوای ئەوە سەرپەرشتیارەکە بەخێرایی چەقوەکەی دوور دەخاتەوە}

**فریێر:** بوەستە! ئاخۆ تو پیاوی؟ ڕەنگە شێوەت لەپیاو بچێ، بەڵام وەک ژن دەگیری و کردەوەتیش کتومت لە هین ئاژەڵی درندە دەچێ. پێش‌ئەمە تایبالتت کۆشت. دەتەوێ ئێستەیش خۆت بکۆژی و پاش‌ئەوەش ژوولیت؟ ئەمان ئاوا نەکەی! ژوولیتی تو زیندووە؛ ئەمە بۆت هۆیەکی دڵخۆشکەرە! تایبالت دەیویست بتکۆژێ، لێ نەیتوانی و تو ئەوت کۆشت؛ ئەمەیش هۆیەکی‌ترە بۆ گەش‌بوونت. شازادە، گۆڕانی سزای مەرگتی بە شاربەدەرکردن پەسەند کرد؛ ئەوەیش هۆیەکی‌ترە بۆ خۆشحاڵی! کەوابوو بەو بەختەت شانازی بکە. هەروا پێشتر بڕیارمان دابوو، بچو بۆلای ژوولیت. هەر ئەمشەو و دەنێو دیوەکەی. کازیوەی بەیانی دەبێ ئێرە بەرەو ڕووگەی **مانتیوا*** چوڵ بکەی. پاشان بۆهەمووکەسێ بە-سەرهاتی دەزگیرانی‌ومارەییت جاڕ دەدەی و لەشازادە داوای لێبوردنت بۆ دەکەین. ئەوکات ئەتویش دەتوانی بۆ ڤێرۆنا بگەڕیتەوە. شاد و بەوزەتر لەوەی ئێستەت! سەرپەرشتیار ئەوەڵ تو بچو. گەرموگوڕترین سلاوانم پێشکەش بەژوولیت بکە. پێ‌بڵێ ئەمشەو زووتر ڕاژەوانەکان ڕاپێچ‌بکات کە بنوون. رومێئو بەرێگایەوە.

**سەرپەرشتیار:** ئای کە تو چەندە بەمێشک و ئاوەزداری! { بەرومێئو} بەخاتوونم دەڵێم بەرێگایەوەیت. {دەیهەوێ شوێنەکە چوڵ بکا، هەڵدەگەڕێتەوە بەرەو دوا و ئەنگوستیلەکەی ژوولیت دەرئەهێنێ} بیگرە جەناب، ژوولیت لێمی-خواست ئەم ئەنگوستیلەتە بدەمێ. دە زوو بکە، لەوەچێ درەنگ بێت! {دەچێ}

**رومێئو:** ئەمێستا هەست دەکەم سەحەت‌سووک‌ترم!

**فریێر:** ئێستە برو، ئەتو دەبێ پێش‌هەڵاتنی خۆر و دەمەوسروەی بەربەیان؛ واتە بەرلەوەی هێزەئەمنییەکانی شار پێت-بزانن، ڤێرۆنا چوڵ بکەی. بچو بۆ مانتیوا. ڕاژەوانەکەت دەدۆزمەوە و پەیامەکانی پێ‌ڕادەسپێرم. هەرچی هەواڵی دڵخۆشکەر لێرە ڕووبدات، بۆتی ڕادەگوێزینین. ماڵئاوا و خوات لەگەڵ.

**رومێئو{** لەگەڵ فریێردا تەوقە دەکا**}:** فرە بەداخەوەم بەجێت‌ئەهێڵم، بەڵام شایی و ڕۆژانی گەش، لەسەر ڕێگام چاوە-ڕوانیم لێ‌دەکەن! ماڵئاوا.

{رومێئو و فریێر، سێنەکە چوڵ دەکەن}

---

*** شارۆچکەیەکی نێزیک 40کیلومێتری لای ڤێرۆنایە...**

## پشووی چوارەم؛ دیوێکی ماڵی کەپیولیت

{میر و خاتوونیکەپیولیت لەگەڵ پاریس دێنە نێو}

**میریکەپیولیت:** شتگەلێکی زۆر دڵتەزێن و هەژێنەر قەوماون، جەناب. هەلی ئەوەمان بۆ نەڕەخساوە لەتەک کیژەکەمان سەبارەت بە مارەبڕکردنی، بپەیڤین. ئەتویش دەشێ تێبگەی کە ژوولیت لەڕادەبەدەر خاڵوزاکەی خۆش دەویست. ئەزیش هەروا. ڕستەیەکی نەستەقە کە هەمووشتێک بەمەرگەوە کۆتایی دێت! درەنگە. بۆ ئەمشەو ژوولیت لەسەرەوەیە. کاتی ئەوەیە ئێمە بڕوینە کنێ.

**پاریس**{بە خاتوونیکەپیولیت}: شەو باش، خاتوون. بەتینترین سڵاوانم بەکچەکەت ڕابگەیەنە.

**خاتوونیکەپیولیت:** باشە! بەم زووانە لەگەڵیدا دەپەیڤم. ئێستە لەدیوەکەیدا بەهۆی ئەوە تەژی لەناسۆریکی مەزن و ژانێکی قووڵە، هەر دەناڵێنێ.

{پاریس دەیهەوێ بڕوات، بەڵام میریکەپیولیت قاوی لێدەکاتەوە}

**میریکەپیولیت: سێر*** پاریس، پێمخۆشە بچم و سەبارەت بەو هەستەت لەمەڕ کچەکەمان، خواستەکەتت بۆی بگێڕمەوە. گۆمانی لێنابێ ژوولیت هەمیشە گوێڕایەڵی ئەمری منە. ژنەکە، پێش ئەوەی ژوولیتمان بخەوێ سەبارەت بە هەستوئەڤینی پاریس لەگەڵیدا بدوە؛ پێبێژە- گوێت لێمە؟ بۆ ڕۆژی سێشەممە... بەڵام بوەستە! ئەمڕۆ چەندشەممەیە؟

**پاریس:** دووشەممەیە.

**میریکەپیولیت:** دووشەممە؟! سێشەممە فرە زووە. وەرن با پێنجشەممە بێ. پێڕابگەیێنە ڕۆژی پێنجشەممە ئەم ڕەسەنزادەیە مارەت دەکا. {بە پاریس} تا ئەوکات دەتوانی خۆت ئامادە بکەی؟ پێت وا نییە هێشتا زووە و پەلە نەکەین؟ ئەمە ڕێوڕەسمێکی شکۆدار نابێت، تەنیا یەک یان دوو مێوان بەشدار دەبن. تایبالت ئەمدواییانە مردووە و ناتوانین جێژنێکی گەورە ساز بکەین. کەوابوو ڕوانگەت بۆ ڕۆژی پێنجشەممە چونچونییە؟

**پاریس:** تا پێنجشەممە درەنگە!

**میریکەپیولیت:** باشە، ئێستە بچووە. {بە خاتوونیکەپیولیت} پێشئەوەی بنووی، لەگەڵ ژوولیتدا بپەیڤە. بۆ ڕۆژی زەماوەند ئامادەبکەی. {بە پاریس} شەو باش، سێر.

---

* وشەیەکی ئینگلیزیە ژ بۆ بەڕێزەوە ناوی کەسێک بەزارەوەهێنان؛ جەناب

{پاریس دەڕواتە دەرێ و میر و خاتوونی‌کەپیولیتیش بەشۆنیانەوە}

## پشووی پێنجەم؛ ژووری نووستنی ژوولیت

{رومێئو و ژوولیت لەمبەر ئەوبەری دەلاقەکەوە}

**ژوولیت:** بەڕاس دەبێ بڕوی؟ هێشتاکە شەوە.

**رومێئو:** نا، کازیوەیە. بنواڕە خۆشەویست، پەڵەهەورەیلی شەو بەرەوڕووی ڕۆژهەڵات دەجووڵێنەوە. ئەستێرەکان بزر بوون و رووناهی لەسەر تروپکی چیاکان بەخۆیایی دەبینرێ. گەر بمهەوێ ملکەچی مەرگ نەبم، دەبێ هەرئێستە ئێرە چۆڵ بکەم. زاخوزووخ بێ گەر لێرەیش بمێنمەوە دەمرم.

**ژوولیت:** ئەو ڕووناکیە هێیای ڕۆژ نییە. ئەز دڵنیام. لێتدەپاڕێمەوە بمێنەوە. جارێ نابێ بچی..

**رومێئو:** دەی وا بکەم ئەوان یەخسیرم دەکەن و دەمکوژن. ئەز بزەبەلێو دەبم، بەو مەرجەی کەتویش بی. ئەو پرشنگە خۆڵەمێشییە نووری بەربەیان نییە- مانگەشەوە. پێمخۆشترە لێرە لەگەڵتدا بمێنمەوە هەتاکوو بڕوم. سڵاو بۆ مەرگ، خۆش هاتی! وەرە با لەئامێزت بگرم! وەرە خشکۆک لەتەک یەکدی ڕەسمی دڵداری بەجێ بێرین. نەخۆ کازیوە نەبووگە.

**ژوولیت{وررووژاو و خەمبار}:** بۆچ نا، بووگە، کازیوەیە! بەخێرایی لێرە دوور بکەوە- بڕو! کەش‌وهەوا ڕوون و ڕوونتر دەبێ.

**رومێئو:** ڕوونتر دەبێ و لەگەڵئەوەشدا ئاستەنگەکانمان لێڵ‌ولوێرتر دەبن.

{سەرپەرشتیارەکە بەهەڵپەوە دێتە نێو}

**سەرپەرشتیار:** خاتوون!

**ژوولیت:** بەڵێ سەرپەرشتیار؟

**سەرپەرشتیار:** دایکت دێ بۆ دیوەکەت، ئاخۆ ئێستە کازیوەیە! وریا ببە. {دەچێتە دەرێ}

**ژوولیت{دەلاقەکە دەکاتەوە}:** گزنگی هەتاو لەڕێی ئەم دەلاقەوە بەرەو ناوەوە دزە ئەکا، لێ رومێئو ئەو ژیلەمۆی ژینی منە دەڕوات.

**رومێئو:** ماڵئاوا! ماچێکی لێوتم بدەیێ هەتا بچم. {لەو دەلاقەیە کەخۆی پێ‌هەڵواسیبوو دەڕواتە خوارێ}

**ژوولیت:** ئەڤین، هەڤاڵ، هاوسەرەکەم؛ رومێئو ڕویشتووی؟ پێم‌خۆشە هەرکاتژمێر و چرکەیەکی تێکڕای ڕۆژگەل، لێت‌ببیسم و ئاگاداربم.

**رومێئو:** ماڵئاوا! تائەو ڕادەیەی دەسەڵاتم ڕابگات و بتوانم، پەیامت بۆ دەنێرم.

**ژوولیت:** ئاخ و حەسرەت بۆخۆم! لەوە بیر دەکەیتەوە داخۆ دیسان بەیەک بگەین؟

**رومێئو:** بۆچ نا، ئەرخەیان ببە بەبینینی یەکدی شاد دەبینەوە. لەداهاتوودا ڕۆژێک دادێ پێکەوە لەسەر ئەم ڕووداوە بەسوێ و سەرئێشکەرانە باس دەکەین و حریتەحریت پێ‌دەکەنین!

**ژوولیت:** هەی ئاخ‌وداد خەریکم بیر لەشتگەلێکی ترسێنەر و تۆقێنەر دەکەمەوە. ئەتو دەبینم کە وەیتە پیاوێکی مردوو لەگۆڕستانێکدا نێژرابێ و قەڵافەتی کز و پەرۆشە.

**رومێئو:** و تویش هەروا کزرووومەتی گیانەکەم! ئێمە کز دیارین لەبەر ئەوەی زۆر ورووژاوین. ماڵئاوا و خوات لەگەڵ! {دەڕوات}

**ژوولیت:** هاوار لەدەس کڵوڵی، قەشقەیی و بێ‌بەختی ئێمەمانان!

{ژوولیت لەدەلاقەکە خۆی دوور ڕادەگرێ. خاتوونی‌کەپیولیتیش دێتە ژووری}

**خاتوونی‌کەپیولیت:** سڵاو کچێ گیان، هەستاوی؟

**ژوولیت**{سەرتە لەگەڵ خۆی}: دالگمە. دەیەوێ درەنگان سەربنێتەوە یان خەوی لێ‌زڕاوە؟ بۆچ هاتووەتە ئێرە؟

**خاتوونی‌کەپیولیت:** چونی ژوولیت؟

**ژوولیت:** چاک نیم دایە.

**خاتوونی‌کەپیولیت:** ئەهۆ تاسەباری مەرگی تایبالتی؟ دەتەوێ لەسەر گڵکۆکەی ئەوەندە فرمێسک برژێنی تا بیشۆری؟ ئەتو ناتوانی هەم‌دیسان ژیانی پێ‌ببەخشی. ژیر و ئاوەزدار بە و مەگری.

**خاتوونی‌کەپیولیت:** ڕەنگە بەوهۆیە بۆی دەگری هێشتا کۆژەرەکەی زیندووە!

**ژوولیت:** کام کۆژەر دالگ؟

**خاتوونی‌کەپیولیت:** رومێئو.

**ژوولیت**{سرتە لەگەڵ خۆی}: رومێئو کۆژەر نییە! {بە خاتوونی‌کەپیولیت} هەروایە، بڕای‌بڕ بەوڕادەیەی رومێئو تاڵی و ژانی پێم‌چێژاندووە، کەس ئازاری نەداوم.

**خاتوونی‌کەپیولیت**: دە ڕندۆک مەبارینە. پەیامێک دەنێرم بۆ پیاوێک لە مانتیوا. ئێستە رومێئو لەوێ دەژی. پێ‌ڕادەگە-یێنم ژەحرخۆری بکات، دەست‌بەجێ تەفروتوونا دەبێ و ئیدی تویش شاد دەبیتەوە! {ژوولیت ڕەنگ‌زەرد و زرکاوتر دیارە} بەڵام هەواڵگەلێکی دڵخۆشکەرم بۆ هێناوی.

**ژوولیت**: هەواڵی دڵخۆشکەر هەمیشە پاش‌لەکات‌وساتی تاقەت‌پڕووکێن‌دا دێت. چییە؟

**خاتوونی‌کەپیولیت**: کچێ‌گیان باوکێکی زۆرزان و ژیرت هەیە. لەباروەدۆخت ئاگایە و دەزانێ چلون پەرۆشی، هەر بەم-بۆنەوە لەبیر ڕێکخستنی ڕۆژێکی تەژی لە خۆش‌کەیفی دایە، ئەویش بۆخۆت.

**ژوولیت**{بە هەژقین و دڵەڕاوکێ‌یەوە}: بەڕاس دایکە؟ چ ڕۆژێکە؟

**خاتوونی‌کەپیولیت**: بەم زووانە؛ سەروبەندی سروەی بەربەیانی ڕۆژی پێنج‌شەممە پاریس ئەولاوەی پێگەییو وبەئاکارە، لەکەنیسەکەی پیتێر مارەت دەکا.

**ژوولیت**{حەپەساو و قەڵس}: نا، وا نەکا! دایکە، تکایە بێژە بەباوکم من بۆ زەماوند و ئەم‌جۆرەشتانە ئامادە نیم و ئەودە-مەیش هەلی ئەوەم بۆ رەخسا بەچاتری دەزانم دەزگیرانی رومێئو بم هەتا پاریس! ئەتویش بۆخۆت باش دەزانی بێژم لە-رومێئو دێتەوە. هەواڵێکی بەس قورس و هەژێنەرە!

**خاتوونی‌کەپیولیت**{سارد و بێ‌قرە}: ئێستە باوکت دی، خۆت پێ‌بێژە. ئینجا ڕچاو بکە و بزانە بەرسڤی چ دەبێ؟

{میری‌کەپیولیت و سەرپەرشتیارەکە دێنە ئەوێ}

**میری‌کەپیولیت**: چونی کچێ؟ ئیدی هانەی گریانت بۆ تاییالت وشک بووگە؟ سەبارەت بەو بڕیارەمان شتێکت پێ وتووە؟ ڕاستە ژنەکە؟

**خاتوونی‌کەپیولیت**: وایە، ئەز گۆتوومە. لێ بەداخەوە ئەم‌کچە دەبەنگەمان لەوپلانانەی بۆمان داڕشتووە، کەیف‌خۆش نییە.

**میری‌کەپیولیت**{سەرسووڕماو و تووڕە}: چ دەبێژی؟ لەمەبەستت تێ‌ناگەم، ژنێ. سپاسگۆزارمان نییە؟ خۆ ئێمە هاوسەرێکی کەم‌وێنەمان بۆ دۆزیوەتەوە. ڕازی نییە؟

**ژوولیت**: ئەمن بەش بەحاڵی خۆم دڵخۆش نیم، لێ سپاستان دەکەم. ئەز ناتوانم بەرامبەر بەشتێکی ئاوا ورووژێنەر ڕازی بم. لەگەڵ‌ئەوەشدا دەس‌خۆشیتان لێ‌دەکەم بۆ ئەوشتەی لەڕێی ئەڤیندا ئەنجام دراوە- تەنانەت ئەگەریش شتێکی ناحەزانەیش بێ.

**میریکەپیولیت**{گرژ و توورە}: ئەمانە چییە ئێژیتی؟ "دڵخۆش و ڕازیم" و "سپاسگۆزارتانم" ، "لێتان نابوورم" و "دڵخۆش و ڕازی نیم"؟ گوێم بۆ ڕاگرن ژنێ و کچێ، خۆتان تەیار بکەن بۆ ڕۆژی پێنج‌شەممە لەگەڵ پاریس‌دا بچنە کەنیسەی سێنت‌پیتێر. جگە لەمە بکەی، بە باڵەفڕێ ڕاتدەکێشم و دەتبەمێ ئەوێ!

**خاتوونی‌کەپیولیت**{بە میری‌کەپیولیت}: خۆگر ببە، ڕاوەستە! خۆ شێت نەبووگی؟!

**ژوولیت**{لەسەر ئەژنو چوک‌داوە و دەگری}: باوکە تکایە خۆگر ببە، لێت‌دەپاڕێمەوە گوێم پێ‌بدە!

**میری‌کەپیولیت**: گوێ‌دان بۆ توی ئەمەکنەشناس! پێت‌دەڵێم یان پێنج‌شەممە دەچیتە کەنیسە و یان ئیدی هیچ‌کات چاونابڕیتە ناوچاوەیلم! ژنێ خۆمانمان بەختەوەر دەزانی زارۆکێکمان بووگە. ئەوە تشتێک‌بوو کە بیرمان لێ‌دەکردەوە، لێ ئێستەکانێ باش تێ‌دەگەم ئەم زارۆکە بەدفڕە ژ بۆ ئێمە تووک و نەفرەتێکە!

**سەرپەرشتیار**: لێ رووگرژ مەبە، گەورەم.

**میری‌کەپیولیت**: بۆچ لێ‌ڕووگرژ نەبم؟ ئەتویش پیرەژنێکی گەمژە و دەبەنگی! بێ‌دەنگ بە!

**خاتوونی‌کەپیولیت**: دەی ئەوەندە ڕووگرژ مەبە.

**میری‌کەپیولیت**: ئاخۆ بۆچ توورە و شێت نەبم؟! خۆلەک‌بەخۆلەکی ڕۆژان، بێ‌وچان هەوڵمداوە بەپشکنینی ورد، هاوسەرێکی بۆ بدۆزمەوە؛ ئەویش لاوکێکی ڕەسەنزادەی شەپاڵ لەبنەماڵەیەکی لەخوداپێداوەکان. {بەژوولیت} باشە! کەوابوو گەر بەمارەیی پاریس دەرنەبیت، هیچ‌کات لێت‌نابوورم و ڕێگەشت پێ‌نادەم لەماڵەم بۆ چرکەیەکیش بمێنیتەوە. جێ گاڵتەت کە نیم! ئەگەر بتەوێ بەکیژی خۆمت دابنم، ڕازیم بەپاریست بدەم. ئەگەریش نا، بچو لە پەناوپەسیوی شەقامەکاندا بۆخۆت سەری مەرگ بنێوە! ئیتر لەگەڵتدا ناپەیڤم و ئەتۆرم، یان پارەت نادەمێ و هاریکاریش لەگۆڕێ‌دا نابێ! لەم بارەوە تێ‌بفکرە! {دەڕوات}

**ژوولیت**{لا دەکاتەوە بەرەوڕووی خاتوونی‌کەپیولیت}: لەژێر تاقی ئەم‌ئاسمانەدا دڵسۆزێک بوونی نییە؟ ئاخ دایکە شیرینەکەم، تکایە عەوداڵی دەرەوەم مەکەن. مارەیی‌کردنەکە بەماوەی مانگێک دوابخەن یان تەنانەت بۆ حەوتەیێک! و یان نوێنگەی بووکێتیم لەتارمایی گومبەتێ کەلاشەی تایبالتی لێ‌نێژراوە، ڕابخەن!

**خاتوونی‌کەپیولیت**{بەساردی و خەمۆکی}: لەگەڵمدا مەپەیڤە. نامەوێ شتێک‌بڵێم یارمەتیتم دابێ. {دەڕوات و سێنەکە چوڵ ئەکا}

**ژوولیت**{ڕوو بەرەولای سەرپەرشتیارەکە وەردەسووڕێنێ}: ئاخ سەرپەرشتیاری هێژام، چون‌چونی دەتوانین لەمزەماوندە تۆقێنەرە بەرگیری بکەین؟ تکایە هاریکاریم بدە. بەزەییت پێمدا بێتەوە و میهرەبانانە لەتەکمدا بپەیڤە.

**سەرپەرشتیار**: بەسەرچاو! تو باش دەزانی شازادە رومێئوی لەم شارە تاراندووە و ناتوانێ بگەڕێتەوە. کەوایە پێم‌وایە گونجاوترە ببیتە دەزگیرانی پاریس! کوڕێکی لێهاتووە. دڵنیام کە لەم‌دووهەمین زەماوندەت بەئاوات دەگەی. ئەمیان لەوی پێش چاترە و ئەگەریش وانەبێ ئەوەی پێشوو بۆتو تەواو بووگە. رومێئو ئێستەکانێ هیچ بەرژەوەندیەک بەتو ناگەیەنێ.

**ژوولیت**{کز و خاو و سەرسام}: بەڕاستی وابیر دەکەیتەوە؟

**سەرپەرشتیار**: با، ئەوە هزری منە.

**ژوولیت**{پێش‌ئەوەی دەم بکاتەوە، چرکەیەک دەکەوێتە نێو گێژی خەیاڵەوە}: باش، گەلێک سپاس. هەست دەکەم ئێستە باشترم. بەدایکم بێژە بۆ دیتنی فریێر لاڤرێنس چووگم.

**سەرپەرشتیار**: باش. مژۆڵی کارێکی ژیرانەیت. {سەرپەرشتیارەکە دەڕواتە دەرێ}

**ژوولیت**: پیرەژنە چەپەڵ و چڵکنە! هەزاران‌جار بەباڵای رومێئووەی هەڵدەدا و وەسفی دەکرد. ئیدی هیچ ڕازێکی نهێنیی بۆ ناڵێم. دەچم و فریێر لاڤرێنس دەبینم. لەوەچێ بۆ یارمەتی‌دانم فرت‌وفێڵێکی هەبێت. ئەگەریش نا، خۆم دە- کوژمەوە!

# پەردەی چوارەم

# خۆشبۆنترین گوڵ

## پشووی یەکەم؛ دیوێکی ماڵی فرییێر لاڤرێنس

{فرییێر لاڤرێنس و پاریس دێنە نێو}

**فرییێر**{حەپەساو و ورووژاو}: ئەم پێنجشەممەیە، جەناب؟ کاتێکی ناگونجاوە.

**پاریس:** ئەوە بڕیاری باوکیەتی کوو ئەزیش پێیخۆشحاڵم.

**فرییێر:** ئەتو لەهەستی کچەکە بەرامبەر بەم زەماوندە بێخەبەری؟! ئەوە زۆر نائاساییە. ئەز ئەوەم بەلا پەسەند نییە.

**پاریس:** وی هێشتاکە بۆ مەرگی تاییالت دڵماتەمینە و ئەزیش سەبارەت بە ئەڤین فرە لەگەڵیدا نەمپەیڤاندووە. بە-بیروڕای باوکی، پەژارەی بێبنی ژوولیت کارتێکەری تێکدەری بەسەر تەندرۆستی دادەنێ و گەر زەماوندی ئێمە زووتر سەربگرێ، ژوولیت خەم و خەفەتەکانی لەبیر دەچێتەوە.

**فرییێر**{سرتە لەگەڵ خۆی}: بۆ پەلە نەکردن، هۆیەکی لۆژیکمەندانە هەیە. {بە پاریس} بڕوانە ژوولیت بەرەو ئێرە دێ.

{ژوولیت دەگاتە ئەوێ}

**پاریس:** بە یەکگەیشتنێکی زۆر خەمڕەوێنە ئەی شاژنی خشکۆکی و ئەی دەزگیرانەکەم!

**ژوولیت**{بە ملکزی و بەشێنەیی}: ئەمن هێشتا دەزگیرانی تو نیم، جەناب!

**پاریس:** لێ دەمانەوێ ڕۆژی پێنجشەممە مارەیی بکەین. بۆ ئێرە هاتووی چاوت بە فرییێر بکەوێ؟

**ژوولیت:** وایە. {ڕوو بە فرییێر لاڤرێنس} دەرفەتی ئەوەت هەیە لەگەڵمدا ڕاوێژ بکەی، باوکە؟ یان ئێوارە سەردانت بکەم؟

**فرییێر:** نا، ئێستە کاتم هەیە. {بە پاریس} سێر تکایە ببوورە، ژوولیت و ئەز دەبێ خۆمانی بپەیڤین.

**پاریس:** باشە، قەی چ ئەکا؟! {بە ژوولیت} ژوولیت، کازیوەی پێنجشەممە دێم بەدووتدا. تا ئەوکات ماڵئاوا و بڵا ماچێکت بکەم.

{پاریس ژوولیت ماچ دەکا و شوێنەکە بەجێدەهێڵێت}

**ژوولیت**{ڕوو بە فرییێر}: ئاخ و ئاخ و سەد داخ! دەرگاکە پێوەبدە و ئینجا وەرە پێکەوە بگریێن! هیچ هیوا و ڕزگاربوونێک لەئارادا نییە!

**فرییێر**{دەرگاکە ئەبەستێ}: ژوولیت، پێشتر لەگیروگرفتەکانت ئاگادار بووگم. بەڵام نازانم چونچونی دەبێ چارەسەریان بکەیێن. بیستوومە دەشێ ئەم پێنجشەممەیە لەتەک ئەم کوڕەشازادەیە وەسڵەت بکەی.

**ژوولیت:** پێمیمەڵێ کە خۆیشت پێشتر، ئەمەت دەزانی فرییێر! ئەوەم بۆ بێژە کە دەتوانی لەم زەماوندە بەرگری بکەی. گەر نەتوانی هاریکاریێم بدەی، خۆم بەم چەقوە دەکوژمەوە. {چەقوەکە دێنێتە دەرێ} ئەتو مێردێکی بەئاوەز و لێزانی. پێمبڵێ چارە لەچییدایە. بۆچ ئاوەها کپوبێدەنگی؟ ئەگەر نەتوانی دەهۆ و پلانێکی وەڵامهێنەر بدۆزیتەوە، تەفروتوونا دەبم.

**فرییێر**{چەقوەکە لەدەستی دەستێنێ}: بوەستە کچێ. ئەز دەتوانم ڕێگایەکەت پیشان بدەمێ، لێ هەندێک تەنگوچەڵەمەی تێدایە و مەترسیداریشە. لەگەڵئەوەشدا ئەتو فرە بوێر و ئازایت شوڕەکچ! تو دەتێوان مردن و مارەیێبوونت بۆ پاریس، مەرگ هەڵئەبژێری. کەوابوو ڕەنگە ئەوەندە چاونەترس بیت ئەم ڕێگاچارەیەم جێبەجێ بکەی.

**ژوولیت:** پێمبڵێ تاکوو لەسەر بانێکی بڵیندەوە، بپەڕمە خوارێ! پێمبڵێ تاکوو بڕومە شوێنێک لەگەڵ دزگەل یان گیانلەبەرانی دڕندەدا بژیم! لەلای مردووان دەنێو گۆڕێکدا بمنێژە! ئەز لەتێکڕای ئەم شتانە سڵم هەیە، بەڵام هەمووی دەکەم و دەستبەسینگم.

**فرییێر:** باشە، دەی جارێ بچووە ماڵ و خۆت ڕووخۆش بنوێنە! بەڵێنی مارەیەکەت لەگەڵ پاریس پەسەند بکە! {ژوولیت حەپەساو سەیری ئەکات} سبەیشەو پێیان بسەلمێنە بەتەنێ بنوویت. بەسەرپەرشتیارەکەیش بێژە لەتەکدا نەبێ. {گچکەشووشەیەک دەرئەهێنێ و ئەیدا بە ژوولیت} ئینجا ئەمبۆتڵە بگرە و ئەو هەتوانەی بنۆشە. بەزووترین کات تەزت بەردەبێ، هەستێکی خەوهێنەر لەسەر لاشەت کاریگەری خۆی دائەنێ. قەڵافەتت سپی هەڵدەگەڕێ، چاوانت دەبەسترێن و لاشەت سارد ئەبێتەوە، پاشان گشتکەسێ پێوایە تیاچووگی. تویش بەماوەی چلودوو کاتژمێر ، کتومت لەمردوو دەچی، دوابەدوای ئەو ماوەدیاریکراوە لەخەو ڕادەبێ. سروەی بەربەیانی ڕۆژی پێنجشەممە، دەوچەلەیدا پاریس بەدووتدا دێ بەمردوویی لەسەر نوێنگەکەت دەتدۆزێتەوە! بنەماڵەیشت بەڕەنگینترین جلوبەرگەوە داتدەپۆشن. لاشەکەت بەرەو گومبەتێ کە هەموو مردووانی کەپیولیتی تێدا نێژراون، هەڵدەگرن. ئەزیش نامەیەک بۆ رومێئو



"... ئینجا ئەمبۆتڵە بگرە و ئەو هەتوانەی بنۆشە"

دەنووسم و بەرەو مانتیوا بەڕێ دەکەم، داوای لێدەکەم بگەڕێتەوە. ئینجا وەگەردیەک دین بۆ گومبەت و تاکوو لەخەو ڕاپچڵەکی، لەوێ دەوەستین. پاشان لەگەڵ رومێئودا بەرەو مانتیوا دەگەڕێتەوە. کەوا بێ، ئیدی کەسێ بەسەرتدا زاڵنابێ تا بەمارەیی پاریست دەربهێنێ. لێ ئایا ئەوەند چاوەترس و کۆڵنەدەر هەیت وا بکەی؟

**ژوولیت**{دەستی درێژ دەکاتەوە}: بۆتڵەکەم بدەیێ!

**فرییێر**{بۆتڵەکەی دەداتێ}: باشە، بیگرە. ئێستە بچو. هەرسەرکەوتوو بی! ئەزیش فرییێریخزمەتکارم بەنامەیەکەوە بەرەو مانتیوا بۆلای رومێئو دەنێرم.

**ژوولیت**: ئەی ئەڤین، یارمەتیم بدەیێ بەئەنجامی گەیێنم. وزەم پێببەخشە! ماڵئاوا و خوات لەگەڵ، باوکە گیان.

{ژوولیت و فرییێر سێنەکە چوڵ ئەکەن}

## پشووی دووهەم؛ دیوێکی ماڵی کەپیولیتەکان

{میر و خاتوونیکەپیولیت لەتەک سەرپەرشتیارەکە و پیتێر دێنە نیوەوە}

**میریکەپیولیت**{ڕوو لە پیتێر}: بچو و گشتئەو میوانانەی لەو پێڕستەدا ئاماژە بەناویان کراوە، بانگهێشت بکە. پاشان بیست چێشتلێنەری خۆش دەستوپل بدۆزەوە. {پیتێر دەچێ} {بەرەو ڕووی سەرپەرشتیارەکە} کیژەکەمان بۆ دیتنی فرییێر لاڤرێنس چووگە؟

**سەرپەرشتیار**: بەڵێ ڕویشتووە.

**میریکەپیولیت**: زۆرباشە، هیوام ئەوەیە گوێ بۆ شلکردبێ. ڕەنگە وریا و هەستیارتر بێ. کچێکی فرە گەمژە و نەزانکارە.

{ژوولیت بەرێگاوەیە}

**سەرپەرشتیار**: بەرێگاوەیە، هات. زۆریش گەشاوە و لێوبەبزە دیارە.

**میریکەپیولیت**{بە ژوولیت}: لەکوێ بووگی، کچێ؟

**ژوولیت**: ببوورە باوکە گیان! فرییێر لاڤرێنس پێمی وتووە داوای لێبورنت لێبکەم. {خۆی دەخاتە بەرپێ باوکی} تکایە لێمببوورە! گوێڕایەڵی فەرمانەکانت دەبم.

**میریکەپیولیت**{فرە شاد و بزەبەلێو}: زوو دەنێرم پاریس بانگبکەن! ناتوانم تا پێنجشەممە ڕاوەستم. شەوەکی، زەماوندەکە سەر دەگرین.

**ژوولیت**: لەماڵی فرییێر لاڤرێنس چاوم بە پاریسیلاو کەوت. وتووێژێکی دۆستانەم لەگەڵیدا بوو.

**میریکەپیولیت**: دانسقەیە کچێ! فرەت دڵگەش کردم. وەرە بان. {دەستی بەرەو ژوولیت درێژ کردەوە} ئێستە هەمووشتێک بەباشی دەچێتە پێش؛ هەر وەک جاران. دەنێرم پاریس بانگ بکەن.

**ژوولیت**: سەرپەرشتیار وەرە لەگەڵمدا بێ بۆ دیوەکەم. هاریکاریم بکە بۆ بەیانی کراسێکی ڕەنگاڵە هەڵبژێرم.

**خاتوونیکەپیولیت**: ڕاوەستن، پێنجشەممە کاتێکی زۆر زوویە.

**میریکەپیولیت**: بڕۆ، سەرپەرشتیار لەتەکیدا بچو. شەوەکی گۆڤەند و شاییمان هەیە.

{ژوولیت و سەرپەرشتیارەکە دەڕۆن}

**خاتوونیکەپیولیت**: دەرفەتی ئەوەمان نابێ کە ئەمشەو تەیارکردنی پێداویستیەکانی ڕێوڕەسمەکە، کۆتایی بهێنین. شەوەزەنگە و درەنگ!

**میریکەپیولیت**: خۆم ئامادەکرنی کەرەستەگەلی پێداویستی وەئەستو دەگرم. هەمووشتێک بەشیاوی دەڕواتە بەر، بەڵێنت دەدەمێ ژنێ! بڕۆ و یارمەتی ژوولیت بدە تا کراسی ڕازاوەی بووکێتی هەڵبژێرێ. نامەوێ ئەمشەو بنووم. بە ڕاکردن دەچمە ماڵی پاریس و مزگێنی ئەو هەواڵە خۆشەی دەدەمێ.

{میر و خاتوونی کەپیولیت دەڕۆن}

## پشووی سێهەم؛ ژووری نووستنی ژوولیت

{ژوولیت و سەرپەرشتیارەکە دێنە نێو}

**ژوولیت:** وایە، ئەو کراسە نەخشین و زێڕین‌ترینی گشتیانە. لێ تکایە ئێستە بەتەنێ جێم‌بهێڵە، سەرپەرشتیاری ئازیز! دەمەوێ ئەمشەو تەنیا بم.

{خاتوونی‌کەپیولیتیش لەڕێی دەگا}

**خاتوونی‌کەپیولیت:** سەرقاڵی و دەستت‌گیراوە؟ یارمەتیمت دەوێ؟

**ژوولیت:** نا، دایکە. هەمووشتێک کە بەیانی پێویستم دەبێ، هەڵمبژاردوون. تکایە لێم‌گەڕێ، تەنیا جێم‌بهێڵە. سەرپەرشتیارەکە ئەمشەو دەتوانێ لەتەنیشتت‌دا بێ. لەوەدا گۆمانم نیە ئێوە گشتتان بەم زەماوندە لەناکاوە سەرقاڵن.

**خاتوونی‌کەپیولیت:** شەو باش. خەونگەلی ڕەنگاوڕەنگ ببینی. پێویستت بە حەسانەوەیە.

{خاتوونی‌کەپیولیت و سەرپەرشتیارەکە سێنەکە چوڵ دەکەن}

**ژوولیت**{لەسەر چەرپاکەی هەڵاژیاوە}: خواتان لەگەڵ! نازانم ئایا هیچ‌کات هەم‌دیسان یەکتری دەبینینەوە؟ ترس‌وتەزێک بە لاشەمدا هاتوچوو دەکا. بانگیان دەکەم بگەڕێنەوە. {لەو دەمی بانگ‌کردنەدا} سەرپەرشتیار! نا، ئەز دەبێ ژانی ئەم کوڵەقورسە خۆم بەتەنیایی بەشان بکێشم. {بۆتڵەکە دەرئەهێنێ} ڕەنگە فرییێر ژەحری پێ‌دابم. نا، نا، پیاوێکی دڵسۆزە. ڕەنگبێ پێش‌هاتنی رومێئو دەنێو گومبەتەکە لەخەو ڕاپچڵەکم؟! لەو شوێنە تارولوێرەدا بیاڤێکی هەژیان نەبێ، دەمرم یان لەترسدا دەتۆقم و لیوە ئەبم. لاشەی بێ‌گیانی کەپیولیتەکان سەروبەندی هەزاران‌ساڵە لەوێ بووگە! لاشەی تاییالتیش لەوێ نێژراوە. بنواڕە! هەست دەکەم ئێستە دەتوانم تاییالت وێنا بکەم؛ بەدووی رومێئو دەگەڕێ و چاوەروانی بۆ ئەکا. ڕاوەستە تاییالت! رومێئو، رومێئو! لەبەرخاتری تووە دەینۆشم!

{ژوولیت هەتوانەکە هەڵدەمژێ و بەسەر قەرەوێڵەکەی پاڵ ئەکەوێ}

# پشووی چوارەم؛ دیوێکی ماڵی کەپیولیتەکان

{میر و خاتوونی کەپیولیت لەتەک سەرپەرشتیارەکە دەگەن}

**میری‌کەپیولیت**: خێرا کە، پەلە بکە دەی! ماوەیەکی زۆرمان نەماوە. کاتژمێر سێ‌بەیانییە. {بە سەرپەرشتیارەکە} بڕۆ و لە-چێ کردنی چێشتەکە لەو چێشتخانەیەدا هاریکاریان بدە.

{خاتوونی‌کەپیولیت و سەرپەرشتیارەکە دەچن. پیتێر دێتە نێو، لەو دەمەی‌دا کەلووپەلی چێشتخانە بە کۆڵیەوەدایە}

**میری‌کەپیولیت**: لەوێ چیت گرتووە؟

**پیتێر**: کەرەسە بۆ چێشت‌لێنان، جەناب. لێ نازانم چی هەن!

**میری‌کەپیولیت**: دەی خێرا کە! بڕۆ بۆ داگیرساندنی ئاگرەکە چێو و داری وشک کۆبکەوە. {پیتێر دەڕوات} بەرەو دە-مەو کازیوە دەچین. بەم زووانە پاریس لێرە دەبێ. وی مژۆڵی کۆکردنەوە و هێنانی چەند موسیقاکار و سترانبێژە. {موسیقا لێ‌دەدەن} ئەوە خەریکە دێتە ڕێ. سەرپەرشتیار! ژنێ! سەرپەرشتیار! {سەرپەرشتیارەکە دێت} بچو و ژوولیت لەخەو هەڵسێنە. ئامادەی بکە. دەڕوم و لەگەڵ پاریس دەپەیڤم. زوو کە دەی! پاریس لێرەیە. دەی ئێژم خێرا بکە!

{میری‌کەپیولیت دەڕوات. سەرپەرشتیارەکەیش بەدوویەوە}

## پشووی پێنجەم؛ ژووری نووستنی ژوولیت

{سەرپەرشتیارەکە سەردانی دیوەکەی ژوولیت دەکا}

**سەرپەرشتیار**: ژوولیت! خاتوون! وەرە، دە ڕابە لەخەو، ئەوەندە کارنەکەر و تەمبەڵ مەبە! دەی باشە، بنوو! {حریتە-حریتە پێ‌دەکەنێ} بۆ ئەمشەو نابێ زۆر بخەوی. {سرتە لەگەڵ خۆی} ژوولیت لەخەوێکی قووڵدا گێژ ئەخواتەوە. لێ دەبێ لە خەو ڕاپچڵەکێنم. {بە ژوولیت} خاتوون، خاتوون، خاتوون! بەس پاریس دەتوانێ لەم نوێنگەیە بتدۆزێتەوە! {نێزیک‌تر دەکەوێ، سەیری ژوولیت دەکا} ئەمە چییە؟ لەدوێنێ‌شەوەو هەر بەم‌کراسکەلەت نووستووی؟ خاتوون، خاتوون! {ژوولیت دەهەژێنێ و قیڕ و واڕ دادەمەزرێنێ} بەفریام بگەن، یارمەتیم بەنێ! خاتوونە جوانەمەرگەکەم! جەناب! خاتوون! دە زوو وەرن!

{خاتوونی‌کەپیولیت بە هەڵپەوە دێ}

**خاتوونی‌کەپیولیت**: بۆچ ئەو هەموو غەڵبەغەڵب و هەراوبەزمەت ساز کردووە؟

**سەرپەرشتیار**{قامکی‌ئاماژە بەرەو ژوولیت دەکێشێ}: سەیری بکە، بنواڕە!

**خاتوونی‌کەپیولیت**{پێدا واق و وڕ دەمێنێ و ئەویش دەقیڕێنێ}: ئاخ جگەرگۆشەکەم، ژیان و هەناوەکەم، کچێ‌گیان! دە هەستە، ئەگینا منیش دەمرم!

{میری‌کەپیولیتیش دەگاتە ئەوێ}

**میری‌کەپیولیت**: ژوولیت بنێرە خوار. دەزگیرانەکەی هاتووە.

**سەرپەرشتیار**{ئەسرین بەچاوییەوە دەتکێ و دەگری}: تیاچووگە، مردووە!

**خاتوونی‌کەپیولیت**{ئەویش فرمێسک دەڕژێنێ و دەگری}: بەڕاس لەنێوانمان ڕویشت؟! زۆر باوەڕپێ‌نەکراو و ترسێنەرە!

**میری‌کەپیولیت**{دەست دەداتە لاشەی ژوولیت و هەست بەساردبوونی دەکات}: ساردوسڕ بووەتەوە. مەرگ بەلاشەیدا تەنیوە؛ هەروەک ڕەهێڵەی زستانیی‌بەفرداکردنێکی نوێ کە لەسەر پەڕەی خۆش‌بۆن‌ترین گوڵ دەنیو مەزرا و چیاکاندا خۆی‌دەنوێنێ.

**سەرپەرشتیار**: ئاخ کە چ ڕۆژێکی بەدفڕ و تاڵە!

{فرییێر لاڤرێنس و پاریس دێن}

**فرییێر:** وەرن، ژوولیت ئامادەی ڕویشتن بۆ کەنیسەیە؟

**میری‌کەپیولیت:** ژوولیت ئامادەیە بۆ کەنیسە بچێ، لێ نەک بۆ هەڵگەڕانەوە! {بە پاریس} ئاخ کوڕەکەم، دەزگیرانەکەت لەئێوانمان چوو! {لاشەی ژوولیتی پیشان دەداتێ} مەرگ دەرفەتی ژیانی پێ‌نەدا.

**پاریس:** ماوەیەکی درێژە چاوەڕوانی ئاواها ڕۆژێکم دەکرد؛ کەچی ئێستە- زۆر تۆقێنەرانەیە!

**خاتوونی‌کەپیولیت:** ئەمڕۆ ناحەز و بێ‌پیت‌ترین ڕۆژێک بووگە لەمێژەوە تائێستا تێ‌پەڕ بووبێ! تەنیا منداڵێکم هەبوو- منداڵێک کەشادم بکا و بملاوێنێتەوە، باوەشینم بکا... و ئێستە مەرگ لێمی‌ستاند.

**سەرپەرشتیار:** هەی‌داد هەی‌بێداد کە چەن خەفەت‌هێنەرە و بەپەژارەیە! بەڕاس کە ڕۆژێکی ناشاد و دڵ‌تەزێن و هەژێنەرە!

**پاریس:** هەمووشتێکم لەکیس چووگە. مەرگێکی پیس و لێوانلێو لەڕق و نەفرەت، ئەو ئەڤینەمی لێم‌گرت- سەر و ماڵ و ژیانم!

**میری‌کەپیولیت:** ئاخ کیژەدڵتەڕەکەم، کچەکەم! تیاچووگە- کیژە دڵ‌ناسکەکەم. کوچی ناوادەی کردووە و گشت بەزم‌وئاهەنگی شایەکانمی ماتەمین کرد.

**فرییێر:** تکایە بێ‌دەنگ و خۆڕاگر بن. تێکڕای ئەو ناڵەوکڕووزانەوانە بێ‌کەڵکە و هیچ‌ناگۆڕدرێنێت. ئێوە نەتانتوانی ئەم منداڵە نەشمیلەتان لەسەر ئەم زەوییە بپارێزن و بایەخی پێ‌بدەن. بەڵام ژوولیت لەبەهەشتی بەرین‌دا زۆر ڕووگەش و پاراوە، کەوابوو بۆی مەگرن. بەجل‌وبەرگی شیاو و نەخشینەوە بیڕازێننەوە و دای‌پۆشن و لاشە بێ‌گیانەکەی بەرەو کەنیسە بگوازنەوە.

**میری‌کەپیولیت:** هەمووشتێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. ئێمە دەبێ جل‌وبەرگی بریقەداری زەماوند لەبەر دابکەین و کراسی‌ڕەش لەبەر بکەین. ئاهەنگ و گۆرانی شاد دەشێ بە ئاهەنگ و موسیقای خەمباری‌مەرگ بگۆڕدرێت!

**فرییێر:** جەناب و خاتوون، بڕۆن و خۆتان ئامادە بکەن... ئەتویش هەروا پاریس؛ بۆ بەڕێ‌کردنەوەی تەرمی ئەم کیژەگەنجەی شەپاڵ و دەلالە بۆ گۆڕەکەی! ئێوە فریشتەکانی ئاسمانتان بەبۆن چەند هۆیەکەوە تووڕە و وەڕەس کردووە. ئیدی بەتووشبوونی کارەساتگەلێکی هەڵەدار و بی‌جێگە لەمەزێدەتر ڕقیان ئاور مەدەن!

{هەموویان دەڕون و سێنەکە چوڵ دەکەن}

# پەردەی پێنجەم

# مەرگ لەگومبەت

## پشووی یەکەم؛ شەقامێکی مانتیوا

{رومیئۆ دێت}

**رومیئۆ:** گەر بە وەدیهاتنی خەون، باوەڕم بێت لەوەدەچێ بەم زووانە هەندێک نووچەی دڵخۆشکەرم بدەنێ. خەوم بینی کە ژوولیت هات و منی بەمردوویی دۆزییەوە، گۆنامی ماچکرد و هەمدیسان سەرلەنوێوە گیانم تێزا و هەناسەمی هەژاند و زیندوو بوومەوە. ئای کە خەونیئەڤینانە چەندە بەتام و شیرنە! {بالتاسەر گەیشتە بەر و چاکەتوپووتینی پۆشیوە} هەواڵێک لەڤێرۆنا ؟! چلونی بالتاسەر؟ باوکم باش و بێوەیە؟ دایکم چی؟ هیچ نامەیەکت لەلای فرییێرەوە نە-هێناوە؟ ژوولیت چونە؟ ئەگەر ئەو چا و بێوەی بێت، هەمووشتێک هێور و باشە!

**بالتاسەر**{فرە خەمناک، تاسەبار و شیناوی}: ژوولیت باشە و بێفزە و بێئۆقرە! هیچشتێکی نەگونجاو و هەڵەدار لەئارادا نییە. لاشەی ژوولیت لەگومبەتی کەپیولیتەکان ئارامی گرتووە و ئێستە بە ئاسمانەوەدایە. بەپەلە هاتوومە ئەوەت پێبڵێم.

**رومیئۆ**{بەشێنەیی و هێمنانە}: مەرگی ژوولیت؟ بەڕاستتە؟ ئەتو لەبارودۆخی ژیانم ئاگایت. پێنووس و تێنووسێکم بە-رێ. چەند هێسرێکیشم بۆ بدۆزەوە. ئەمشەو ئێرە چوڵ ئەکەم. {بالتاسەر دەچێ} باشە ژوولیت! ئەمشەو لەمەرگدا لەتەنیشتت دەبم! بەڵام ئەی دەبێ چلون خۆم بکوژمەوە؟ لەبیرمدێ پزیشکێکی بندەست بەم قەراخ و پەراوێزانە، کۆگایەکی فرۆشتنی هەتوانی هەبوو. دڵنیام دانەمەزراوێک ژەحرم پێدەفرۆشێت. تائەو جێگایە لەیادم مابێ ماڵیشی لێرەیە. ئەمرۆ پشوودانە و کۆگای فرۆشتنەکەی داخراوەیە. {دەچڕێ} دکتور!

{پزیشکەکە لەڕێی دێت}

**پزیشکەکە:** ئەو دەنگزلە کێیە؟

**رومیئۆ**{لەتە ئاڵتونێکی پیشان دەداتێ}: ئەو لەتەئاڵتونە بگرە- ژەحرێکی پڕهێزم بدەیێ بتوانێ دەمودەست، پیاو بەچوک بهێنێ!

**پزیشکەکە:** ئەز ژەحرێکی لەوجۆرەم هەیە. بەڵام ناتوانم سات‌وسەودات لەتەکدا بکەم. ئەم‌کارە دژ بەیاسای مانتیوایە کە ژەحری کوژەر بفرۆشیمن.

**رومێئو:** ئەتو لەپیاوێکی دەسەڵات‌دار دەچی و بەم پارەیە پێداویستیت هەیە.

**پزیشکەکە:** لەڕاستیدا نامەوێ قەبووڵی بکەم. {ژەحرێکی دەداتێ} ئەم ژەحرە زۆر تیکسرپماوە. دەرجا پیاو تەفروتوونا دەکا.

**رومێئو**{ئاڵتونەکەی دەداتێ}: ئاڵتونی خۆتە. زۆربەی خەڵک لەم‌جیهانەدا ژ بۆ ئاڵتون دەکوژرین لەباتی ئەوە بەژەحرییەوە بمرن! تۆزێک شت‌ومەکی پێ‌بکڕە. ماڵئاوا. {دکتور دەچێت} ئەم ژەحرە دەبەمە سەرگۆڕی ژوولیت. دەبێ لەوێ لێی‌بخۆمەوە. {دەڕوات}

## پشووی دووهەم؛ ماڵی فریپێر لاڤرێنس

{فریپێر دێتە نێو}

**فریپێر جان:** فریپێر لاڤرێنس! بەرادەر!

{فریپێر لاڤرێنسیش دیتە نێو}

**فریپێر لاڤرێنس**{سرتە لەگەڵ خۆی}: دەنگی فریپێر جان دێ. دەی خۆ نامەبەدەست بۆلای رومێئو راپێچی مانتیوام کردبوو. {بە فریپێر جان} بەخێربی. رومێئو چ گۆت؟ هیچ نامەیەکی نەدایێ کە بۆ منی ناردبێ؟

**فریپێر جان:** نەمتوانی بڕوم بۆ مانتیوا! قەشەیەکیترم دەویست کە لەگەڵمدا بێ، لێ ئەو قەشەیە هەر مژۆڵی چاوپێکەوتنی تاقمێک لەنەخۆشەکان بوو. پاشئەوەیش بەرپرسانی ساخڵەمی و تەندرۆستی بازێڕی ڤێرۆنا هاتن و تەنگیان پێ هەڵچنین. نەمدەتوانی ماڵەکە چوڵ بکەم و بڕوم.

**فریپێر لاڤرێنس:** کەوا پێشهات کێ نامەکەی منی بۆ رومێئو گواستەوە؟

**فریپێر جان:** کەسێکی متمانەدارم نەدۆزییەوە. گشتکەسێ لەتووشبوون بەنەخۆشیەکی بێچارەسەر سڵیان دەکرد. {نامەکەی دایە دەستی فریپێر لاڤرێنس} ئەمەیش نامەکەت!

**فریپێر لاڤرێنس**{وررووژاو و نیگەران}: چ بێبەختییەک، لەحنەت لەم چارە! نووچەگەلێکی زۆر گرنگ بۆ رومێئو لەنامەکەدایە. فریپێر جان، بڕو و نوێڵێکم بۆ بهێنە!

**فریپێر جان:** بەسەرچاو، بەرادەر. {دەڕوات}

**فریپێر لاڤرێنس:** ئێستە دەبێ بەشاراوەیی بچم بۆ گومبەتی کەپیولیتەکان. لەوەچێ ژوولیتی شیرنڕوو تا سێکاتژمێری داهاتوو، لەخەو ڕابچڵەکێ و ئینجا دەبینێ رومێئو لەوێ نیە! لەگەڵئەوەشدا دەبێ دیسان نامەیەکیتر ئاراستەی رومێئو بکەم و تاکوو خۆی بگەیەنێتە ئەوێ، دەنێو ئەم ماڵەی خۆمە لەژوولیت پارێزگاری ئەکەم. خاتوونی قەشقە و داماو، لەگومبەتدا و دەگەڵ پیاوەمردووەکاندا کە بێ، هاتوهاوار ئەکا و دەقیرێنێ!

## پشووی سێهەم؛ باخی کەنیسە و گومبەتی کەپیولیتەکان

{پاریس و ڕاژەوانەکەی دەگەنە بەرەو و چراتۆڕ و چەپکەگوڵێکیان بەدەستەوەیە}

**پاریس:** ئەو چراتۆڕەمە بدەیێ، کوڕە. لەباخی کەنیسەکەدا بوەستە. نا، چراکەت بکۆژێنەوە. نامەوێ هیچ گیانلەبەرێک بمانبینێ. لەپشتەوەی ئەو دارودرەختانەوە خۆت بشارەوە و لەسەر ئەرد هەڵاژیە. گوێت تەختی سەرزەوی بکە و بە-تیژی گوێڕادێرە. ئەگەر چپەی کەسێکت ژنەفت، بەخێرایی بانگم بکە. ئەو گوڵانەم بدەیێ. هەروا کە پێتم گۆت، ئیشەکانم جێبەجێ بکە. دەی ئیتر بچو.

**ڕاژەوان**{سرتە لەگەڵ خۆی}: بەتەنیا بم لێرە هەترەم دەچێ و دەترۆقم. بەڵام هەوڵی خۆمدەدەم. {بەرەودوا پاشەکشە ئەکا}

**پاریس**{بەرەولای گومبەتەکە دێتە پێشێ}: ئەی گوڵی خۆشبۆنو بەرامە و ناوێنە، هاتووم بەسەر گڵکۆکەت ئەم گوڵانە دابنێم. {خزمەتکارەکەی پاریس بەهەڵپەوە پاریس بانگهێشت دەکا} دەنگ دێ! کەسێک لەڕێیە و دێتە ئێرە. بەڵام کێیە؟ چرایەکیشی بەدەستەوەیە. خۆم حەشاردەدەم. {پاریس خۆی دەشارێتەوە}

{رومێئو و بالتاسەر دێن، چرا و نوێڵێکیان بەدەستەوەیە}

**رومێئو:** ئەو نوێڵەمە بەرێ. {نامەیەکی لەباخەڵ دەرهێنا و دایە بالتاسەر} بەیانی ئەم نامەیە بدە بەباوکم. ئێستە ئەو چرایەم بدەیێ. دەمەوێ کێل و گومەزیەکەی تێکبشکێنم تاکوو دیسان قەڵافەتی ژوولیتم چاوپێبکەوێ. ئینجا دەمە-وێ ئەنگوستیلەکەی لەو قامکەبێگیانەیدا دەربهێنم. برِو کە گەر چاوەنوارِیم بکەیت، دەتکوژم!

**بالتاسەر**: دەچم جەناب. گوێڕایەڵت دەبم.

**رومێئو:** ئەتو هەڤاڵێکی باشی. {پارەی دەداتێ} ئەمە بگرە. بژی و خۆشی ڕابوێری. ماڵئاوا.

**بالتاسەر**{سرتە لەگەڵ خۆی}: دەچم و لەبنارێکی نێزیک ئێرەدا خۆم حەشاردەدەم. پێموایە پلانێکی مەترسیداری لە-مێشکدایە.

{بالتاسەر خۆی حەشاردەوە. رومێئو بەشکاندنی گومەزیەکە هەڵدەستێ}

**پاریس:** ئەم کوڕە هەر ئەومۆنتاگیو خۆنازەیە کە تایبالتیخاڵوزامی لەناو برد. هاتووە کەرەسە و کۆتاڵ لەگومبەت بدزێ؟ ڕاوەستە، مۆنتاگیوکە! هەی لەگەڵ تومە وەرە ئێرە، ئەتو دەبێ بمری!

**رومیئو:** هەر وایە، ئەز دەبێ بمرم. هەر بەوهۆیەش ئالێرەم. گوێم بۆ شل‌بکە شوڕەلاو، ئاگات‌بێ گیروگێرمەم بۆ ساز نەکەی. تووڕەشەم نەکەی ئەمان- نامەوێ خەسارت پێ‌بگەیێنم. دوور کەوە لێم!

**پاریس**{خەنجەرەکەی دەرهێنا و هەڵمەتی بردە سەر رومیئو}: نا، نایکەم!

**رومیئو:** باشە، کەوایە خۆت گەرەکت بوو! {خەنجەرەکەی دەرهێنا و پەلاماری خستە سەر پاریس} ئەوە بگرە کوڕە!

{پاریس و رومیئو ئاوری شەڕیان هەڵکرد}

**ڕاژەوان:** خەریکی شەڕن! دەڕوم و ئەمنیەکان بانگ ئەکەم.

{ڕاژەوانەکە هەڵدێ. پاریس بریندار بووگە و چوکی داوە}

**پاریس:** ئاخ کە مردم! تکایە چاکەم لەگەڵدا بکە و سەری ئەوتابووتە بکەرەوە و جەستەکەم لای ژوولیت بنێژە. {پاریس کۆچی دوایی کرد}

**رومیئو:** باشە، وا ئەکەم! داخۆ ئەم گەنجە کێ بێ؟ {بە سەرسووڕماوی سەیری دەکا} خزمی میرشیتیۆیە؛ پاریسی لێهاتوو! بەڕێگاوە کە دەهاتم ئەو ڕاژەوانەم چی پێ‌گۆتم؟ مەر نەیوت پاریس دەیویست ژوولیت مارەبکات؟ یان من خەونی پێ‌دەبینم؟ ئەوە من شێت نەبووگم؟ {دەستی پاریس دەگرێ} ئاخ ئەو دەستەت بدەیە من- تو ئەی کوڕە تازەپێگەییوی بێ‌بەخت‌تر لەمن! دەنێو گۆڕێکی شیاودا دەتنێژم. {تابووتەکە دەکاتەوە و جەستەی ژوولیت دەبینێ} ژوولیت لێرە نێژراوە. ئاخ کە چەندە جوانکیلە، ژیکەڵ و خنجەیە. ژوولیت ئەم‌گومەزیە تاریکە بەتیشکی ڕوومەتی دائەگرسێنێ. {رومیئو لاشەی پاریس نێو تابووتەکە و دەچێت بەدووی ژوولیت‌دا} ئاخ ئەڤین و هاوژینەکەم! نەۆ ڕەنگ‌وتینێک بەڕوخساری عاشقانەتدا ماوە. {لەگومبەتەکەدا چاوی بەلاشەی تاییالت دەکەوێ} ئاخ تاییالت، ئایا بەجل‌وبەرگی خوێنینەوە لەوێ نێژراوی؟ ئەز ئەوکەسەم ئەتوم لەناو برد! ئێستەیش دەمهەوێ خۆم بکۆژم. لێم‌ببوورە خاڵوزا! ئای، ئای ژوولیتی خۆشەویست دەزانی هێشتا شەپال و مانگ‌ڕوخی؟ ئەی چاوەکانم بۆدوایین‌جار سەیری ژوولیت بکەن! {دەستەکانی بەدەور ژوولیتەوە دەئاڵێنێ} ئەی دەست‌ومەچەکەکانم بۆدوایین‌جار لاشەی ژوولیت بە- دەستەوە هەست بکەن! {ژوولیت ماچ ئەکا} و ئەی دەمەکەم بۆدوایین‌جار ماچی بکە. ئیدی کاتی ئەوەیە خۆم بکۆژم. {بۆتڵە پڕلە ژەحرەکە دەردەهێنێ و دەینۆشێ} ئاخ دکتور کە ژەحرێکی پڕهێز و کارامەت دامێ. بەخێرایی کارتێکەری خۆی دەنوێنێ! {باسک و دەستی ژوولیت ماچ دەکا} بە ماچێکیشەوە سەرئەنێمەوە. {بەسەر زەوی پاڵ‌دەکەوێ و دەمرێ}

{فرییێر لاڤرێنس بەخێرایی دێتە نێو باخی‌کەنیسەکە و چراونوێڵێکی پێیە}

**فریێر**: ئەم پێ‌ولاقانەم ئەمشەو بەسەر گۆڕگەلێکی زۆردا کەوتوون! {گوێ شل‌ئەکا، پاشان دەنگ بەرزئەکاتەوە} کێیە لەوێ؟

**بالتاسەر**{دێ بەرەولای}: پیاوێک ئەی جەناب کە دەتناسێ.

**فریێر**{حەپەساو و شڵەژاو}: پێم‌بڵێ هەڤاڵەکەم، ئەوچرایە چییە لەوێ؟ پێم‌وابێ گومبەتی‌کەپیولیتەکان ئاگری تێ‌بەربووگە.

**بالتاسەر**: وایە جەناب! ئاغەی من لەوێیە؛ ئەو کەسەی دەگەڵتدا دۆستایەتی پتەو و گەرمی هەیە.

**فریێر**: کێیە؟

**بالتاسەر**: رومێئو.

**فریێر**{واق‌وڕماو}: ماوەیەکی زۆرە لەوێیە؟

**بالتاسەر**: نزیکەی نیو کاتژمێر.

**فریێر**: وەرە لەگەڵمدا بێ بۆ گومبەتەکە.

**بالتاسەر**: ناتوانم جەناب. ئاغەم ئاگای لەوەنییە ئەز لێرەم. گەر پێم‌بزانێ دەمکوژێ!

**فریێر**: باشە، کەوایە لێرە بمێنەوە. بەتەنێ دەچم. هەست دەکەم شڵەژاو و ترساوم. لەوە سڵ‌ئەکەم ڕووداوێکی دڵتەزێن بێتەپێش.

**بالتاسەر**: دەوچەلەیدا لەژێر لق‌وپۆپی ئەم‌درەختەدا نووستبووم، خەونێکم دی. خەونم‌بینی ئاغەم پیاوێکی‌تری کۆشت.

**فریێر**{لەوساتەی‌دا بەرەو دەرگاکەی گومبەتەکە دەچێ}: رومێو! {خوێنی گەرم و خەنجەرێک بەسەر ئەردەوە دەبینێ} بۆچ لەسەر ئەم‌بەردانە خوێن دەبیندرێت؟ و ئەم‌خەنجەرگەلە لێرە چ دەکەن؟ {دەڕواتە نێو گومبەتەکە و چاوی بەجەستەی رومێئو دەکەوێ} رومێئو! کوچی خەیری هەتاهەتاییت کرد؟! {لاشەی پاریسیش دەبینێ} ئەمە کێیە؟ پاریس، ئەتویش؟ ئاخ کە چ کارەساتێکی تاڵ ڕووی داوە. {ژوولیت دەجووڵێتەوە} و ژوولیتیش ڕادەچڵەکێ!

{ژوولیت هەڵدەستێ}

**ژوولیت**: ئای باوکەفریێر! رومێئو کوانێ؟ ئەز کە لەجێژوانەکەدام. بەڵام، بەڵام رومێئو لەکوێیە؟

{دەنگەدەنگ و غەڵبەغەڵبێک لەدەرەوە دەبیستدرێ}

**فریپێر**{ترساو}: هەراوبەزمێک دەبیسم! خاتوون وەرە لەم هەوارگەی مەرگە دوور بکەوینەوە. تێکڕای پلانەکانمان بەهە-
لە چوونەتە پێش. هاوسەرەکەت ئۆقرەی مەرگی گرتووە و پاریسیش هەربەو چەشنە. ژ بۆ پرسیارکردن لێرە ڕامەوە-
ستە. ئەمنیەکان خەریکن دێن. {فریپێر هەوڵدەدا کە ژوولیتیش لەگەڵخۆیدا ڕابکێشێ} وەرە ژوولیتی ئازیز! دەترسم
لێرە بمێنمەوە.

**ژوولیت**{فریپێر دوور ئەخاتەوە}: تو برو! نامەوێ ئەمهەوارگەیە چوڵبکەم. {فریپێر دەڕوات. ژوولیت چاوی دەکە-
وێ بەلاشەی بێگیانی رومێئو کە لەسەر زەوی ئێژراوە، خۆی دەخاتە سەری و بۆتڵەکە لەدەستی رومێئووە دە-
بینێ} ئەم بۆتڵە لەدەستی ئەمدڵدارە وەفادارەم چ دەکا؟ {بۆنی هەڵدەمژێ} ژەحرە! بەمجۆرە لەمژیانە چاوی
لێکناوە؟! ئاخ رومێئوی من، هیچێکت بۆمن لەوژەحرە جێنەهێشتووە و بەبێپاشماوەم. ئای کە دەمەوێ لێوی
ئاڵت ماچ بکەم؛ ڕەنگبێ لەوساتەی‌دا کەلێوت دەمژم هێشتاکە نەختێک ژەحر بەلێوانتا مابێتەوە. ئینجا دەتوانم تامی
چەشکە بکەم و لەمەرگدا بێمەوە لات و لەوێ پێکبگەین. {رومێئو ماچ ئەکا} دەمەکەت هێشتا گەرمە، لێوئاڵم!

**ئەمنیەی یەکەم**{لەدەرەوەی گومبەتەکە}: کوڕە پێشمبکەوە؛ ئا لەم ڕێگاوە.

**ژوولیت**: دەنگ‌وقاڵەیەک دێتە گوێم؟! دەبێ پەلە بکەم. {ژوولیت چەقوەکەی رومێئو دەبینێ و هەڵیدەگرێ} ئاخ ئەی
چەقوە تیژ و کارامە! ئەی هەڤاڵی من! جەستەکەم دەبێتە دوایین جێ حەسانەوەی تو!

{چەقوەکە دەچەقێنێتە زگی خۆیەوە و بەمردوویی ئەکەوێتە سەر ئەرد}

{ڕاژەوانەکەی پاریس لەگەڵ شەش‌گلە ئەمنیەی دیکە دەگەنە ئەوێ}

**ڕاژەوان**: ئێرە شوێنەکەیە، ئێرەیە ئەو شوێنەی کە چراکە هەڵکرابوو!

**ئەمنیەی‌یەکەم**{بە ئەمنیەکانی دیکە}: زەوی بەخوێن داپۆشراوە. بەوردی بپشکنن و باش سەرنجتان ڕابکێشن. کە-
سێکی گومانلێکراوتان دۆزییەوە، ڕاپێچی ئێرەی بکەن. {ئەمنیەی دووهەم، سێهەم و چوارەم بۆ گەڕان دەڕون.
ئەمنیەی یەکەم لاشەکان دەبینێت} بەڕاس جەرگبڕ و نامۆ و دەگمەنە. پاریس لێرەیە و تیاچووگە و ژوولیت!! ئەو
کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر کۆچی دوایی کردبوو! بەڵام لێرەیە و لاشەگەرمیشە و خەڵتانی خوێن! برو و ئەم ڕووداوانە بە-
شازادە ڕابگەیێنە. بەخێرایی بچو و کەپیولیتەکان ئاگادار بکەوە. مۆنتاگیوکان هەڵسێنە.

{ئەمنیەی پێنجەم‌وشەشەمیش دەڕون. ئەمنیەی دووهەم‌وسێهەم دەگەڕێنەوە و بالتاسەریان دەست‌بەسەر هێناوە}

**ئەمنیەی دووهەم**: ئەمە ها خزمەتکارەکەی رومێئو. لەمبنارانە دۆزیمانەوە؛ لەباخی کەنیسەکەدا جێخۆش کردبوو.

**ئەمنیەی یەکەم**: هەتا گەیشتنی شازادە، بەدڵنیاییەوە چاوەدێری بکەن.



"... ئاخ ئەی چەقوە تیژ و کارامە! ئەی هەڤاڵی من! جەستەکەم دەبێتە دوایین جێ حەسانەوەی تو!"

{ئەمنیەی چوارەمیش دێتەوە و فرییێر لاڤرێنسی پێیە}

**ئەمنیەی چوارەم:** ئەمەیش فرییێر لاڤرێنس کە زۆریش ترساوە. لەباخی کەنیسەکەدا نوێڵ‌بەدەست بوو.

**ئەمنیەی یەکەم:** زۆر چاکە، فرییێریش بگرن!

{شازادە لەتەک ڕاژەوانەیلی دەگەنە ئەوێ}

**شازادە:** بەم دەمەوکازیوەیە چ ڕووداوێکی تۆقێنەر ڕوویداوە؟ بۆچ منتان لەخەو زڕاندووە؟

{میر و خاتوونی‌کەپیولیت دەگەڵ ئەمنیەی پێنجەم گەیشتنە ئەوێ}

**میری‌کەپیولیت:** ئەم‌هەموو ویزەویز و هەراوهۆریایە بۆ چییە؟

**خاتوونی‌کەپیولیت:** خەڵکی دەنێو شەقام و گەڕەکەکاندا بەرەو گومبەتەکەمان ڕا دەکەن.

**شازادە:** چ قەوماوە؟

**ئەمنیەی یەکەم:** جەناب! لاشەی پاریس ئالێرە بەمردوویی ڕاکێشراوە و رومێئویش کوچی‌دوایی کردووە. ژوولیتیش دوو ڕۆژ پێش‌ئێستە تیاچووبوو، لێ لاشەکەی هێشتاکە گەرمە.

**شازادە:** بپشکنن بزان چلون ئەم‌ڕووداوگەلە ڕوویداوە!

**ئەمنیەی یەکەم:** ئەمە قەشەکەیە و ئەمەیش خزمەتکارەکەی رومێئو. وان بۆ شکاندنی تابووتەکان نوێڵیان بەکارهێنابوو.

**میری‌کەپیولیت:** ئاخ ژنێ، بنوارە بەکیژەکەمان! ئەو چەقوە وا لاشەی کەوڵ‌کردووە، چەقووی مۆنتاگیوکانە.

**خاتوونی‌کەپیولیت:** ئای کە ئاواتەخوازی مەرگم! مردن لەکوێیت؟!

{میری‌مۆنتاگیو لەتەک ئابرام و شەش‌کەس لەئەمنیەکان دەگەنە ئەوێ}

**شازادە:** وەرە مۆنتاگیو. ئەوە توی بەم کات‌وساتە ئالێرەیت و لاشەی‌مردووی کوڕەکەت لەبەرچاوە؟

**میری‌کەپیولیت:** هاوسەرەکەم دوێنێ‌شەو بەهۆی خەم‌وخەفەتی لەشاربەدەرکردنی رومێئو گیانی لەدەست‌دا. داخۆ دەبێ لەم دوایین تاڵەچرکەیلی پیریمەوە، ئیدی ژان و ڕەنجی کامە هەواڵی‌ترسێنەر بەکوڵ بکێشم؟

**شازادە**{ئاماژە بە جەستەی بێ‌گیانی رومێئو دەکا}: بنوارە، ئینجا بۆخۆت دەیبینی!

**میریمۆنتاگیو**: داخ‌وئاخ، خۆم‌ڕۆ کوڕەکەم! پێش لەمن ئالەم جیهانە ئازیەت‌بارە ڕۆیشتی ؟!

**شازادە**: لەوەزێدەتر پەرەیمەدەنێ. ئێمە دەبێ لەسەر چۆنێتی ڕوودانی کارەساتەکان، لێبکۆڵین. با پرسیارەکانمان ئاراستەی فرییێر بکەین.

**فرییێر**: ئەز ئەم‌لاوانەم نەکوشتووە، بەڵام سەبارەت بە کوچی‌دواییان زانیاریگەلێکم بەدەستەوەیە.

**شازادە**: دەی زوو هەرچی دەزانی، بۆمانی بێژەوە.

**فرییێر**: ئێستە بۆتانی باس‌ئەکەم. ڕومێئو هاوسەری ژوولیت بوو. ئەز مارەیانم کرد. دەوچەلەیدا تایبالت تیاچووبوو ڕومێئو لەڤێرۆنادا شاربەدەر کرا. ژوولیتیش بۆ ڕۆمێئو دابوویە پرمەی‌گریانەوە. {بە میری‌کەپیولیت} ئەتویش دە-تویست بەزۆرەملانێ ژوولیت بەمارەیی پاریس دەربهێنی. ژوولیتیش هانای بۆ هێنام هاریکاری بکەم. ئەزیش هە-توانێکی تایبەتیم دایە ژوولیت بینۆشێ. هەمووکەسێ پێ‌وابوو تیاچووگە. پاش‌ئەوەش نامەیەکم بۆ ڕومێئو کە لەمانتیوا بوو، نارد و داوام لێ‌کرد بگەڕێتەوە. هەرچەند بەداخەوە نامەکەم بەدەست ڕومێئو نەگەیشت، کەواهاتە پێش، منیش بەتەنێ هاتمە گومبەت. بەڵام کاتێک گەیشتمە ئێرە چاوم‌کەوت بەلاشەی ڕومێئو و پاریس. دوای‌ئەوەش ژوولیت لە-خەو ڕاچڵەکا. لێ‌پاڕامەوە لەگەڵمدا بێت، بەڵام تەفرەچوو. ژوولیت مایەوە و خۆی تەفروتوونا کرد. سەرپەرشتیارەکە-یش سەبارەت بەم‌پەیوەندیە نهێنی‌ودووقوڵیەی نێوان ڕومێئو و ژوولیت ئاگادارە. ئەگەر ئەم‌کوڕە گەنجانە لەبەرخاتری من مردوون، وەرن ئەم ژینەپیرەی منیشە بگرن.

**شازادە**: ئێمە هەمیشە تومان بە قەشەیەکی زانا و ژیر زانیوە. خزمەتکارەکەی ڕومێئو لەکوێیە؟ ئەو چ زانیاریگەلێکی لەمەڕ ئەم دۆزەوە هەیە؟

**بالتاسەر**: ئەز هەواڵی کارەساتە هەژێنەرەکەی مەرگی ژوولیتم بۆ ئاغەکەی خۆم لەمانتیوا گێڕایەوە. ئەوەیش بەهەڵپەوە هاتە ئێرە. {نامەکەی ڕومێئو دەرئەهێنێ} ڕومێئو پێمی‌ڕاسپاردبوو ئەم نامەیە بدەمە باوکی. پاشان دەستووری دامێ ئێرە چوڵ بکەم و تابووتەکەی شکاند.

**شازادە**: نامەکەم بەرێ. {بالتاسەر نامەکەی دایە شازادە} خزمەتکارەکەی پاریس لەکوێیە؟ بۆچ ئاغەی تو لێرەبوو؟

**ڕاژەوان**: هاتبوو گوڵچنێ لەو چەپکەگوڵە خۆش‌بۆنانە لەسەر گۆڕی‌ژوولیت دابنێ. پیاویک هاتوو و تابووتەکەی شکاند. ئاغەم چووبەگژیدا. کەواپێش هات منیش بەڕاکردن هەڵاتم تا ئەمنیەکان ئاگادار بکەمەوە.

**شازادە**{لەو دەمەیدا نامەکە دەخوینێتەوە}: ئەم نامەی ڕومێئووە ئەڤینی بەرامبەر بەژوولیت بەیان‌دەکا و هەروەها شرۆڤەی چونێتی مەرگی خۆی! بۆتڵەژەحرێکی لەپزیشکەکەی مانتیوا کڕیبوو. دوای‌ئەوە هاتووەتە ئێرە خۆی بکوژێ.

رومێئو دەیویست دوایین دەمەسات و هەناسەی ژیانی لەلای ژوولیتدا بێ. {بە دەوروبەریدا چاو دەخشێنێ} ئەم نەیارانە لەکوێن؟ کەپیولیت، مۆنتاگیو! ئاکامگەلی هۆڤانی و ترسهێنەری ڕقی نێوانتان سەیر بکەن! منداڵە جگەرگۆشەکانتان مردوون و ئەزیش نەمتوانی لەم‌ئاژاوەیە بەرگری بکەم. لێرەدا ئەزیش تاقمێک لەخزمەکانم لەدەستداوە. ئێستە ئێمە هەمووومان دەبێ سزا بدرین.

**میری‌کەپیولیت**{دەستی دۆستایەتی و ئاشتی بۆ میری‌مۆنتاگیو درێژ دەکاتەوە}: ئەو دەستەتم بدەیێ براکەم! وەرە لەمەوبەدوا هەڤاڵی یەکتری بین. ئەمن ئیدی هیچم لەدەست نایێ تا بۆ کیژەکەمی بکەم.

**میری‌مۆنتاگیو**{دەستی درێژبووی کەپیولیت دەگووژێ}: بەڵام ئەز دەتوانم! لەنیگارکێشێ داوائەکەم وێنەیەکی ژوولیتم بۆ بکێشێ.

**میری‌کەپیولیت**: ئەمنیش ئەوە بۆ رومێئو دەکەم. وێنەی رومێئو لەلای وێنەکەی ژوولیت لەباڵاخانەی گۆڕەپانی باژێڕەکەماندا هەڵدەواسین. ئینجا هەموو مرۆڤێک لەچیرۆکی ئەڤینیان ئاگادار دەبێ.

**شازادە**{بە هەموان}: ئەم "بەیانی"یە، جۆرە خوڵەمێشێکی تەبایی و ئاشتیمانی بۆ هێنایە دیاری. هەتاوێک سەرچاوەی پەژارە و تفت‌وتاڵی بێت، دەسەرانسەری ڕۆژدا نادرەوشێتەوە. بەدرێژایی مێژوو و تابەئێستە، چیرۆکێک خەمبارتر لە "رومێئو و ژوولیت" نەخوڵقێندراوە!

{هەموان بەهێوری سێنەکە بەجێ‌دێڵن. ئەمنیەکان، لاشەکانی رومێئو، ژوولیت و پاریس دەبەن}

<<**کۆتایی**>>

# وشەدان

| | | | |
|---|---|---|---|
| **لێ** | بەڵام | **هۆزانڤان** | شاعیر |
| **پێنگاڤ** | هەنگاو | **ئاخاڤتنکەر** | قسەکەر |
| **تیکسرماو** | بەهێز | **گۆڵمەز** | گاڵتە |
| **زەق** | بەرجەستە | **دلۆڤان** | میهرەبان |
| **پان‌وپۆڕ** | بەرفراوان | **پێکدادان** | شەڕ |
| **پەیڤ** | قسە | **باژێر** | شار |
| **پسپۆڕ** | شارەزا و لێزان | **گازندە** | ڕەخنە |
| **تەنگژە** | ناکۆکی | **هوون** | ئێوە |
| **جڤاک** | کۆمەڵگا | **کەرەستە** | ئامێر، کەلووپەل |
| **بیرمەند** | بیردۆز، بیریار | **پزیسک** | بلێسە |
| **قرچۆک** | چەکل | **چێکرن** | درووست کردن |
| **هەژیان** | بەنرخ | **هاولف** | ڕێک وەک خۆی |
| **بەپێز** | پاکژ و خاوێن | **ئاپۆرە** | جمکۆ |
| **ڕکن** | قین‌هەڵگر | **هەرەوەزی** | کۆمەڵی |
| **کەوڵکردن** | پێست‌هەڵکەندن | **تەوفیر** | جیاوازی |
| **دەگمەن** | کەم، دانسقە | **کاوەخۆ** | سەبوور |
| **ژیکەڵ** | لووس و باودڵ | **لیوە** | شێت |
| **کۆتاڵ** | شت‌ومەک | **بەرسف** | وەڵام |
| **چەرپا** | قەرەوێڵە | **شوورە** | دیوار، حەسار |
| **شەوەزەنگ** | تەشقی تارمایی شەو | **هەڵتەک‌هەڵتەک** | گۆلە گۆل |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **بیاف** | فەزا | **خڕومڕ** | قەڵەو |
| **گۆڤەند** | شایی | **ئێسک‌سووک** | ڕەزاسووک |
| **وەگەردیەک** | لەگەڵ یەکدی | **هەڵپە** | پەلە |
| **شەوەکی** | بەیانی | **گۆلەگۆل** | هەڵتەک هەڵتەک |
| **هەتوان** | دەرمان | **هێدی‌هێدی** | وردە وردە |
| **فرت‌وفێڵ** | دەهۆ | **ببڕای‌ببڕ** | قەد قەد |
| **باڵەفڕێ** | بەزۆرەملێ ڕاکشان | **تەفروتوونا** | نابوود کردن |
| **toovk و نزا** | نەفرەت و دۆعا | **لهەڤ** | شیک |
| **پەناوپەسیو** | گۆشە و کەنار | **لەبڕاننەهاتوو** | بێ‌ئەندازە |
| **هزر** | بیر، فیکر، ئەندێشە | **غەڵبەغەڵب** | هەرا و هۆریا |
| **بەشێنەیی** | هێمنانە | **دانسقە** | نایاب |
| **نووچە** | هەواڵ، خەبەر | **ئاوارتە** | استثنا |
| **هانە** | کانی | **تەتەر** | نامەبەر |
| **ناو و ناتۆرە** | لەقەبی ناشیاو | **قەرقەشە** | چەرمەسەری |
| **تاقەت‌پڕووکێن** | ئیشی زەحمەت و ئاستەم | **قەشقە** | کڵۆڵی |
| **نەستەق** | قسەی هەژیان | **زاتار** | بوێر |
| **بزر** | ون | **ژنەفتن** | بیستن |
| **خۆیا** | ئاشکرا | **حەپەساو** | شڵەژاو |
| **کازیوە** | سپێدە | **ڕووەک** | گیا و نەمام |
| **لێڵ‌ولوێر** | تار | **گچکە** | بچووک |
| **حریتەحریت** | پێکەنینی بێ‌شەرمانە | **نهۆ** | هێشتا |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **ڕندۆک** | ئەسرین، فرمێسک | **خشکۆک** | زراف و جوان |
| **ڕاژەوان** | خزمەتکار | **لێزوگزێر** | خزمەتکار و ... |
| **قەشە** | ڕاهێب | **مخابن** | بەداخەوە |
| **چەورە و شەلاتی** | ئاژاوەگێڕ | **گەلحۆ** | گەمژە |
| **مژۆڵ** | خەریک | **گرژومۆن** | تووڕە و وەڕەس |
| **دەوچەلەیدا** | لەو دەمەیدا | **نەیار** | بێگانە، دوژمن |
| **خەنیم** | ڕکەبەر | **تروپک** | پۆپە |
| **شەپاڵ** | دڵکەش | **هەژقین** | ترسان و ورووژان |
| **جەبوون** | ناشیرین | **کتومت** | ڕێک وەک ... |
| **شاتەشات** | دەنگی هەرا و بەزم | **دالگ** | دایک(کەلهۆڕی) |
| **تیرۆژ** | خۆر | | |